# مەرگەساتی ئەنفال

زەمان عەبدە

چاپی یەکەم – بەرگی یەکەم
هەولێر - ٢٠١٠

لەبڵاوکراوەکانی

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

ژمارە (٨)

**ناوی کتێب: مەرگەساتی ئەنفال**

**ناوی نووسەر: زەمان عەبدە**

**پێداچوونەوەی: خالید کاوێس**

**تیراژ : (١٠٠٠) دانە**

**تایپ و نەخشەسازی: نووسینگەی هیوا**

**چاپی یەکەم ٢٠١٠- بەرگی یەکەم**

**چاپ : چاپخانەی منارە — هەولێر (٠٧٥٠٤٤٥٦٢٩٧)**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە سپاردنی ( ٧٠٢ )ی
سالّی (٢٠١٠)ی دراوەتێ

پێشکەشە بەوانەی هەست

بەئازارەکانی ئەنفال دەکەن

# پێرســـت


| | |
|---|---|
| وتەیەکی پێویست | ٥ |
| پێشەکی | ٩ |
| **بەشی یەکەم**/ جینۆسایدی گەلی کورد لە کوردستانی گەورە | ١١ |
| **بەشی دووەم**/ ئەنفال... مەرگەساتی سەدەی بیستەم | ٢٥ |
| **بەشی سێیەم** / قۆناغەکانی ئەنفال ( ١٩٨٨ ) | ٤٧ |
| **بەشی چوارەم** / مەرگەساتەکانی نوگرەسەلمان | ٨٥ |
| **بەشی پێنجەم** / ئەومندالأنەی لەخێزانەکانیان جیابونەوە بەهۆی پیادەکردنی تاوانەکانی( ئەنفال ) | ١٢٥ |
| **بەشی شەشەم** / تاوانی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لەدەمی شاهیدحالەکانەوە | ١٥٩ |
| **بەشی حەوتەم** / لە گوندو ناوچە ئەنفالکراوەکانی باشووری کوردستان | ١٧٩ |
| **بەشی هەشتەم** / عاسی مستەفا ... ئەو سەربازەی لەشەڕی عیراق - ئێران دیل بووە و خانەوادەکەی ئەنفال کراوە | ٢٣١ |
| **بەشی نۆیەم** / ئەلبومی هەندێك لە قوربانیەکانی ئەنفال | ٢٤٣ |
| **بەشی دەیەم** / بەڵگەنامەکان | ٣٠٠ |

# وتەیەکی پێویست

گەل کوردستان بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی وەك نیشتمانێکی جوان و بەپیت و خێروبێر بەدرێژایی مێژوو بووەتە جێگەی سەرنج و چاو لێبڕینی دەسەلاتەکانی دەورووبەری خۆی سەرەڕای بەرگری لە رادەبەدەری هەمیشە دووچاری کارەسات و نەهامەتی و دەست بڕین و داگیرکردن بۆتەوە، تا وای لێهاتووە لەچەندین شوێنی وولاتەکەی خاك و زمانەکەشی بەزۆر و زۆرداری لەدەست هێنراوەتە دەرو ئیرادەی لیێ زەوتکراوە، دەتوانین بڵێن تەنیا میللەتێکە کە خاوەنی (زمان وخاك و گەل) بێ و زیاتر لە چل ملیۆن کەسیشە کەچی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پێ ڕەوا نابینرێ، روداو و ئەزموونەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەوە دەیسەلمێنن گەلەکۆمەکی و پیلانی ناحەزان لەگەڵ نەبوونی یەك دیدو بۆچوون لەلای کورد خۆی وای کردووە کوردستان بووە بە جێگەی ململانێ و یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندیەکان، ئەگینا رێککەوتنامەی سیڤەر ئەگەر ئەو دوو خاڵەی سەرەوە نەبووایە لەمێژ بوو کوردستان ببوو بە دەوڵەت لانی کەم لەسنووری ویلایەتی مووسڵ. کە گومانیشی تێدا نەدەبوو رۆژهەلاتی کوردستانیش دەبوو بە بەشێك لەو دەوڵەتە کوردییە کەچی رەوڕەوەی مێژوو بەپێچەوانەی ویست و خواستی گەلی کوردستان بوو ئەو باجە گەورانەی تا رۆژی ئەمڕۆش دەدرێ ئەوا لە ئەنجامی پیلانی هەمەلایەنەی دەوروپشتمان لەگەڵ هەڵس و کەوتمان کە لە ئاستی پێویست نەبووە، پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ (چی بچینیت ئەوە دەدوورێتەوە) کەچی خەبات و بەرخودانی نەپساوەی گەلەکەمان رێك پێچەوانەی ئەم پەندە

بووەو سووڕبوونیش لەسەر بەدیهێنانی ئاواتی دێرینی کۆمەلایەتی خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ تا سبەی هەر دێتە دی.

یەکێك لەو کارەساتانەی کە تووشی میللەتەکەمان هات لە باشووری کوردستان جینۆساید بوو ئەویش لەسەر دەستی گەورە تاوانباری مێژووی سەردەم (سەدام حوسێن) کتێبی مەرگەساتی ئەنفال هەوڵ و تێکۆشانێکی بێ ووچانی پێوە دیارە کە نووسەری بەڕێز کاك (زەمان عەبدە) هێناویەتیە بەرهەم، بەڕاستی جێگەی دەستخۆشی لێکردنە، ئەم کتێبە کارێکی بایەخدارە بەوەی خزمەت بە پرسی کوردو کوردستان دەکات لە رووی مێژوویی – یاسایی– سیاسی، بۆ ئایندەش لەرووی دیبلۆماسی.

ئەم کتێبە هەڵدانەوەی مێژوویەکی نزیکە بۆ ئەوەی نەوەی ئەمڕۆ راستەوخۆ و باشتر لە ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردنی کوردستان تێ بگات کاری لەسەر کاریگەریەکانی ئابووری و کۆمەلایەتیی دەروونی جینۆساید بکات،ـ ئەم کتێبە گرنگیەکی تری هەیە کە گەلی کوردستان دەتوانێ لەنێو دام و دەزگاکانی نێودەوڵەتیش ئەم مەترسیە بخاتە ڕوو وەك هەڕەشەیەك، ئەمەش رێگایەکە بۆ دەربازبوون لەژێر دەستی چەوساندنەوە تا مافی چارەی خۆنووسین بە گوێرەی بنەماکانی بەندی حەوتی (UN) سەرەڕای ئەمانەش ئەم کتێبە دەکرێ سوودێکی گەورەی لێ وەربگیرێ بۆ کاری هونەری دواتر گەورەترین بەرهەمی هونەری لێ دروست بکرێ لەسەر جینۆسایدی گەلی کوردستان، بەتایبەتی مەرگەساتی ئەنفال و زیندووکردنەوەی چیرۆکی شایەتحاڵەکان هی ئەو منداڵانەی کە لە خێزانەکانیان دابڕاون و یاخود جیا کرابوونەوە. نووسەور ئەمانەشی زۆر بەووردی وەکو خۆی گواستۆتەوە.

کارێکی تری نووسەر هەوڵی داوە لەرێی بەڵگەنامەکان راستیی و دروستیی و دڵنیایی ببەخشێ بەخوێنەر.

ئەم کتێبە زۆر ئەوەندە دەهێنێ کەوا بەم شێوەیە هەڵی سەنگێنین، چونکە هەرچەندە لەسەر جینۆسایدی گەلی کورد بگوترێ و بنووسرێ هەر

کەمە، ئەمە ئەرکی دەزگایەکی حکومییە کە هانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە بدات لەهەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەوەی دەیان کتێب و فیلم و دیکۆمێنت بڵاو بکرێتەوەو هەندێکیشیان وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی ئیگلیزی، عەرەبی، فەرەنسی، ڕووسی...هتد بۆ ئەوەی خوێنەرانی گەلانی تریش لەجینۆسایدی گەلی کورد بگەن ئەمەش وای لێدێت پشتگیری پەیدا ببێ لەئایندەدا، پرسی زۆرلێکراوی میللەتەکەمان لەسۆز و یارمەتی گەلان بگۆڕدرێ بەپرسێکی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی ئەرك و ماندووبوونی نووسەری ئەم کتێبە بووەتە هۆی زیندووکردنەوەی قۆناغێکی مێژوویی گرنگی گەلەکەمان جێگەی بەرز نرخاندنەو چاوەڕێی کاری ترین کاك (زەمان عەبدە) لەخۆبوردووانە وەك چۆن ساڵانێکە خەریکە هەرواش بەردەوام بێ بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی نیشتمانی. هەر لەبەر ئەم گرنگیدانەیە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەی گرتە ئەستۆی خۆی، چونکە ئەنفال لەڕووی یاسایی و سیاسی و دیبلۆماسی بەپرسێکی نەتەوەیی دەناسرێت، بەهەموو مافەکانییەوە.

**نعمت عبدالله**

**سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان**

**٢٠١٠/٦/٨**

# پێشەکی

مێـژووی میللـەتی کورد پڕە لـە نەهامـەتی وقرکـردن ولـەناوبردن ، کـە لەسەر دەستی رژێمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە ئەنجامدراوە ، هـەر جارەی بە بیانوویـەکی دروسـتکراو. دیـارە ئـەنفالیش لووتکـەی تاوانـەکان بـوو کـە لەسـاڵی ١٩٨٧ - ١٩٨٨ لـە سـەر دەسـتی سـەددامی گـۆر بـەگۆر ورژێمـە دیکتاتۆریەکەی ئەنجامدرا، ئەم تاوانەش سەرتاسەری کوردستانی گرتـەوە و تاوانەکـەش تـەنها دژی مرۆڤـەکان نـەکرا ، بـەڵکو تـاوانی ئـەنفال لـە نـاوبردنی مرۆڤـەکان وژینگـەو سروشـت ومێـژوو رۆشـنبیری وکلتـووری وجـوگرافی کۆمەڵگـەی کـوردی هتـد... بـوو، مـادام تـاوانی ئـەنفال ئـەو فراوانیـەی بە خـۆوەبینی بۆیـە کـورد پێویـستە هەڵوەسـتەی لەسـەر بکـات و بـەبیریکی تیـژکاری لەسـەر بکـات ، ئێـستا کـورد دەتـوانێ کـار لـە سـەر جینۆسـاید وناسـاندنی ئەوتاوانـە بکـات کـە لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی بیستەمدا ، دەگمەنە ، لە داهاتووشـدا دەبێ نەوەکانی ئێمە تاکوو هـەزاران ساڵی تـر کـاری لەسـەر بکـەن ، هـەر چـەندە کۆمـەڵێ کتێبـی بـاش لـە سـەر ئەنفال هەیە بەڵام هـەر چەند بنووسین هێشتا هـەر کەمە ، چونکە پێویستە لە سەر ئێمە ئەمرۆ زۆرترین زانیاری لە سەر تاوانی ئەنفال کۆ بکەینـەوە بۆ ئـەوەی بـەر چـاو روونییـەکی بـاش هـەبێت بـۆ نـەوەکانی دوای خۆمـان بـۆ ئـەوەی لـە زانکۆکـان لێکۆڵینـەوەی زیـاتری لـە سـەر بکرێـت وئـەنفال بکرێتـە میتۆدێك کـە هەمیـشە لەگەڵمانـدا بێـت بـۆ بـەرز راگرتنـی وولاتـی کـوردان و هەوڵـدان بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کـوردی و پاراسـتنی قـەوارەی سیاسـی میللـەتی کـورد. بۆیـە مـن بـە پێویـستم زانـی ئـەم کتێبـە بخەمـە بەردەسـتی خوێنـەرانی کـورد و نـەوەکانی دوارۆژی میللەتەکـەمان ، ئەگـەر لەداهاتوشـدا

تـوانیم بەرگـەکانی تـریش بەچـاپ دەگەیـەنم بۆئـەوەی زیـاتر شـایەتحاڵەکان لـەناو تـاوانی ئـەنفال زەق بکەمـەوە ، چـونکە ئـەوان بەڵگـەی زۆر بـەهێزن ، بەحوکمی ئەوەی سالأنێکە لەپرسی ئەنفال کاردەکەم ، ئەوەی لە توێی ئەم کتێبەدایـــە زیـــاتری کـــاری مەیـــدانی و بەڵگەییـــە چـــونکە گێرانـــەوەی پیـادەکردنی ئـەم تاوانـە لـە دەمـی شـایەدحاڵەکانەوە دەگێردرێتـەوە، بۆیـە دەبـیٚ ئـەم پەیامـەی قوربانیـەکانی ئـەنفال هەمیـشە لـە هـزری تـاکی کـورد بـوونی هــەبیٚ و لەبیرنــەکرێت ، چــونکە لــەبیرکردنی ئــەنفال لــەبیرکردنی میللـەتی کـوردە ، ئـەنفال خـەرمانێك تاوانـە هـەرتاکێکی کـورد بیـەوێت لـە هەربوارێکـدا پـسپۆربێت جێگـای کارەکـەی لـە بازنـەی تـاوانی ئـەنفال جێـی دەبێتــەوە ئەگــەر هونەرمەنــدبێت یــان نووســەر یــان رۆژنامــەنووس یــان مێــژووناس یــان جوگرافیانــاس.... کومــەڵناس یــان سیاســی ژینگــەپارێز هتـد..... بۆیـە دەبێـت هـەموومان بـەجیاوازی کـارو شـارەزاییمان لـە سـەر پرسـی ئـەنفال کاربکـەین و تواناکانمـان یـەك بخـەین بۆئـەوەی ئـەنفال ببێتـە قـەڵغانێك لـە تـیری دوژمنـان بمانپارێزێـت ، مـن لـە تـوێی ئـەم کتێبـەدا هەوڵمــداوە لەهەنــدیٚ سەرچــاوەی بــاوەڕپێکراو کــەڵك وەربگــرم، چــونکە جینۆسایدی میللەتی کورد هەرلە کوردستانی باشوور ئەنجامنەدراوە بەڵکو لـە پارچـەکانی تـری کوردسـتان دەیـان جـاری تـر قڕکردنـی کـوردان چـەند بارەبۆتەوە، لەسەردەمی کۆنەوە ئەم تاوانە درێـژەی هـەبووە ،بەردەوامبوونی تاوانـەکان دژی کـورد لەبـەر ئـەوە بـووە کـە کـورد قەوارەیـەکی سیاسـی گشتگیری نەبووە یان باشتر بڵێن کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبووە ...

**زەمان عەبدە**

**هەولێر ٢٠٠٨**

# بەشی یەکەم

# جینۆسایدی گەلی کورد
# لە کوردستانی گەورە

مێژووی (جینۆساید) کردنی گەلی کورد هـەر چـەندی بـۆی بگەڕێیتـەوە قولآیی مێژوو چـڕتر دەبێتـەوە ، تەنانـەت لـە سـەردەمی سـەرهەڵدانی دینی ئیسلامی پیرۆزیش عەرەبە شۆڤینیەکان لە ژێر پـەردەی ئیـسلام قڕکردنی کوردیان پیادە کردووە لە کوردستان کە، لە ساڵی ١٩٨٨یـش سەدام ئەو سیاسەتە قڕکردنەیەی لەژێر ناوی ئـەنفال کـە سـوورەتێکی قورئـانی پـیرۆزە دووبـارە زینـدوو کـردەوە. مەغۆلـەکان لـە سـاڵی (١٢٥٧)دا کاتێ دەستیان بەسەر شاری بەغدا داگرت بـە سـەرکردایەتی (هۆلاکۆ) یەکسەر لەشـکرێکی زۆری کۆکردەوە و ناردیـە سـەر شـاری هـەولێر، دوای شـەڕێکی یـەك هەفتـەیی دەسـتیان بەسـەر شـارەکەدا گرتوو سەربڕین و قڕکردنـی کـوردان لەشـاری هـەولێر بـوو بـە کـارێکی ئاسـایی لەبـەردەم لەشـکری داگیرکـەر ، هـەمان قەسـابخانەیان لـە شارەکانی تری کوردستان دووبارە کردەوە وەکو (دیاربەکر) و چەندین شوێنی تر، کە زۆر لە تیرەکانی کـورد ناچـار بـوون لـە مردنـی حـەتمی خۆیان دەرباز بکەن و ناوچەکانی خۆیان جێ بهێڵن ،کە ڕەنگـە بـوونی کورد سەر بە تیرەی (لاوان ) و (باستین) لـە وولاتـی جـەزائیر باشـترین بەڵگەی ئەم ڕاستیە بن.(مستەفا کـەمال ) یـش دوای ئـەوەی دەوڵـەتی تورکیای دامەزراندو دەسەلآتی گرتە دەسـت و تـوانی پـەیمانی سیڤەر بگۆڕێ بۆ لۆزان و هەموو بەڵێنەکان کە بە کورد درابوو پشتگوێ خـران کەلەپەیامێکدا دەڵێ : لە تورکیا تـەنیا تـورك هەیـە و کوردەکـانی بـە تورکی چیایی ناو زەند دەکرد، کە تاکو ئێستا تورکەکان پەیڕەوی ئەو سیاسەتە چەوتەی ئـەوپیاوە دەکـەن، دەوڵـەتی تـورك لـەو سـەردەمە پەرەی سەند و کەوتنـە بـەکارهێنانی هێـزی سـەربازی لـە دژی کـورد، ئەوەی کە (هۆلاکۆ) و تـەیمور لـەنگ نـەیانکرد تورکـەکان کردیـان، لـە مـاوەی چـەند ڕۆژێـك حەوسـەد گونـدیان تـەخت کـرد و تـاك و تـەرا

دانیشتوانی گوندەکان ڕزگاریان بوو، هەموو خەڵکەکەیان سەربڕی. بۆ جینۆساید کردنی ڕۆشنبیرانی کوردیش کە خەڵکی ناوچەی (وان) بوون ژمارەیان (١٠٠)کەس بوو لە مامۆستا و ئەدیب و قوتابی دەستگیر کران بە تۆمەتی ئەندام بوونیان لە حیزبی (خۆیبوون) یان هاوسۆزی لەگەڵ حزبی (کۆرین) هەر هەموویان دەست و پێیان بەستران و بەهۆی بەلەمەوە گوازرانەوە بۆ ناوەڕاستی دەریاچە و بەو حاڵەوە فڕێدرانە ناو دەریاچەکەوە کە یەك کەسیان ڕزگاری نەبوو. لە هەمانکاتدا پرۆسەی کۆچ پێ کردن بە زۆر لە کوردستان درێژەی هەبوو کە دواتریش سەدام حوسێن ی دڕندەش پەیڕەوی سیاسەتە جینۆساید ئامێزەکەی کەمالیەکانی کرد لە کوردستانی باشوور کە دوایی دێینە سەری.

لە ساڵی (١٩٣٦–١٩٣٧) تورکەکان چەقۆ خوێناویەکانیان ئاراستەی ناوچەی (دەرسیم) کرد، کە سیاسەتی تورکاندن و دزی و ڕاوەدونان پەیڕەو دەکرا جوتیارانی کورد بەڕویاندا تەقینەوە بۆ بەرگری کردن لە خۆیان، هەر کاتێ کیش تورکەکان بیانزانیبا کوردەکان کۆنترۆڵ ناکرێن دانوسان و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکردن سەرئەنجامیش هەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسایە کوردەکانیان قڕ دەکرد، شاخە بەرزەکان هەموو کاتێك پشت و پەنای کورد بوون کاتێکیش کوردەکان هێزی بەرگریان نەدەما ڕوویان لە شاخە بەرزەکان دەکرد لێرەشدا ئەوپەڕی دڕندەیی سوپای تورك بەدەردەکەوت ، هەر لە ساڵی ١٩٣٧ ژن و منداڵەکان بۆ خۆڕزگار کردن لە مردنی حەتمی دەچونە ئەشکەوتە چڕ و گەورەکانەوە بە حوکمی ئەو تۆپ باران و لێدانی فڕۆکەوە ،بەلاّم کاتێ تورکەکان زانیان ژن و منالّەکان لەناو ئەشکەوتەکانن یەکسەر کەرەستەی بیناسازیان دەهێنا و دەرگای ئەشکەوتەکانیان دادەخست و زیندە بەچاڵیان

دەکـردن یـان ئاگریـان لـە بـەردەم ئەشـکەوتەکە دەکـردەوە قانگیـان دەدان بەدوکـەڵیکی چـر تـا بێنــە دەرەوە ئــیتر جەندرمــە پێــشیان دەکەوتن بە چەقۆ ونیـزەو شـتی تـر هـەموویان دەکوشـتن ، هـەر لـەو کاتــەدا زۆرێـك لــە ژن و کـچەکان لـە بـەرزایی شـاخەکانەوە خۆیـان فرێدەدایە خوارەوە بۆ ناو دۆڵە هەزار بە هەزارەکان بۆ ئەوەی دەستی جەندرمەکان نەکەون بۆ خۆیـان داگیریـان بکـەن یـان بـە زۆر ئـەتکیان بکەن.

لـە سـالآنی سـیەکانەوە کـە سـەرهەڵدانی ڕاپەڕینـەکانی کـورد هـەر هەبوون، تورکیا زۆر گۆڕانی بەسەر داهات و چەندین جۆرە حوکمی بـە خۆیەوە بینی ،بەلآم هەڵوێست و سیاسەتی دەوڵـەتی تـورك سـەبارەت بە کورد هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهات کە وەکو سیاسەتێکی سیتراتیجی قڕکردنـی کـوردان درێـژەی هـەبوو ، هـەموو تاوانـەکانیش بەبەرچـاوی کۆمـەڵگای نێونەتـەوەیش ئەنجامـدەدرا وەنـەبێ ئاگـادار نـەبن چـونکە دەوڵەتان لەرێیگا نوێنەرەکانیان لەتورکیا ئاگاداری تاوانـەکانی وولآتـی تورکیــابوون ، هەرلەســالٚی ١٩٣٨ رادێــوی لەنــدەن دەڵــێ: (کــوردی دەرسیم لەپێناومافی نیشتیمانیو ئازادی لەتورکیاشەردەکەن).

کـاتێ (مێـرال گورسـیل) هاتــە ســەر حـوکم لـە وەلآمـی پرسـیارێکی پـەیامنێری ڕۆژنامـەی (تـایمس) ی لەنـدەنی لێـی کـە دەپرسـێ ئـاخۆ نیازی هەیە کێشەی کورد چارەسەر بکات؟ لەوەلآمدا دەڵێ:تۆ مێژووت نەخوێندۆتەوە لە تورکیا کەسانێك نین کـە پێیـان بگـوترێـت کـورد، لـە ساڵی ١٩٦٠ دیسان لـە کۆبوونەوەیـەك لـە دیـار بـەکر گـوتی: بـە هـیچ جۆرێك لەم وولآتە گەلێك نیە کە پێ ی بگوترێ کورد. هەر لـە نیـسانی ١٩٦٠ دا حکومــەتی تـورك بڕیاریـدا ئـەو کتێبـە چـاپ بکرێتــەوە کــە نووسەری تورك (شەریف فورات) لە سـی یەکانـدا لەسـەر داوای خـودی

(مستەفاکەمال) داینا بوو تا بە بەڵگەی زانستی بیسەلمێنێ کە ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن کورد لە ئەسڵدا تورکن. سیاسەتی جینۆسایدی کوردان لەسەر دەستی کەمالیستەکان ئەوەندە دەوڵەمەندە بۆیە خودی سەدام ئیرەیی پێدەهات و هەمیشەش لاسایی دەکردنەوە. چۆن سیاسەتی تورکاندن و قڕکردن لە سایەی حوکمی تورکیا دا پەیڕەو دەکرا بە هەمان شێوە و هەمان سیاسەتی ڕەگەز پەرستی . قڕ کردنی کوردان لە کوردستانی ڕۆژهەلاًتیش پەیڕەو دەکرا لە سایەی حوکمی ڕەزا شای گۆڕ بە گۆڕ. ناوچە کورد نشینەکانی کوردستان لە ڕووی خزمەت گوزاری و ڕۆشنبیری و کلتووری بە شێوەیەکی چڕ فەرامۆش کرابوون و هەموو پێشکەوتنێکی کورد لە قالب نرا بوون، وە گۆڕینی ناوی شار و گوندەکانیش لە کوردیەوە بۆ فارسی بەردەوام بوو،جگە لە قەدەغە کردنی لەبەرکردنی جل و بەرگی کوردی و ڕێ و ڕەسمە نەتەوەییەکان. سیاسەتی جێ گۆڕکێ و ڕاگواستن هەمیشە بوونی هەبووە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان ، بۆ ئەو مەبەستە لە کاتی سەر ژمێریەکان ڕاستیەکانیانی دەشێواند، وایان نیشان دەدا کە ڕێژەی کورد کەمە و یان هەر نیە ، لە ئێرانیش هەمیشە سیاسەتی کورد قڕکردن و لە سێدارەدان و لەناوبردنی ناسنامەی کورد، لەگەڵ گۆڕینی ڕژێمەکان سیاسەتێکی ئیستراتیجی بووە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە تا ڕۆژی ئەمرۆش هەر درێژەی هەیە ، کێشەی میللەتی کورد لە ئێران بێ چارەسەرکردن ماوەتەوە.

کوردستانی بەشی بەرکەوتووی سوریا واتە ڕۆژئاوای کوردستان سیاسەتی جینۆسایدی کورد لە سوریا بە شێوەیەکی ترە و تایبەت مەندی خۆی هەیە چونکە لەڕۆژئاوای کوردستان بزووتنەوەیەکی کوردایەتی چەکداری نیە واتە شەڕ نیە بۆیە ڕژێمی سوریا بە

شـێوەیەکی لەسـەرخۆ دەیـەوێت کوردەکـان لـە بۆتـەی عەرەبـدا بتوێنێتەوە ، قەدەغە کردنی بۆنە فەرمیە نەتەوەیـەکان و نەهێشتنی کلتـووری کـوردی و قەدەغـە کردنـی زمـانی کـوردی بـە تایبـەتی لـە قوتابخانەکاندا و تێکشکانی ژێر خانی ئابووری لە ناوچـە کوردیـەکان و پێ نەدانی ناسنامەبە هاوولاتی کورد لە سوریا بەمـەش مـافی هـاولاتی بوونیشی لە کوردەکان وەردەگرێتەوە کە تـاکو ئێـستاش کـورد وەکـو کۆیلـە لـەو وولاتـە ژیـان بەسـەر دەبـەن ، یـانیش وەکومیـوان دینـە هەژماردن نەك وەکـو خـەڵکیك کـە خـاوەنی نیـشتمانی خۆیـانبن ، لـە سێدارەدانی کوردانیش لـەو وولاتـە لـە دژی کـوردان کـارێکی ئاسـاییە. ڕژیمی سوریا بۆ سەرکوت کردنی ناوی کورد هەمیشە لەگـەڵ تورکیـا و ئێراق وئێران بەتایبەتی لەسـەردەمی حـوکمرانی عەرەبـە شـۆڤێنیەکان کە هاوسنووربون کۆك بووە. سـەرەڕای هـەموو ئـەم کـارە چـەپەڵانەی ڕژێمی سوریا کوردەکان بە میوان دادەنێ لە خاکی خۆیـان و دەڵـێ لـە شوێنێکی ترەوە هاتوون هەر چـەندە کـورد و عـەرەب و تـورکیش لـەو ناوچـەیە جـێگیرن.بـۆ گـۆڕینی دیمۆگرافیـای کوردسـتان بـەردەوام جێگۆڕکێ بە کوردەکان دەکـات و لـەجێ ی ئـەوان عـەرەب نیـشتەجێ دەکات ،ئەو کوردانەی کە ناسنامەی سـوریان لێ وەرگـیراوە زیـاتر لـە( ٤١٠٠٠٠ ) هەزار کەس دەبن ،تـاکو ئێـرە بۆمـان دەردەکـەوێت هەرسـێ وولاتـی سوریا و تورکیـا و ئێـران هاوبەشـن لـە قڕکـردن و لـەناو بردنـی کورد ئەگەر هەر کێشەیەکیشیان هەبێت لە ئاستی لەناو بردنی کـوردان بۆ ئەم مەبەستە کۆك دەبن.با بـزانین لـە بەشـی باشـاوری کوردسـتانی لێکنراوبە دەوڵەتی عێراق باس و خواسی قڕکردنی کوردان چ باسە؟:

سـاڵی ١٩٢١ دەوڵـەتی عێـراق دەمـەزرا پارچـەیەکی کوردسـتان بـەم دەوڵەتـەوە لکێنـرا کـە لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی گـەورە پـێ ی

دەگوترێت باشوری کوردستان،کەواتە ساڵی ١٩٢١ سەرەتایەك بوو بۆ لەناوبردن و قرکردنی میللەتی کورد ،رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق هەمیشە سیاسەتی قرکردن و گۆرینی دیموگرافیای کوردستانیان پەیرەو کردووە، ئەم کارەشیان وەکو ستراتیچ تەماشاکردوە.

لێرەدا من نامەوێت زۆر بچمە ناو ووردەکاریەکانی جینۆسایدی گەلی کورد لە چوار چێوەی عێراقدا بەلأم هەندێ لەو تاوانانە دەخەمە ڕوو چونکە لەبەشەکانی ترلەم کتێبەدا باسی جینۆسایدی کورد لەکوردستانی باشور چردەکەینەوە:

ساڵی ١٩٣٣-١٩٣٤ لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی بارزان بۆ دامرکانەوەی ئەو ڕاپەڕینە لە ئەنجامی ئەو پەلامارانەدا کە سوپای عێراق و بەریتانیا تیادا پشکداربوون (٧٩) گوند وێران کران لە ناوچەکانی بەرژۆکێ و مزوری و شێروان.

هاوینی ساڵی ١٩٦١ ڕژێمەکەی قاسم هێرشێکی کردە سەر کوردستان زیاتر لە (٣٠٠) کەس کوژران لە نێوانیاندا زیاتر خەڵکی مەدەنی بوون و زیاتر لە( ١٠٠٠٠٠) هەزار کەس ئاوارە بوون و (١٥٠) گوند وێران کران.

ساڵی ١٩٦٣دیسان شەڕ دەستی پێ کردەوە لە ئەنجامی هێرشەکان بۆ سەر گوند نشینەکانی کوردستان نزیکەی (٢٠٠) گوند سوتێنران و زیاتر لە (٢٠٠٠) هەزار کەس کوژران. ساڵی ١٩٦٣ کۆمەڵە چەك دارێك دروست کران کە ناویان لێ نابوون (پاسەوانی نەتەوەیی) (الحرس القومی) کە لە عەرەبە شۆڤێنیەکانی گوندە عەرەب نشینەکان پێکهاتبوون تالأن و کوشتنی کورد ئامانجی سەرەکیان بوو، لەم پەلامارانەش دا دەڤەری کەرکوك پشکی شێری بەرکەوت لە گوندەکان مەڕ و ئاژەڵ و پەلەوەر و جاڵە گەنم و جۆ و تەنانەت جل و بەرگ و کەرەستەی ناوماڵیشیان تالأن دەکرد، لەو سەردەمەدا ڕێژەی مەڕ و

مالآت زۆر کەم بووە لەناوچەکە. لە هەموو گۆڕانی قیادەی دەوڵەتی عێراقی دا لە بەرامبەر گەلی کورد گۆڕان هەبووە گۆڕانەکەش تازەگەری بووە لە جینۆساید کردنی کورد بەشێوازی تازەتر واتە لەگەڵ هەر گۆڕان و پێشڤەچوونێك لە چوار چێوەی دەوڵەتی عێراق کورد هەمیشە ژیان و گوزەرانی تالتر بووە ، بەلآم لەسەردەمی بەعس گەلی کورد ناخۆشترین ژیانی بەسەردا تێپەڕیوە. لە ڕۆژی ١٩٦٣/٨/٢ بۆ یەکەم جارە بەعسیەکان دەسەلآتیان گرتە دەست بەلآم دوای چەند مانگێك دەسەلآتیان لە دەستدا. بۆ دووەم جار حزبی بەعس دەسەلآتی سیاسی گرتەوە دەست بە پیلانێکی ئیمپریالیستانە حزبی بەعس لە سەرەتاوە ڕەگەز پەرستی عەرەبی و تاکڕەوی تیا بەدی دەکرا لە هەمان کات هەولّی قولکردنەوەی شۆڤیەنێتی عەرەبی دەدا و کاری دەکرد بۆ پێشڕەوایەتی هەموو نەتەوەی عەرەب ، ئەوە بوو لە دوایشدا بە شێوەیەکی زەق ئەم هەولّە دەرکەوت کە دوای لە گۆڕنانی بەعسیەکانیش لە پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق لە سالّی (٢٠٠٣) دا زۆربەی عەرەبەکان شانازی پێوە دەکەن و بێ ئەوەی بڕواننە ئەو مێژووە خوێناویەی کە بەعسی پیا تێپەڕی بە سەرۆکایەتی سەدامی گۆڕ بە گۆڕ، کە تاوانەکان نەك هەر لە دژی کورد کرا بەلّکو لە دژی عەرەب و هەموو نەتەوەکان ئەنجامدرا. بە حوکمی ئەوەی ئایدۆلۆجیای بەعس ئایدۆلۆجیایەکی سەقەت و ڕەگەز پەرست بوو هەموو عەرەبە شۆڤێنیەکانی عێراقی لە دەور کۆبوبۆوە بۆیە لە سەردەمی بەعس قڕکردن و توانەوەی هەموو گەلانی عێراق لەبۆتەی عەرەبدا کارێکی بەکردەنی ئاسایی بوو، تا کار گەیشتە ئەو ئاستەی مەسیحی یەکان کە قەومێکی زۆر جیاوازن لە ڕووی زمان و ئاین و کلتوور و هتد........! بە عەرەب ناونووسی دەکران بەبێ ویستی

خۆیان، کوردی یەزیدی کە ڕەسەنترین کوردن لە عێراق بە عەرەب ناونوس دەکران، بە شێوەیەکی گشتی هەموو نەتەوە و ئاینزاکان لەو سیاسەتە ڕەگەز پەرستیە دەرباز نەدەبوون بە عەرەبەکانیشەوە بە تایبەتی عەرەبی شیعە مەزهەب.

تاوانەکانی بەعس ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە شێوازێکی تازەتر کاری پێ دەکرا لە هەمانکات بێ پچڕانەوە بەرنامە ڕێژی بۆ کاری قڕکردن لە لایەن قیادەی حزبی بەعس چڕ دەکرایەوە، ئەمەش باشترین چارەسەر بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکانی تر لە عێراقدا. بەعس هەمیشە ئەوەی ڕەت کردۆتەوە کە گەلانی تر هەبن لە عێراق جگە لە عەرەب هەموو کات عێراقی بە کوردستانیشەوە بە نیشتمانی عەرەبی ناو زەند کردووە، کە لە ماددەی (٧) بەرنامەی بەعسدا لە یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی دا پەسەند کراوە و دەڵێ نیشتمانی عەرەب ئەو پارچە زەمینەیە کە نەتەوەی عەرەبی تیا دادەنیشێ ، کە لە نێوان چیاکانی تۆڕۆس و چیاکانی پشتکۆ و کەنداوی عەرەبی تیادا دادەنیشێ ، کە لە نێوان چیاکانی تۆرۆس و چیاکانی پشتکۆ و کەنداوی بەسرە ، دەریای عەرەب و چیاکانی بیابانی گەورە و ئۆقیانووسی ئەتڵەنتیك و دەریای ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە. بە گوتەی بەعسیەکان باشوری کوردستان کە کوردستانی عێراقی ئێستایە ، باشووری سودان، کە نیشتمانی زنجیەکانە و بەشێکی زۆری نیشتمانی گەلانی ئەفریقی بە خاکی عەرەب و عەرەبستانی دادەنێ. کەوابێ نەتەوەکانی ناو بازنەی عێراق پارووییەکی زۆر چەورن لە بەردەم عەرەبە شۆڤێنیەکان ، بۆیە بەعسیەکان تاکو ئەو ڕۆژەی لەسەر حوکم بون بێ گوێدانە هیچ معبارێکی نێودەوڵەتی و هیچ گوێدانێك بە پرنسیپەکانی ماف مرۆڤ شەلم کوێرم ناپارێزم کەوتبونە قڕکردن و

وێرانکـردن. میللـەتی کـورد بـۆ پاراسـتنی ناسـنامەی خـۆی و بـەرگری کردن لە بوونی خۆی هەمیشە پەنای بۆ چەك بـردووە چـونکە بـە هـیچ شێوەیەك لە شێوەکانی گفت و گۆ و دانووسـتاندن نـەیتوانیوە لەگـەڵ ڕژێمـە یـەك لـەدوای یەکـەکانی دەوڵـەتی عێـراق چارەسـەری کێـشەی ڕەوای گەلەکەی بکات شۆڕشی ئەیلوول بە سـەرۆکایەتی بـارزانی نـەمر یەکێ بووە لە گەورەترین شۆڕشـەکانی کـورد لەباشـوری کوردسـتان ، دوای بەیاننامەی ساڵی ١٩٧٠ کە لە ڕۆژی ١١ ی ئازار ڕاگەیەنـدرا چـوار ساڵ شەڕ ڕاوەستا بە مەبەستی چارەسەرێکی گونجاو لە چوار چێوەی دەوڵەتی عێراق بـە نـاوی حـوکمی زاتـی. دیـارە لـە مـاوەی ئـەم چـوار ساڵەدا بەعس خـەریکی خـۆ قـایم کـردن و بەرنامـە دانـانبوو بـۆ لـەناو بردنی سەرکردەکانی شۆڕش بۆیـە دوای چـوار سـاڵ لـە داواکاریـەکانی گەلی کورد پاشگەزبووەو شەردەستی پێکـردەوە، مـاوەی سـاڵێك شـەڕ بەردەوام بوو بەعس کە زانی شۆڕشی کـورد بـە هێـزە و لـە بـەرەکانی شەڕدا شکستی هێنا بۆیە پەنای بردە بەر دەسەڵاتی ئەوسای ئـەمریکا و ڕێککەوتنی جەزائیر هاتـە ئـاراوە بـە بەشـداری ڕژێمـی گـۆڕ بـەگۆڕی شاهنشاهی ئێران و ڕژێمـی جـەزائیر و هنـد و خـودی ئـەمریکا. ڕژێمـی عێراق لە بەرامبەر ڕاگرتنی شۆڕشی کورد بڕێکی زۆر لـە خـاکی ئێراقـی بە ئێران بەخشی کە دواتر لێ ی پەشیمان بووەوە و شـەڕی ٨ سـاڵەی ئێـراق ئیرانـی لێ کەوتـەوە، سـاڵی ١٩٧٥ شۆڕشـی کـورد وەسـتا بـۆ ماوەیەکی کەم، بەڵام ڕژێمی بەعس و قیادەکەی کەوتنە بەرنامە ڕێـژی بـۆ ئـەوەی جـارێکی تـر شۆڕشـی کـورد سـەرهەڵنەداتەوە، بـۆ ئـەم مەبەستە بەعس بیری لەوە کردەوە کە بە قوڵایی ١٠ تـا ٢٠ کیلـۆ مـەتر لەسەر سنوورەکانی ئێراق– ئێران و ئێراق– تورکیا گوندەکان چۆڵکات و دانیـشتوانەکەی لـە ئۆردوگـا زۆرە ملێکـان کـۆ بکاتـەوە، ئـەم

بەرنامەیەی پیادە کردو هەموو سەرچاوەی ئاوەکانی کوێر کردووە بە جۆرێك کە ژیان لە ناوچەکەدا بسڕێتەوە.
بەلاًم لەم پرۆسەیەشدا دەڤەری بارزان تایبەت مەندی خۆی هەبوو لە هەڵمەتێکی سەربازیدا بە پاڵپشتی هێزی هەوایی و زرێپۆش و دەیان ئالیاتی سەربازی و هەزاران سەربازی سوپای ئێراقی گەمارۆی دەڤەری بارزانیاندا و دانیشتوانی ناوچەکەیان کۆکردەوە تەنانەت ئەو گوندانەی کە ڕێگای ئۆتۆمبێلی نەبوو بە هەلیکۆپتەر گوازرانەوەبۆ سەرجادەگشتەکان و لەوێوە بەئۆتۆمبێل بەرەو ناوەڕاستی ئێراق بەڕێکران هەرچی ماڵ و سامانیان هەبوو تالاًنکرا یان بەجێما،دواتر لە چەند ئۆردوگایەکی زۆرە ملێ لە پارێزگای دیوانیە جێ نشین کران بەلاًم لە ژیانێکی ناخۆشی و دوور لە پێویستیەکانی ژیان بەبێ خانوو لەناو تۆزوبا لەسەحرا ئاوی خواردنیان ئاوێکی پیس بوە کەبۆ خواردنەوە نەشیاوە. دواتر تووشی نەخۆشی بوون وەکو ڕشانەوە و زکچوون زۆرێك لە بارزانیەکان لەوێ گیانیان لەدەست دا. لەم پرۆسەی ڕاگواستنە زەرەرمەندی یەکەم دانیشتوانی دەڤەری بارزان بوون چونکە هەرچی پێداویستی ژیان و سەروەت و سامانیان هەبوو بەجێ مان یان سەربازەکان تالاًنیان کرد. ماوەی سێ ساڵ لە دیوانیە مانەوە لەویش خەڵکێکی زۆریان لێ مرد بە هۆی نەخۆشی ، تا ڕژێم جارێکی تر گواستنیانەوە بۆ دەڤەری هەولێر لە ئۆردوگا زۆرە ملێ کانی قوشتەپە فرێیدان بەناوی (قودس/قادسیە) بە زۆر جێ نشینی کردن بەبێ ئەوەی هیچ خانویەك لەوشوێنە هەبێت لە ژێر چاودێریەکی توند لە ڕێگای دەزگا سیخوڕەکانی بەعسەوە دواتر لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٣١ لەبەرە بەیانێکی ئەو ڕۆژە بە پاڵپشتی هەموو پێداویستیە سەربازیەکان گاردی کۆماری ئابلۆقەی ئۆردوگای قوشتەپەیان دا و

هەرچی ڕەگەزی نێر هەبوو لە بارزانیەکان لە تەمەنی ١٠ ساڵ یان ١٢ ساڵ تا گەورەترین تەمەن ڕاپێچیان کردن بەرەو چارەنووسێکی نادیار دواتر لەرۆژی ١٩٨٣/٨/٨ لەکۆمەڵگای بحرکەئەمتاوانە دووبارە بووە ، ڕۆژی ١٩٨٣/٨/١٠ هەمان بەرنامەی گرتن و ڕاپێچ کردن لە هەریر و دیانا و شوێنەکانی تر دووبارە بووەوە تەنانەت لە جادە و کۆڵانیش بارزانیەك بینرابایە دەست گیر دەکرا، ئەم گیراوانە ژمارەیان نزیکەی ٨ هەزار کەس دەبوون دوای نەمانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ هەندێکیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان دۆزرانەوە. دوای بێ سەر و شوێن کردنی پیاوەکان دڕندەی بەعس بەرامبەر خانەوادەکانیان چڕتر بووە ئاو و کارەبا و هەموو پێداویستیەکانیان لێ قەدەغە کرا ژنانی بارزانی دەچون لەشوێنەدورەکان بەتەنەکە ئاویان دەهێنا بەڵام پیاوەکان بەعس تەنەکەئاوەکەیان لەسەرشانی ئافرەتەکان دادەگرت و دەیان رشاندو بەپێلەقە تەنەکەکانیان دەشکاند، هەندێ کاتیش ڕاوەدوو نان بەرەو سنوورەکانی ئێران بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کێڵگەی مینیان تێ دایە بۆیە هەندێکیان بەر مین کەوتن گیانیان لە دەستدا یان کەمئەندامبوون– شاهین سەبری کەئەوکات تەمەنی ١٢ساڵبوە دەڵێ: بەیانیەکی زوو پیش رۆژهەلأت پاسێکی زۆریان هاوردە نێو ئۆردوگاکە پیاوانی رژێم کەجلو بەرگی سەربازیان پۆشی بوو هەموو ژن و منداڵیان کۆدەکردەوە دەیانخستنە ناوپاسەکان بەزۆر نەیاندەهێشت هیچ لەگەڵ خۆت بەری بەس جلەکانی بەرت نەبێ کەسیش نەیدەزانی بۆکوێت دەبەن تەنانەت شۆفێرەکانیش نەیاندەزانی بۆکوێ دەرۆن دواتر ئۆتۆمێلەکان بەرەو سەرەوە رۆیشتن تاگەیشتینە سەر روباری (چامە) ئێمەیان لەوێ فرێدا وتیان برۆن بۆ ئێران بۆکوێ دەرۆن برۆن ئەوناوچەیەش پربوو لەمین بەڵام دوایی پیاوێك بەناوی (حەسەن

جیهــانگیر) کەبراکــەی مــستەشاربوو چــوەلای ئــامرلیوا کەقایــدی ناوچەکەبوو پێی وتبوو ئەوانە ژن و منداڵن بۆکوێ برۆن لەوەلآمدا ئـامر لیواکە وتبوی بـابرۆن بمـرن بۆکوێـدەرۆن بـابرۆن، بـەلآم هەرچـۆنێبێت کاک(حەسـەن) قەناعـەتی پێکردبـوو وازیـان لێمـان هێنـا. ژیـانی کولـە مەرگی ئەوان ویژدانی هـەموو خـەڵکی ناوچـەکەی هەژانـد، شـوێنەواری کێشەکانیان تـاکو ئێـستا هـەر مـاوە و درێـژەی هەیـە ،ژنـانی بـارزانی کاریقورسیاندەکرد کە هەرگیز لە توانـای ئافرەتـدا نـەبوو وەکـو کـاری بیناسـازی و کـشتوکاڵ و بـارکردن و داگـرتنی هــەموو شـتومەکێك لــە ئۆتۆمبێلــە بارهــەڵگرەکان کــەتاکو ئێــستاش مانــدوبون و شــەکەتی بەروخساری ئەو ژنانـەوە دیـارە بـەلآم ئـەوان گـەورەترین سـەروەریان لەتەمەنی خۆیان تۆمارکرد کەتوانیان منداڵەکانیان گەورەبکـەن و سـەر بـۆ هـیچ کەسـێك دانـەنوێنن بۆیـە تاکوردێـك مـابێ دەبـێ شـانازیان پێوەبکرێت.

# بەشی دووەم

# ئەنفال... مەرگەساتی سەدەی بیستەم

## ( ئەنفال لەرووی زمانەوانیەوە )

ئەنفال کۆی وشەی (نفل) ە (نفل) یش واتە (الغنیمە) بە کوردی واتـای دەستکەوتە.

## ( ئەنفال وەکو زاراوەیەکی قورئانی پیرۆز )

ئەنفال لە ئایەتی ژمارە (١) ی سورەتی (الانفال) دا هاتووە کـە دەفەرمێت :

بسم الله الـرحمن الـرحیم (یـسالونك عـن الانفـال قـل الانفـال للـه والرسول)

ئەم زاراوەیەش بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە کراوە :

(هی الاموال الماخودة من الکفار قهرا لقتال).

لەم روانگەیەوە سێ ئەنجاممان دەستدەکەوێت :

ئەنفال (اموال) ە واتـە شـتومەك هـەروەکو لـە هـەمان سـورەتی (الانفال) دا خوای گـەورە پێناسـەی بەئایـەتی (واعلمـوا انمـا غنمـتم شئ) کردووە چونکە (شئ) بەشتومەك یان شت دەوترێ.

(من الکفار) : واتە لە بێباوەرانی جەنگاوەر.

(قهرا بقتال) : شتومەکەکان یان دەستکەوتەکان شتی بەجێماوی گۆرەپـانی جەنگـە نـەك مـالّ و نێـو مـالّی لادێ و شـارەکان ، ئـەو شتومەکانەی گۆرەپانی جەنگیش پێی دەگـوترێ (غنیمـە). کـەوابێ دەستکەوت لە ئاینی ئیسلامدا و ئاینـەکانی پێـشوش رێگـە بەکـەس نەدراوە هەڵیانبگرێتەوە.

هۆکاری نازڵبونی سورەتی ئەنفالیش لە ئەنجامی بە دەستهێنانی

ئـەو دەسـتکەوتە زۆرەوە بـوو کـە لـە شـەری (بـەدر) دا لـەرۆژی (١٣/مارس/ ٦٢٤) زایینی بەرامبـەر بـە ١٧ رەمـەزان) موسـڵمانەکان وەدەستیان هێنا، پاشان ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە ، موسـڵمانەکان بون بە سێ بەشەوە ، بەشێکیان دەیان ووت ئێمە دوژمنمان راوناوە دەبێ دەستکەوتەکان بـۆ ئێمـە بێت بەشـی دووەمیـان دەیـان ووت ئێمە شتومەکەکانمان کۆ کردۆتـەوە دەبێـت بـۆ ئێمـە بێـت ، بەشـی سـێیەمیان دەیـان ووت لـەکاتی جەنگەکـەدا ئێمـە پارێزگاریمـان لـە پێغەمبەر (د.خ) کردووە بۆیە دەبێ بۆ ئێمەبێت.

# سەرەتایەك بۆ بەرنامەرێژی تاوانەكانی رژێمی بەعس لەكوردستان

كوردیش وەك هەموو میللەتانی ئەمگۆی زەوییە هەمیشە خولیای ئازادیو سەربەستیبووەو لەو پێناوەدا ئالاّی شۆڕشی بەرزكردۆتەوەو یاخیبوونی خۆی دژ بەسیستەمەكانی زوڵموستەم دەربڕیوەو قوربانیەكی بێ ئەژماری لەو پێناوەدا بەخشبووە، مێژووی دێرینی پڕ شكۆداری گەلی كورد گەواهی ئەو راستیەیە نەبەردانەیە دەدەن. دەسەلاّتداران‌و ناحەزانی میللەتی كوردیش بەوپەڕی درەندەیی‌و نامرۆڤانە دەستیان چۆتە وێزەو بینەقاقای رۆڵە جەربەزەكانی گەلی كوردو روبەروی دەیان كارەساتو نەهامەتی جۆر بەجۆریان كردوون و تۆزقالێك بەزەیی‌و رەحمیان لەبەرامبەردا نەكردوون. وێرای ئەوپارچە پارچە بوونەی وولاّتی كوردو دابەشكردنی بەسەرچوار ولاّتی رەگەز پەرستو شوڤێنی. بەئارەزووی خۆیان كۆیلایەتیان بەسەردا سەپاندوون‌و كووشندەترین چەكی قەدەغەكراوی جیهانی كۆكوژیان پێ تاقیكردونەتەوە. وێڕای بێسەرو شوێنكردن‌و جینۆسایدو رەشبگیرو راگواستن‌و سڕینەوەی كەلتووری نەتەوایەتی، هەروەها لە بچووكترین مافی نەتەوایەتی كوردی كەزمان‌و دابونەریتی كوردەواریە هەوڵی سڕینەوەی مۆركی نەتەوایەتی دراوە. هەر لەنسكۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥ رژێمی بەغدا بۆئەوەی جارێكیتر شۆڕشی كورد سەرهەڵنەداتەوە بەدرێژایی سنوری ئێراق_ئێران _ئێراق _توركیا بەقولاّیی بیست كیلۆمەتر گوندەكانی داگرت و لە ئۆردوگا زۆرەملێكان كۆیكردنەوە دەتوانین بڵێین ئەم كردەوەیەی رژێمی بەعس سەرەتای دەستپێكی بیرۆكەی ئەنفال

بووکەپێش کردەی ئەنفال زنجیرەیەك تاوانی بەرنامە رێژ ئەنجامدران کەدەتوانین بڵێین ئەزمونێکی باش بوو بۆدەسەلاتی رژێمی بەعس، لەم راگواستنەدا ناوچەی بارزان تایبەت مەندی خۆی هەبوو کەلەلایەن بەعسەوە بەرنامەی بۆداریژرابوو چونکە بارزانیەکان نەهێنرانە ئەو ئۆردوگایانەی کەلەکوردستان شوێنیان بۆدیاریکرابوو راستەوخۆ خەڵکی ناوچەی بارزان گوازرانەوە بۆ پارێزگای دیوانیە لەخواروی ئێراق هەموو ماڵوسامانیان تالآنکرا یان بەجێما چونکە ئەو ئۆتۆمبێلە سەربازیانەی بۆیان ئامادەکرابوو هەرجێی کەسەکانی تیا ئەبووە، خەڵکی ئەو شوێنانەش کەرێگای ئۆتۆمبێلی نەبوو بەهەلیکۆپتەر گوازرانەوە بۆ سەر رێگا گشتیەکان و خرانە ناوئۆتۆمبێلە سەربازیەکان، راگواستنوبێسەرو شوێنکردنی بارزانیەکان لەسالی١٩٧٥بۆناوەراستی ئێراق لەپارێزگای دیوانیەو دوای ژیانێکی دژواروتوشبونی چەندین نەخۆشی ومردنی سەدان هاولآتی بارزانی. رژێم جارێکی تر گواستینیەوە بۆئۆردوگازۆرەملێکانی دەوروبەری هەولێرلە قوشتەپە ، لەژێر چاودێریەکی توندمانەوە. دیارە رژێمی بەعس بۆریشە کێشکردنی کورد بەهەموو شێوەیەك کاری دەکرد لەسالی ١٩٨٠ بەبیانوی ئێرانی بون ناسنامەی لەکوردانی فەیلی ساندەوە زۆرێك لەگەنجەکانی دەستبەسەرکرد بەپێی بۆچونی خاوەند قوربانیەکان نزیکەی دەهەزار کەسدەبون، بەلآم دواتر بێسەروشوێنکران تاکوئێستاش کەسنازانێ چیانبەسەرهات ، بەهەزاران خانەوادەی کوردانی فەیلی دەستبەسەرماڵوسامانیان گیراو رەوانەی وولآتی ئێرانکران کەتاکوئێستاش زۆربەی ئەوخێزانانە بەئاوارەیی ژیاندەگوزەرێنن رەشبگیری و بێسەروشوینکردنی کوردانی فەیلی دەتوانین بڵێین یەکەم کاری (جینۆساید)ی کوردی بەکۆمەڵ و

ڕێکخراوبوو لەساڵی ١٩٨٠ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کەدواتربوو بەئەزمونێکی سەرکەوتوو بۆ ڕژێمی بەعس بۆ درێژەدان بەتاوانی لەوجۆرە، چونکە پێش بێسەروشوێنکردنی کوردانی فەیلی تاوانەکان لەدژی گەلی کورد هەرهەبوە وەکو کوشتن و لەسێدارەدان و زیندانی کرن و ڕاگواستن....هتد. بۆدرێژەٚ پێدان بەتاوانی کۆمەلکوژی لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٣١/٧/ ١٩٨٣گاردی کۆماری بەهاوکاری دەزگاکانی سیخوروئەمنی ناوچەکە، هەموو پیاوانی بارزانیان ڕاپێچی ناو پاسە شوشە ڕەشەکان کرد لەتەمەنی دەساڵی بۆسەرەوە تەنانەت ئەوکەسانەی نەخۆشی دەرونیشیان هەبوو لەم ڕەشبگیریە ڕزگاریان نەبوو شایەت حاڵەکان دەگێرنەوە یەکێ لەوانەی نەخۆشی دەرونی هەبوە زنجیر لەپێی بوە ئەویشیان ڕاپێچی ناو پاسەکان کردوە، لەبەردەوامی ئەم کردەوەیە لەڕۆژی١٠/٨/١٩٨٣ دیسان لەئۆردوگای هەریرو دیانا دووبارە بۆتەوە ئیتر لەهەر شوێنێك بارزانیەکیان چنگ بکەوتایە بزریان دەکرد سەرئەنجام (٨٠٠٠) مرۆڤی بارزانی بێ سەروشوێن کران و ژن و منداڵەکانیش ئاووکارەباو هەموو شتێکیان لێ قەدەغەکرا زۆرێکیش لەوژنو منداڵانە گوازرانەوە بۆناوچەسنوریەکان بەرەلاَی ناوبەفرو مینکران بەتایبەتی لەپشت ناوچەی بارزان لەسنوری تورکیا شوێنێك هەیە پێی دەڵێن (چامە) کەشوێنێکی زۆر دژوارە و پر بەفرو مینە زۆرێك لەژن و منداڵەکان بەهۆی سەرماوتەقینەوەی مین لەژێرپێیان گیانیان سپارد یان کەمئەندام بون ، ئەوژن و منداڵانەی مابونەوە لەئۆردوگاو شوێنەکانیتر بۆ بژێوی ژیانیان دەستیان کرد بەفرۆشتنی ناوماڵیان لەچاوەڕوانی پیاوەکان بەلاَم ئەم چاوەڕوانیە بێئاکام بوو بۆیە ئافرەتەکان دەستیانکرد بەکارکردن لەکێڵگە کشتوکاڵیەکان و کاری بیناسازی کەلەتوانای ئەوانیش نەبوو.

# سەرهەڵدانی تاوانی ئەنفال

لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧ گوندەکانی دەوروبەری شاری کەرکووکی کاولکردو خەڵکەکەی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی دەوروبەری هەولێرو سلێمانی‌و خوارووی عێراق ڕاپێچکرد جگە لەشاری کەرکوك کە ئامانجی سەرەکی حزبی بەعس بوو وەکوسیاسەتی ئیستراتیجی دەتونین بڵێین کەبەهاری ١٩٨٧ دەسپێکی تاوانی ئەنفال بوو چونکە سەرەتا بەراگواسننی ئەوگوندانە دەستی پێکرد کە لەسەر جادە سەرەکیەکانەوە نزیکن و پێویست بەهێزی سەربازی زۆر ناکات، بۆیە کردەی ڕاگواستنی گوندەکانی دەشتی قەراج ودەشتی هەولێرو ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای موسڵیشی گرتەوە، جارێکیتر لەجاران چڕو پڕتر پرۆسەی تەعریبو تەبعیسی زێتر گەشەپێداو عەرەبە جێنیشینەکانی خوارووی عێراقو دەوروبەری موسڵی لەشوێنەکانیان نیشتەجێ کردو لەدامودەزگا داپلۆسێنەرەکانی حوکمی ڕەهای پێبەخشین بۆ سەرکوتکردنی کوردی کەرکوك و سەرجەم ناوچەکانی تر. ڕژێمی بەعس هەرگیز نایەوێت لەدەرەوەی دەسەڵاتەکانی خۆیدا تروسکەیەك ئازادی بەکەس ڕەوا ببینیً. دەیەوێت دەستبەسەری تەواوی ژیان بگرێتو کۆنترۆڵی هەموو شتەکان لای خودی خۆیەوە بێت، بەعس ئەو دڕەندە نینۆکتیژەیە هیچ ئەلتەرناتیڤێ قبووڵناکات.

لەکولتووری بەعسدا هیچ بە هایەکی مرۆڤایەتی نیە، جگە لە کووشتن‌و فەنابوون کە دەروازە فراوانەکانی خزمەتکوزاری بەعسە بۆ خەڵکی ولاتەکەی. بەکۆتایی هاتنی روخان و ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندە نزیك دەستەکان ئینجانۆرەهاتەسەر کردەوەی سەربازی بەرنامەچرەکەی ئەنفال کە حیسابی بۆ هەموو شتێك کردبوو بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە.

# هەشت قۆناغ بۆ جێبەجێکردنی تاوانی ئەنفال

لەساڵی ١٩٨٧ رژێم کۆتایی هێنـا بەروخانـدنی ئەوگوندانـەی کـەنزیکن لەجادە سەرەکیەکان کەلەبەهاری ١٩٨٧ وە دەستی پێکردبـوو ، واتـە ئەوگوندانەی کە نزیکن لەقەڵەمرەوی دەسەڵاتی سـوپای ئێـراق، ئینجـا قۆناغێکی تـر دەسـتپێبکات کـەهێزی سـەربازی زۆری دەوێـت چـونکە ئەوناوچــانە دژوارەو لــەزۆر شــوین هێــزی پێــشمەرگەی لێیــە ، بــۆ پیادەکردنی تاوانی ئەنفال کوردسـتان دابەشـکرا بـۆ هەشـت پـەلاماری ســەربازی قۆنــاغی یــەك لــەرۆژی ٢٢/ ٢٣شــوبات دەســتی پێکــرد کەلەنوسینەوەی قۆناغەکانی ئەنفال زیاتر وردەکاری دەخەینەروو.

پیا دەکردنی قۆناغی یەکی شاڵاوەکانی ئـەنفال هەرچـەندە لەسـەرتای مانگی شوبات ئامادەکاری بۆدەکرا بەڵام لەرۆژی ١٩٨٨/٢/١٧هەسـتی پێدەکراو سوپای ئێراق دەستی بەجموجوڵکردو لە رۆژی ٢٢ی شوباتی ١٩٨٨ بەشێوەیەکی براکتیـك جیبـەجێکرا کەسـوڵتان هـاشمی تاوانبـار بۆیەکـەم جـار لەبروسـکەیەکدا بـۆ سـەدامی گۆربـەگۆر بـە ئـەنفال نـاو زەنــدی کــرد ، بــۆ بێــسەرو شــوێنکردنی رۆڵــەکانی گەلەکــەمان لەناوچـەکانی (دوکـان– قەڵاچـوولان بنگـرد– چـوارتا– سـووورداش– سەرگەلوو – بەرگەڵوو) ، دوا قۆناغی ئەو پرۆسـە نامرۆڤانەیـە قۆنـاغی هەشــتەمە لــەرۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ دەســتپێکرد لەناوچــەی بادینــان کەلـەئاکامی جـێ بـە جـێ کردنـی ئـەو هەشـت قۆناغـە لەکوردسـتان (١٨٢) هەزار ژن‌و منداڵو گەنج وبەساڵا چووی گەلەکـەمان بـۆ شـوێنە نادیارەکانی خوارووی عێراق‌و سنووری (سعودیە– کوێت ) راپێـچکران، بەعس بەپیادەکردنی هەشت قۆنـاغ لەجینۆسـاید بـەناوی (عەمـەلیاتی

ئەنفال) دژ بەرۆڵەکانی گەلی کورد نەك هەر گیـانی تۆڵەسـتێنیو زەبـر وەشاندنو بێرەحمی نواندنی بەرامبەر بە خەڵکی مەدەنی و بێبەرگری بەڵکو هەموو ئاراسـتەکانی ژیـانی سـەربەخۆیی بـوونی خـودی گـۆڕیو رقـی خـۆی بەرامبـەر ژینگـەو ئاسمـانیش دەربـڕی. بـەعس لەکاتێکـدا پرۆسەی ئەنفالی ئەنجامدا، کەلەوپـەڕی بـەهێزی سـەقامگێری رۆژانـی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا بوو. لـەدوا ساتەکانی جـەنگی ئێـراق– ئێرانـدا بوو کەبەسەرکەوتوویی لەجەنگەکە دەهاتە دەرێ.

سـەدام بـەپیادەکردنی ئـەنفال دەیوسـت ئاهـەنگی سـەرکەوتنەکانی لەبـــەرەکانی جەنگـــدا بگەیەنێتـــە چـــڵەپۆیەو هەرچـــی کـــەفوکوڵی نامرۆڤانەی هەیە بەکوردی هەڵڕێژی، بـەڵام شـەری خواکـورك باشـترین وەڵام بـوو بـۆ سـەدام کـە لـەم شـەرەدا هێـزی پێـشمەرگەی پـارتی دیمکراتـی کوردسـتان بەسـەر پەرشـتی مەسـعودبارزانی لـوتی سـوپای داگیرکەری بەعسی گۆڕبەگۆڕیان شکاند ئەمەش دەرسێکی باش بوو بۆ سەدام کە شۆڕشی کورد هـەرگیز کۆتـایی نایـەت ، سـەدام پێـی وابـوو بەکۆتایی هاتنی قۆنـاغی هەشـتی ئـەنفال جوڵانـەوەی شۆڕشـی کـورد کۆتـــایی دێـــت ، چـــونکە پرۆســـەی ئـــەنفال کردەیـــەکی کتـــوپڕو بێنەخشەنەبوو، بەڵکوهەر لەدوای پیلانکەی جەزائیر لەساڵی ١٩٧٥ کـە بووەهۆی وەستانی شۆرشی ئەیاول، سـەدام وحزبـی بـەعس نەخـشەی بـۆ کێـشابوو، بـۆ جینۆسـاید کردنـی کـوردو سـڕینەوەی مـۆرکی نەتەوایـەتی کـوردو دامرکاندنـەوەی شۆڕشـەکانی کـورد لەکوردسـتانی باشوردا لەکاتێکا ئەم تاوانەگەورەیە دژی میللـەتی کـورد ئـەنجام دەدرا هـــیچ یـــەکێ لـــەووڵاتانی عـــەرەب و ئیـــسلامی و ئـــەورپا و ئـــەمریکا هەڵوێستیان نەبوو وەك ئەوەی گەلی کورد نەئینسان بێت و نەئیـسلام بێت دیارە ئەم بێهەڵوێستیەش لەبەر ئەوەنەبوە ئەوان بێئاگابن بـەڵکو

بەرژەوەندیـــە بالأكانیـــان رێگربـــوە لەبـــەردەم بێهەڵوێـــستیان ولایەتەیـەكگرتوەكان بـەردەوام ئاگـاداری وردو درشـتی تـاوانی ئـەنفال بوەو لەشەری هەشت ساڵەی ئێراق ـ ئێـران باشـترین پاڵپـشت بـوو بـۆ ئێراق، بەلأم دواتر سـەدام سەركێـشیكرد و كـوێتی داگیركـرد بەمـەش ئـەمریكازانی سـەدام لەخـەت دەرچـوەبۆیە جـورج شـۆڵدزی وەزیـری دەرەوەی ئـەوكاتی ئـەمریكا سـەدامی لەپەنجەرەكـەوە فرێـدادەروەو هەڵویستی وەرگرد. ئەمریكا جگە لەو چاودێریە توندەی لە جولأنـەوەی رژێمـی سـەدامی دەكـرد زانیـاری تـەواوی لەسـەری كـۆدەكردەوە لەهـەمانكات كتێبخانـەی كۆنگریـسی ولایەتەیـەكگرتوەكان بـەردەوام رۆژنامە سەرەكیەكانی ئێراقی وەردەگرتوو لەدەزگاخزمەتگوزاریـەكانی پەخشی زانیاری بیانی (fbl) سەربە (سی ئای ئەی) بەشـێوەی رۆتـین كورتە هەواڵەكانی ئێراقی بلأودەكـردەوە بـەزمانی ئینگلیـزی بەهـەواڵو باسوخواسی ئەنفالیشەوە. تاوانی ئـەنفال بـەجۆرێك كاریگـەری هـەبوو لەسـەرژیان و گـوزەرانی خـەڵك كـەدەتوانین بڵـێین ژیـان گـۆرانێكی بنەرەتی بەسەرهات لەودەمەدا، هەژاری و نەداری و خەمۆكی وبێكـاری و بـێ جێگاومـاڵ و سـەرگەردانی بـەش مەینـەتی روی لەمیللـەتی كوردكردلەسەروی هەموو ئەمانەشەوە دەبوو پیاوی كورد سەربازی بـۆ رژێمـی بـەعس بكردایـە لەوشـەرەنەخوازراوانەش بەناچـاری بەهـەزاران پیـاوی كورددەكـوژران چـونكە رژێمـی بـەعس ئەوەندەشـەرخوازبوو هەمیـشە لەشـەردابوو ، كیـشەی تـاكی كـوردیش لـەوەدابوو دەبوایـە سـەربازیت بكردایـەو بكوژرایـەیتو ئەسـیربوایەی و كەمئەندامبوایـەی و ماڵ و مندالیـشت بـەهۆی كوردبـون نـەدپارێزرا لەشـالأوەكانی سـوپای بەعس ،باشترین نمونەش عاسی مستەفایە كەسـەربازی سـوپای ئێـراق بـوەو ئەسـیربوە لەشـەری ئێـراق_ئێـران بـەلأم منـداڵ وهاوسـەرەكەی

لەشاڵاوەکانی ئەنفال بێسەروشوێندەکرێن.ئەم هەمووتاوانەی رژێمی بەعس لەدڵی هەرتاکێکی کورد پەنگی خواردبوو بەجۆرێك هەمووتاکێکی کورد لەوپەری بێدەسەڵاتیدا، بەڵام لەناخا پێشمەرگەیەکی رقئەستوربوو، داگیرکردنی وولاتی کوێت لەساڵی ١٩٩٠ لەلایەن سوپای ئێراق سەرەتایەکبوو بۆبێهێزی دەولەتی ئێراق دوای گەلەکۆمەی وولاتان بەسەرۆکایەتی ئەمریکا کە٣٣ وولاتبون بۆ وەدەرنانی سوپای ئێراق لەکوێت بوە هۆکارێك کەلەباشوری ئێراق و لەکوردستان راپەرین رووبدات ئەوەبوو لەماوەی چەندرۆژێك هەمووشارەکانی کوردستان رزگارکران لەچنگی رژێمی بەعس بەلام ئەم ئازادیە ئەوەندەدرێژەی نەکێشا جارێکی تر لەکۆتایی مانگی ئاداری ١٩٩١ سوپای ئێراق پەلاماری ناوچە کوردنشینەکانی دا کەوتەوە کوشتن و برینی خەڵکی مەدەنی، بەڵام بەحوکمی ئەوەی میللەتی کورد شارەزای رەفتاروکردەوەکانی سوپای ئێراق بووبۆئەوەی ئەزموونی ئەنفالی ١٩٨٨ دوبارەنەبێتەوەکۆرەوی ملێونی گەلی کورددەستی پێکرد لەکەشێکی باراناوی و سەرما بەرەو ناوچەسنوریەکانی ئێران و تورکیا بەڵام لەکاتی گەیشتنی ئاوارەکان بۆناوسنوری تورکیا جارێکیتر رژێمی تورکیا نارەواترین رەفتاری دەرهەق بەوئاوارانەکرد، لەم شاڵاوەی سوپای بەعس دیسان تاوانی جۆربەجۆر ئەنجامدرا لەلایەن سوپاوە لەشاری کەرکوك بەهەزاران کورد دەستبەسەرکران پێش ئەوەی کەرکوك بکەوێتە دەست کوردەکان کاتێ کەرکوك لەئێوارەی ١٩٩١/٣/٢١ کەهاوکاتە لەگەڵجەژنی نەورۆزی کوردان زۆر بەکەمی رەگەزی نێردەبینرا چونکەهەموویان گوازرابونەوەبۆزیندانەکانی تۆبزاوە حەویجە تکریت رومادی کەمن خۆم یەکێکم لەوانەی بردمانیان بۆرومادی دواتر دوای دانوستانی

سەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی لەگـەڵ رژێمـی بـەعس دوو وەجەبـە ئـــازادکرن مـــن لەگـــەڵ وەجبـــەی دووەم رزگـــاربوم بـــەلاّم زۆرێکیترلەوانەتاکوئێستا کەس نەیانی بینیەوە، شایەت حالـەکان زۆرن کەبەچـاوی خۆیـان چـەندین خـەڵکیان بینیـوە لـە لێـواری شەقامەگشتیەکان بـەکوژراوی بینـراون کـەمن خۆشـم دوای رزگـاربونم لەنێوان شاری کەرکوك و سـلێمانی ئۆتـۆمبێلی سـوتاوو کۆمەڵـە خـۆڵی زۆرم بـینی کەبـە کێلـەی شـۆفەڵ خـۆڵ ناوەنـاوە لـەپاڵ شـەقامەکان رۆکرابـوو دوایـی دەرکـەوت کـەژێر ئـەو خۆڵانـە هـەمووی تـەرمی قوربانیـــەکانی لێیـــە کـــەخزمێکی خۆشـــم تەرمەکـــەی لـــەژێر ئەوکۆمەڵەخۆڵانەدۆزرایەوەبە ناوی(سەمەدشوکرمحەمەد).

# ئەنفال تاوانێکی فەرامۆش کراو

سەرەڕای دەیان ساڵەی تەعریبو تەبعیسو ڕاگواستنی گەلی کورد، لەزێدی بابو باپیرانی، لەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوەو شوێنبزرکردنی فەیلیەکانو دوایش بارزانیەکانو بەبەردەوامیش شوێنبزکردنی کوردان هەر درێژەی هەبووە لەساڵی ١٩٨٨ درندەیی‌و شۆڤینیەتی ڕژێمی بەعس گەیشتە بەرزترین ئاستی تاوان ، لەژێر ناوی ئەنفال دەرهەق بەگەلی کورد لەکوردستانی عێراق ، گومان لەوەدانیە کەتاوانی ئەنفال قرکردنێکی بەکۆمەڵی (جینۆساید) زۆر دڕندانەو بێ بەزییانەبوو، ئەنجامدەرانیشی هیچ نکوڵی لەئەنجامدانی ئەو کردەوە سەربازیە بێ شەرمانەیە ناکەن بەڵکو بەشانازیەوە باسی دەکەن ولەلایەن سەدامی دیکتاتۆرەوە نیشانەی ئازایەتی بەو پاڵەوانە ترسنۆکانە دەبەخشرا کەبەشداریان لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا دەکرد، تاکو ئێستاش کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەفەرمی هیچ تۆمەتی ئەنجامدانی ئەو تاوانەی نەداوەتە پاڵ ئەنجامدەرانی، دوای پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراقیش تاوانەکانی بەعس پەردەیان لەسەر لابرا لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو هەموو گۆرە بەکۆمەڵەی لەبیابانەکان دۆزرایەوە، ئەوانەش کەلەو سەردەمەدا هاوکاری سەردامیان دەکردپێویستە تاکو دەمرن لەبەرامبەر مرۆڤایەتیدا ئارەقی شەرمەزاری بسڕن. ساڵانێکی دورو درێژیشە کەسوکاری قوربانیەکان چاوەڕوانی گەڕانەوەی کەسەکانیان دەکەن کەبەرشاڵاوی ئەنفال کەوتن یان چارەنووسیان بزانن بەڵام دۆزینەوەی گۆرەبەکۆمەڵەکان ئیسپاتی نەمانی ئەو مرۆڤە بێتاوانانەی کردو وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگەی دایەوە. لەبەرامبەر گۆرە بەکۆمەڵەکان کورد زۆر خەمسارد وەستاو وەکو تەماشاکەرێك بەرچاوکەوت چونکە

کاتێ سەدای دۆزینەوەی گۆرە بەکۆمەلەکان دەرکەوت کەسانی غـەیرە کورد جلو بەرگی ئەو ئافرەتو منـداڵو گـەنجو پیرانـەیان لـەژێر خـۆل ولمـی بیابانـەکان هەڵدەوەشـاند کەلەشاشـەی تەلەفزیۆنەکانـەوە دەر دەکـەوتن ئـەم کـردارەش جـارێکی تـر برینـی کەسـوکارەکانیانی دە کولانـدەوە لـەکاتێکا کـە دەکـرا هـەردوو ئیـدارەی ئـەوکاتی کـوردی تیمێکیان بۆ بەدواداچوونی گۆڕە بەکۆمەڵەکانو بەدیکۆمێنت کردنیان یاندەکرا پشتگیری ئەو ڕێکخراوو کۆمەڵانەیان بکردایە کە داکـۆکی لـە ئەنفالـەکراوەکان دەکـەن کەلـەو بـوارەدا زۆر شـارەزان ئێمـە وەکـو ڕێکخـراوی ئەنفالـەکانی کوردسـتان بـەهاوکاری ڕێکخـراوی زیندانـە سیاسیەکانی کوردستان یاداشتنامەیەکمان بـەرزکردەوە بـۆ ڕێـزداران کۆفی ئەنان ئەمینداری نەتەوەیەکگرتووەکانو جـۆرج بـۆشو دادگـای نێـو دەوڵـەتی لاهـای و پەرلـەمانی ئـەوروپا پەرلـەمانی کوردسـتانو لیژنـــەی ســـەرۆکایەتی ئۆپۆزســـیۆنی عێـــراق، لـــەرۆژی ٢٠٠٣/٣/١١ بەپشتگیری (٣٣) کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی (NGO) بۆ ئـەوەی کـە لیژنەیـەك پێکبێـت بـۆ بەدوواچـوونی مەسـەلەی ئـەنفال کـەگرنگترین کارەکـانی دۆزینـەوەی گـۆرە بەکۆمەڵـەکانی بـوو بـەڵام مـەخابن هـیچ وەڵامێك نەبوو.

بۆیە ئێمە وەکو ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردسـتان بـەبێ هـیچ جـۆرە پشتگیریەك کەوتینە گەڕان بەدوای گۆڕە بەکۆمەڵەکان چەند گۆڕێکمان دۆزییەوە بەکاسێتی ڤیدو تۆمارمان کردن بەڵام ئەوەی جێگـای داخـە هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان بوو کە لەلایـەن هەنـدێ خـەڵكو دەزگـا کـــانی ڕاگەیانـــدن بـــەتاك هەڵدەدرانـــەوە لەکاتێکـــدا کـــەدەبوو بـــۆ هەڵدانـەوەی گۆڕەکـان گـەورەترین حەملـەی ڕاگەیانـدنی بـۆ بکرایـەو زۆرترین ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤـی بـۆ بانگێـشت بکرایـەو لـەکۆتایی

دۆزینــەوەی هــەموو قوربانیــەکان لەهــەموو ئــەو ناوچــانەی ئــەنفالیان تیـاکراوە مـەزاری تایبـەتی یـان بۆدروسـت بکرێـتو هێمـای درنـدەیی بــەعسو مەزلومــەتی گــەلی کوردیــان بــۆ دابنرێــت وەکــو مێــژووش لەقوتابخانەکان قۆناغ بەقوناغی خوێندن بخوێندرێت.

بەڵام ئێستاش دەرفـەتی ئـەوەماوە ئـەم مەسـەلەیە کـاری بـۆ بکرێـت بەمــەرجێك لیژنەیــەکی فــراوان بــۆ دروســت بکرێــت لــە ئیــدارەو ڕێکخراوەکانو کەسانی دڵسۆزو شارەزا ئەگەربکرێت کۆنفرانسێك گـرێ بدرێت بۆ بەرنامەی کاری ئەو لیژنەیـەو ڕێگـا بـەهیچ کـەسو لایـەنێك نەدرێــت کەجورئـەت بکـات گۆڕەکـان هەڵبداتـەوە جگـە لـەو لیژنەیـەو یاسای پاراستنی گۆڕەبەکۆمەلاڵەکان تەعـدیل بکریـت کەلەئەنجومـەنی نوێنەرانی ئێراق دەرچوە.

# ئەنفال و رەهەندێکی سیاسی

بەکارهێنانی ئەنفال بۆ قڕکردنی کورد لە لایەن ڕژێمی بەعسی گۆڕ بە گۆڕەوەش ڕەهەندێکی سیاسی قوڵی تیا بەدی دەکرێت بەڵام داپۆشراو بە ووشەی ئەنفال و چاوبەست کردنی خەڵکی موسوڵمان بەناوی دینەوە ، ئەم کردارەش کاریگەری خۆی هەبوو لە نێوان وولآتانی عەرەبی و ئیسلامی ، چونکە بێ دەنگی وولآتانی عەرەبی و ئیسلامی واتە ڕازیبوونیان لە کاتێکا میللەتی کورد دینی ئیسلامی لەسەری هەموو بەها پیرۆزەکانەوە ڕاگرتووە و ڕادەگرێت، لەکاتی جێ بەجێ کردنی کردەی ئەنفال لەلایەن ڕژێمی بەعسی گۆڕ بە گۆڕەوە زۆرێك لە وولآتانی عەرەبی هاوکاریان دەکرد چونکە لەکاتی دەست بەسەرکردنی خەڵکانی مەدەنی زۆرێك لەو ئافرەتانە وولآتە عەرەبیەکان لە ڕژێمی بەعسیان وەرگرت کە ئەم مەسەلەیە تاکو ئێستا بە فەرمی ساغ نەبۆتەوە ئەوە نەبێت کە کەسانێك بە هۆی چونیان بۆ حەجی ماڵی خوا ئافرەتی کوردیان بینیوە.لە کاتی داگیرکردنی (کوێت)یش لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە سەربازێکی کورد کە لە کاتی داگیر کردنی کوێت لەگەڵدا بووە دەڵێ سەربازگەکەی ئێمە لەناو مەزرەعەیەکی پیاوێکی کوێتی جێگیر بوو بە حوکمی ئەوەی سەربازە کوردەکانی ئازاری کوێتیەکانیان نەدەدا وەکو سەربازە عەرەبەکان بۆیە زیاتر لە ئێمە نزیك دەبوونەوە خاوەنی مەزرەعەکە زۆر جار دەهاتە لامان، ڕۆژێکیان پیاوە عەرەبەکە لای ئێمە دانیشتبوو کاتی نوێژی عەسر بوو منیش ویستم داوای مۆڵەتی لێ بکەم، بچم نوێژ بکەم و بێمەوە، پیاوە عەرەبە کوێتیەکە

سەیرێکی کردم بەسەرسوڕمانەوە گوتی بۆ کورد نوێژ دەکەن؟ منیش لە وەڵامدا ووتم ئەی چۆن بۆ کەس لە کورد موسڵمان تر هەیە؟ ئێمە لە کوردستان هیچ گوندێك نیە مزگەوتی تیا نەبێ بەڵام هەمووی وێرانکرا، پیاوە عەرەبەکە تۆزێك سەیری دەوور و پشتی خۆی کرد و گووتی وەڵا لەساڵی ١٩٨٨ سەدام حسێن خەڵکی ئێمەی وا تێگەیاند بوو کە میللەتێك هەن لە باکوری عێراق لە دین وەرگەڕاون بە ناوی کورد بۆیە پێویستە قڕ بکرێن. دووای ئەوەی بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە( ١٦٠)ی ١٩٨٧ عەلی حەسەن مەجید سەر پشك کرا کە هەرچی هێزی سەربازی و پۆلیس و ئەمن و ئیستیخبارات و هەموو دەزگا حکومی و حیزبیەکان لە ژێر فەرمانی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید دەبن ،بە بەرنامەیەکی پێشوەخت و بە دابین کردنی بودجەی باش و ڕەها پرۆسەی قڕکردنی کوردان دەستی پێ کرد سەرەتا لە ئازاری ١٩٨٧ وە کردارەکە دەستی پێ کرد ئەم دەستپێ کەش بەڕاگواستنی گوندە ژێر دەستەکان جێ بەجێ دەکرا لە سنووری هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان کەرکوك–هەولێر– سلێمانی دهۆك ، لەم کردەیەدا سەرەتا دانیشتوانی گوندەکان دەرکران بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان بە تایبەتی دەوروبەری هەولێر زۆرترین کۆمەڵگای زۆرە ملێ ی لێ کەوتەوە کە تاکو ئێستاش بە زەقی دیارن، ئەم خێزانانەی لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان فڕێدران بێ ئەوەی هیچ جۆرە خانوو هیچ جۆرە خزمەت گوزاریەکی لێ بێ هەموو شوێنەکانیش زەوی کشتوکاڵی بوو بۆیە ژیان زۆر ئەستەم بوو دواتر هاوڵاتیان خۆیان خانوویان دروستکرد بەڵام بە شێوەیەکی کاتی چونکە هەمیشە بە نیازی گەڕانەوە بوون بۆ شوێنی خۆیان، هەر لەگەڵ

چۆڵکردنی گوندەکان شـۆڤـەڵ و بلـدۆزەر خانووەکـانی لەگـەڵ زەوی یەکسان دەکرد، ئـەم کردەوەیـەش زۆر بـە ئاسـانی بـەڕێوە دەچـوو چونکە هێزی پێـشمەرگە لـەو ناوچـانە نـەبوو یـان بـە هـۆی تـەختی ناوچـەکان و زۆری هەلیکۆپتـەری دوژمـن پێـشمەرگە نەیانـدەتوانی چالاکیان هەبێت یان بەرگری بکەن. دوواتـر دووبـارە بڕیـار دەرچـوو کە لە لایەن خودی عەلی حەسەن مەجید واژۆ کرا بوو کە تـاکو سـەر ئێسقان دڕندەیی و بێ بەزەیی تێدا بەدی دەکررا، بڕیاری یەکـەمیان بە ژمارە ٣٦٥٠،٢٨ لە ٣ی حـوزەیرانی ١٩٨٧ ئاراسـتەی ژمارەیـەك دەزگای حکومی و حیزبی و ئەمنی و فەرماندەکانی فەیلـەقی ٥/٢/١ و ئیستیخبارات و موخابەرات کرابوو کە لە ٦ خاڵدا چڕ کرا بووە:

١- هیچ کەسێ هیچ جۆرە خۆراك و مەکینـە و ئامێرێـك نـابێ بگاتـە ئـەو گوندانـەی لەبـەر هـۆی کـاری ئـەمنی قەدەغـە کـراون بـەو گوندانەشـەوە کـەوا لـە قۆنـاغی دووەمـدا کۆکراونەتـەوە هـەر کەسـێکیش ئـارەزوو بکـات دەتـوانێ بگەڕێتـەوە ڕیـزی نیـشتمانی و ڕێگە نادرێ خزم و کەس و کاری لێیان نزیـك بکەنـەوە بـە ئاگـاداری دەزگاکانی ئاسایش نەبێت.

٢-بونی خەڵك لەو ناوچـانەدا کـە ڕاگـوازراون، ئەوانـەی کـە خـەڵکی ئـەو گوندانـەن لەبـەر هۆکـاری ئـەمنی قەدەغـە کـراون ڕێگـەیان پـێ نادرێـت بـە وانـەی قۆنـاغی یەکـەم تـا ٢١ ی حـوزەیرانی ١٩٨٧ و ناوچە قەدەغە کراوەکانی دووەمیشەوە.

٣- سـەبارەت بـە بـەروو بـوم: لـە کۆتـایی دروێنـە و هێنانـەوەی بـەروبومی زسـتانە کـە دەبـێ پـێش ١٥ی تـەمووز تـەواو بێـت ڕێگـە نادرێت بۆ سەرەتای ئەم ساڵ کشتوکاڵ زستانە و هاوینە بکرێت.

٤- قەدەغەیە ئاژەڵ و ماڵات بۆ لەوەڕگا لەو ناوچانا.

٥-هێزە چەکدارەکان لەو ناوچانەدا کە فەڵەم ڕەوی دەسەلاّ تیانە دەبێ هەر کەسێ یان ئاژەڵێ دەبینن بیکوژن چونکە سەرجەمی ئەوانە قەدەغە کراون.
٦- ئەو کەسانەی بەر ڕاگواستن کەوتوون بۆ ئۆردوگاکان لەم بڕیارە ئاگادار بکرێنەوە و بەرپرسیارن لەهەر سەر پێچیەك.
ئەوەبوو ئەم خالآنە دووبارە دەکرانەوە بۆ نموونە وەك لە نووسراوێکی ژمارە ٤٧٥٤ ی ٨ی حوزەیران ١٩٨٧ دا دەردەکەوێت کەوا لە ئەمنی هەولێرەوە ئاراستەی تەواوی دەزگاکان کراوە.
ئەم بڕیارەی (عەلی کیمیاوی) بێ هیچ گیر و گرفتێك جێ بە جێ دەکرا
بڕیاری دووەم لە سەرکردایەتی نووسینگەی باکوورەوە بوو
بۆ فەرماندەی فەیلەقی ٥/٢/١
بابەت/ ئیجرائاتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو گوندانەی کەوا لەبەر هۆکاری ئەمنی قەدەغە کراون. کە دەڵێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیەی کە دوا مۆڵەتی فەرمی ڕاگواستنی ئەم گوندانە لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٨٧ دا کۆتایی دێت بڕیارماندا ئەم ئیجرائاتانەی خوارەوە لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ وە بخرێتە گەڕ:
١-هەموو ئەو گوندانەی کەوا تێکدراون و ئەڵقە لە گوێیانی ئێرانی و خیانەتکارانی لەو چەشنەی دەرهەق بە عێراقیان تێدایە لەبەر هۆکاری ئەمنی لە دەرەوەی سنوور دادەنرێت.
٢-بەناوچەی کردەی سەربازی دادەنرێت و هەموو ئەو کەس و ئاژەڵانەی دەبینرێن بە تەواوی لە دەرەوەی سنوورن و هێزە چەکدارەکان بێ هیچ بەربەستێك دەتوانن دەستیان لێ بوەشێنن تاوەکو ڕاسپاردەی تریان لەلایەن نووسینگەوە بۆ دێت.

٣-هاتووچۆکردن بۆئەم ناوچانەیان ئاژەڵداری و کشتوکاڵ کردن و هەر چالاکیەکەی پیشەسازی قەدەغەیە بەچاکی لە لایەن دەزگا تایبەتەکانەوە چاودێری دەکرێت بە تەواوی سەربەستی لە ئیجرائات وەرگرتن.

٤- فەرماندەی فەیلەقەکان دەبێ پەیڕەوی بۆردومانی ڕێك و پێك بکەن و چەکی تۆپخانە و هەلیکۆ پتەر و هێزی ئاسمانی هەموو کاتێك بە شەو و ڕۆژ بەکار بێنن بۆ ئەوەی گەورەترین ژمارەی ئەو کەسانە بکوژن کە لەناوچە قەدەغە کراوەکاندان و بەردەوام لە ئەنجامەکان ئاگادارمان بکەنەوە.

٥-تەواوی ئەو کەسانەی لەو گوندانە دەستگیر دەکرێن دەبێ لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ٧٠ساڵیدا دەبێ لەسێدارە بدرێن پاش ئەوەی زانیاری بە کەڵکیان لێ وەردەگرێت و لە کاتی خۆی ئاگادارمان بکەنەوە.

٦-ئەوانەی دەدرێنە دەست دەسەلاّتە حکومی و حیزبیەکان دەبێ لە لایەن دەزگا تایبەتیەکان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا ئەنجام بدرێت بۆ ماوەی ئەو پەڕەکەی سێ ڕۆژ کە دەکرێت درێژ بکرێتەوە بۆ (١٠) ڕۆژ ئەگەر پێویستی کرد بە مەرجێ لە هەموو حالەتەکان ئاگادارمان بکەنەوە ئەگەر لێکۆڵینەوەکە پێویستی بە ماوەیەکی دوور و درێژ بوو پێویستە بە تەلەفۆن یان بروسکە ڕەزامەندی ئێمە یان هەڤاڵ (تاهیر تۆفیق ئەلعانی)وەربگرن.

٧- هەموو شتێك کە لەلایەن موستەشارەکان و فەوجەکانی بەرگری نیشتمانیەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت بۆ خۆیان دەبێت جگە لە چەکی قورس و دابەستراو و مام ناوەندی ئەوان دەتوانن

چەكە سوكەكان بۆ خۆيان گل بدەنەوە بە مەرجێ تەنها ئاگاداری ژمارەی ئەو چەكانەمان بكەنەوە، فەرماندەی فەيلەقەكان دەبێ بە خێرايی تەواوی موستەشارەكان ئاگادار بكەنەوە و زانياری تەواومان بدەنێ سەبارەت بە چالاكيان لە نێو هێزەكانی بەرگری نيشتمان.

بۆ زانياريمان و دەست بەكاربونتان لە ناوچەی دەسەلأتتاندا ئاگادارمان بكەنەوە.

وێنەيەك بۆ:

– سەرۆكی ئەنجومەنی ياسا دانان.

– پارێزگاكان – سەرۆكی لێژنە ئەمنيەكانی – نەينەوا – ئەلتەئميم– ديالە– سەلاحەدين

– ئەميندارێتی لقەكانی پارێزگاكان كە لەسەرەوە ناويان هاتووە.

**واژۆ**

**هەڤاڵ**

**عەلی حەسەن مەجيد**

**ئەندامی سەركردايەتی هەرێمايەتی**

**سكرتێری گشتی نووسينگەی باكوور**

# بەشی سێیەم

# قۆناغەکانی ئەنفال (١٩٨٨)

# ئەنفالی( یەك ) لە دۆڵی جافایەتی

ئەنفالی یەك كە بە فەرماندەی ڕاستەوخۆی تاوانبار سوڵتان هاشم بـوو لە ناوچـەی سـەرگەڵو و بەرگـەڵو بـوو كـە شـوێنێكی شـاخاویەو چـڕە دەكەوێتە سنوری ئیداری ناحیەی سورداش سەر بـە قەزای‌دوكان ئـەم دەڤەرەش نزیكەی (١٥٠) گوند لە خۆ دەگرێـت كـە ناسـراوە بـە دۆڵـی جافایـەتی ئـەوكات سـەركردایەتی یـەكێتی نـشتیمانی كوردسـتان لـە گوندی سـەرگەڵو جـێگیر بـوو، دیـارە هێزێكـی زۆری پێـشمەرگە بـونی هەبوو لە ناوچەكە بـەڵام بـە هـۆی بـە كارهێنـانی چـەكی كیمیـاوی لـە هەندێ شوێن بەتایبەتی لەساڵی ١٩٨٧ لە بالیسان بەكار هاتبوو ورەی پێشمەرگە و خەڵكی ناوچەكە جێگیر نەبوو ، كـە دواتـر دەركـەوت بـە درێـژایی پـەلاماری ئـەنفالی یـەك چـەكی كیمیـاوی بـەكار هـات ، ئـەو هێزانـەی بـە فەرمانـدەی تاوانبـار سـوڵتان هاشـم أحمـد بەشـداریان كردلەشاڵاوی ئەنفالی یەك بریتی بون لە یەكە سەربازیانەی خوارەوە:-

- فەیلەقی یەك :-

١- فرقـــەی پیـــادەی / ٣٨ ناســـراو بـــە هێـــزی (عومـــەری كـــوڕی عەبدلعەزیز) كـە پێـك هـاتبو لـە لیواكـانی پیـادەی / ١٨ - ٤٤٧- ١٣٠ و كەتیبەی‌دەبابە و فەوجێكی مغاویر.

٢- فرقەی ئالی پێنج ناسراو بە هێزی (محەمەد قاسم) كە پێكهاتبوولە لیوای پیادەی ئالی/١٥ و لیوای ئالی /٢٠٠ و لیوای مغاویر/٢ .

٣- فرقەی پیادەی /٨ ناسراو بە هێزی ( موسەنا) كە پێـك هـاتبوو لـە لیواكانی پیادەی /٢٢ - ٤٨ - ٤٤ .

٤- فرقەی‌پیادەی دوو ناسراو بە هێزی (خالیدی كوڕی وەلید) كە پێـك هاتبوو لە لیواكانی پیادەی /٤ - ٢- ٣٦.

٥- سێ لیوای حەرەس جمهوری بە هەموو پێداویستیە سـەربازیەكانی

پێشکەوتوو.

٦- هێزی بەدر.

٧- فرقەی پیادەی /٤ ناسراو بە (قەعقاع).

٨- فرقەی /٣٣ .

٩- هێزی موعتەسەم.

١٠- چەندین یەکەی تر بەشداریان کرد لەوانە :-

أ- یەکەکانی کیمیاوی.

ب- فڕۆکە سەربازیەکان.

ج- هیزی ئاسمانی.

د- یەکە شەڕکەرەکانی فەیلەقی پێنج.

هـ- یەکە ئەندازەییەکان بۆ تێکدانی گوندەکان.

و- مەجهود حەربی کە دائیرە مەدەنیەکانی ڕێگاوبان بون بۆ کردنەوەی ڕێگاکان و دانانی پردی سەفەری.

ز- یەکەکانی ئیستخباراتی سەربازی.

بە پێ ی ئەونەخشە سەربازیانەی دانرابوو بۆ جێ بەجێ کردنی شالاوی ئەنفالی یەك لە ڕۆژانی ٦- ٧- ١٩٨٨/٢/٨ سوپا ئابلۆقەی ناوچەکەیدا لەو شوێنانەی کە بۆیان دیاری کرابوو بەم شێوازەی کە لەخوارەوە باسی دەکەین :-

١- محوەریجادەی سورداش بەرەو پیرەمەگرون.

٢- محوەری جادەی سورداش- دوکان بەرەو زنجیرە چیای چەرمابان.

٣- محوەری سورداش بەرەو شەدەڵە.

٤- لە چیای ئەزمڕبەرەو دووبرا و پشتی قەیوان.

٥- له سلێمانیەوه بەرەو دۆڵە ڕوت.

٦- لەسەربازگەی کارێزەوه بەرەو گاپیلۆن.

٧- لەدوکانەوه بەرەو قەڵەم پاشا و قەرانگوێ.

٨- له دوکانەوه بەرەو بنگرد بە سەرسێدەر.

٩- وێستگەی کۆتایی بنگرد و مەرگە.

کاتژمێر (١/٣٠) خولەکی شەوی٢٢ /١٩٨٨/٢/٢٣ که شەوێکی باراناوی زۆر سارد بوو خەڵکی ناوچەکە لەگەڵ گرمەی تۆپ و ڕاجیمە خەبەریان بۆوە کە سەدان تۆپ بەجارێ دەتەقیەوە ئەم بۆردومانە تاکو بەیانی درێژەی هەبوو بەجۆرێك که دۆڵی جافایەتی لەهەموو لایەك ئاگر باران بوو، لەگەڵ بەیانی زوو فڕۆکەکان دەستیان کرد بەبۆردومانی ناوچەکە بە تایبەتی هەلیکۆپتەرە سەمتیەکان هەجوڵەریەك له ناوچەکە هەبوایە ئەگەر مرۆڤ بوایە یان ئاژەڵ خێرا دەیانپێکا. بۆ خۆ رزگار کردن لەو بۆردومانە دانیشتوانی گوندەکان خۆیان دەگەیاندە ئەشکەوت وحەشارگەکان بە هیوای ئەوەی دوای پەلامارەکە بگەڕێنەوە ناو گوندەکان بەڵام ئەمجارەیان وانەبوو کەبتوانن بگەڕێنەوە گوندەکان چونکه ئەم پەلامارانە وا حسابی بۆکرابوو ئیترگوندەکان ئاوەدان نەکرێنەوە کەدواتر وا دەرچو، زۆرێك لەدانیشتوانی ناوچەکە بەرەو ئێران رۆیشتن له ناوبەفردا هەندێکیان گیانیان بەخشی بۆیەش بەرەو ئێران ڕەویان کرد چونکه هێرشەکان چەند ڕۆژێك بەردەوامبوو هیوای گەرانەوەیان نەما بۆ گوندەکانیان ، ئەوخێزانانەی کە کەوتنە دەست سوپای ئێراق گوازرانەوە بۆ سەربازگەکانی سلێمانی و چەمچەماڵ و لەوێوە بۆ تۆبزاوە و دوبزو نوگرە سەلمان و دواتریش بۆ گۆرە بە کۆمەڵە کان.

تایبەتمەندی ئەنفالی یەك لەوەدابوو بۆ سوپای ئێراق چونکه

سەرکردایەتی یەکێتی نشتیمانی کوردستان لە سەرگەڵوبوو دیارەکۆنترۆڵی ناوچەکە کرابوو لەلایەن سەرجەم هێزە سیاسیەکانیکوردەوە رژێم پێی وابووئەگەر کۆنترۆڵی ئەو ناوچایەبکات گورزێکی کوشندە لەهێزی پێشمەرگە دەدات دواتر بە ئاسانی دەتوانێت قۆناغەکانی تری ئەنفال جێ بەجێ بکات ئەم بۆچونەش وادەرچوو چونکە سەرکردایەتی یەکێتی دوای شەڕێکی بێ ئەنجام سرکردایەتیەکەی گواستەوە بۆ شاری سەقزی ئێرانی هێزی پێشمەرگەی هەموو پارتەکان لە ناوچەکانی تر وەکو پارتی زانی مانەوە لە شێوە مەفرەزە دوای سەر کەوتنی سوپای ئەنفالچی سولتان هاشم أحمد فەرماندەی شالاوەکە لە بروسکەیەکدا بۆ سەدامی گۆڕبەگۆڕ پەیامی سەرکەوتن بە سەدام ڕادەگەیەنێتو بۆ یەکەم جار ناوی ئەنفال لەدەمی ئەو تاوانبارەوە دێت شانازی بەو تاوانەوە دەکات و دواتریش نیشانەی ئازایەتی لەهەمبەر ئەو تاوانەوە لە سەدام وەردەگرێت شانازی سولتان هاشم دەگاتە ئەو ئاستەی لەو کاتە دا کچێکی لەدایك دەبێت ناوی لێ دەنێت (ئەنفال) سولتان هاشم لە هەمبەر تاوانی ئەنفال لەدادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق چوار بڕیاری لە سێدارەدان وەردەگرێت بەڵام تاکو ئێستا جێ بە جێ نەکراوە.

# ئەنفالی ( دوو ) لە ناوچەی قەرەداغ

ڕژێمی بەعس بۆ تەواو کردنی شـالآوەکانی ئـەنفال دوای پیـادە کردنـی شالاوی ئەنفالی یەك  کە یەکەم ئەزمون بوو بۆ سوپای ئێراق بایدایـەوە ناوچەی قەرەداغ و ناوی ئەوشالآوەی نا (ئـەنفالی دوو) دیـارە ناوچـەی قـەرەداغ ناوچـەیەکی جـوان و ڕەنگینـە و ڕازاوەتـەوە بـە چیای بـەرز وجوان کە لە ڕوی سروشـتەوە جوانیـەکی یـەکجار زۆری بەخـشیوە لـە هـەمان کاتـدا ناوچـەیەکی چـڕو دژوارە  لـەڕوی جوگرافیـەوە بۆیـەش قۆناغی ئەنفالی دوو لەوێ پیادە کرا دیارە بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی ئـەم تاوانە هێزێکی سەربازی زۆر ئامادە کرابوو  کە لێرەدا باسـی دەکـەین، لە چوار چێوەی ئەم پەلامارەدا پیلانێکی سـەربازی تۆکمـە ڕێکخرابـوو هەموولایەنێکی  پەلامارەکـە حیـسابی بـۆ کرابـوو وەکـو دابـین کردنـی ئۆتۆمبیلی سەربازی بۆ گواستنەوەی دانیشتوانی ناوچەکە و تێکـدان و خاپور کردنی گوندەکان لە ڕێگای شۆڤڵ و بلدۆزەرەوە٠٠ هتد.

شالآوی ئەنفالی دوو لە قەرەداغ بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی (لیوا روکن ئەیاد خەلیل زەکی) بوو کە فەرماندەی فەیلەقی دوو بوو کـە ناسـرابوو بە هێزی (یەرموك) بە هاوکاری ئەم یەکانەی خوارەوە :-

فرقەی پیادەی (١٥) بە ناوی هێزی فاروق کـە لـەم یەکانـەی خـوارەوە پێك هاتبوو :-

أ- لیوای پیادە / ٤٣٦ .

ب- لیوای پیادە / ١٠٤ .

ج- لیوای پیادە/  ٧٦  .

د- کەتیبەی دەبابەی نەهرەوان.

٢- فرقەی پیادەی ( ٣٤) ناسراو بە هێزی ( الحارس)  کە پێك هـاتبوو لەم یەکانەی خوارەوە :-

أ- لیوای پیادەی / ٥٠٢.

ب- لیوای پیادەی / ٥٠٤.

ج- لیوای پیادەی / ٩٠ .

د- کەتیبەی دەبابە .

٣- فرقەی مدەرەعەی (٣) ناسراو بە هێزی (صلاح الدین) کە پێك هاتبوو لەم یەکانەی خوارەوە :-

أ- لیوای پیادەی ئالی / ٨ .

ب- لیوای مدەرەعەی /١٢ .

ج- لیوای مدەرەعەی /٦ .

د- فەوجی مغاویر .

٤- فرقەی / ٥٠ بە فەرماندەی ( عەقید روکن زوهیر یونس علی).

٥- فەرماندەی فەوجە سوکەکان/١ واتە ( جاشەکان) بە فەرماندەیی ( عەمید روکن سەعد شەمسەدین).

٦- فەرماندەیی هێزی یەك.

٧- فەرماندەیی فەوجە سوکەکان/٣ (جاشەکان).

٨- فەرماندەی کەرتی قەرەداغ.

٩- هێزی تەواری سلێمانی.

هەندێ هێزی تر بەشداریان کرد لەوانە :-

أ- پۆلی کیمیاوی

ب- فرۆکەوانی سوپا.

ج- هێزی ئاسمانی.

د- پۆلێك لە ئامێرەکان بۆ روخاندنی گوندەکان لە شۆفل و بلدۆزەر.

هـ- ( المجهود الحربی)تایبەت بە کردنەوەی رێگاو بانەکان.

و- یەکەکانی ئیستخباراتی سەربازی.

دابەش کردنی هێزەکان بە پێـی ئـەو پیلانـەی بۆیـان دانـدرابوو بـەم شێوەیەی خوارەوەبوو :-

- لە رۆژی ١٩٨٨/٣/٢٢ هێزەکان کەوتنە جولە بەرەو ئەوشوێنانەی بۆیان دیاری کرابوو لـە ناوچـەی قـەرەداغ بـە چـاودێری فەرمانـدەیی گشتی سوپای ئێراق و سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپاو بـە سەرپـەرشـتی ( حـسین رشـید تکریتـی ) کـەدواتر لەسـەر ئـەم تاوانـە بریـاری لـە سێدارەدانی بۆ دەرچوو لە دادگای باڵای تاوانیە ئێراق ، بـەڵام تـاکو نوسینی ئەم بابەتە سزاکەی جێبە جێ نەکراوە :-

١- لە زەراینەوە بەرەو جولانە و بەلکان.

٢- لە بیرکێ بەرەو کانی سارد و ناوتاق.

٣- لە زەردە بەرەو بەرزاییەکانی چیای قەرەداغ ( قۆپی قەرەداغ)٠

٤- لە زەردە بەرەو چرچە و بەکربایف.

٥- لە کەلوش بەرەو باوخوشین و بەلەکجاڕ.

٦- لە دەسکەرە بەرەو سەروچاوو ئۆمەر قەڵا.

٧- لە چەمچەماڵەوە بەرەو سەنگاو.

لـە ئێـوارەی هـەمان رۆژ لـە کاتـژمێری (٦/٣٠) فرۆکـەکانی سـوپا هەڵسان بە بۆمباران کردنی گوندەکانی گومەتە و مەسنەوی کۆشـك عەلیا و تەکیە و بەلەکجاڕ و سێوسێنان بـە چـەکی ئاسـایی ، بـەڵام دواتـر بـە هـۆی تۆپخانــەی دور هاوێـژەوە راجیمـە و موشــەکانیان هەڵگری ژەهری کیمیاوی بون بۆیەش یەکەمجار بـە چـەکی ئاسـایی تۆپ بارانی ناوچەکەیان کرد بۆ ئەوەی دانیشتوانی گوندەکان خۆیـان بشارنەوە لەو کونە فرۆکانەی کە لە ژێـر زەوی چـاکیان کردبـوو بـۆ خۆپاراستن لە بۆردومانی سوپای ئێراقی ئینجا لە تۆپخانەکانی کانی سـارداو گـوڵان و دەربەنـدیخان و ئاغجەلـەر بـە چـەکی کیمیـاوی

ناوچـەکەیان بۆردومـانکرد تـاکو زۆرتـرین کـەس لـە دانیـشتوانی ناوچەکە بەربکەون، کە پێشتر لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ یش بۆردومـانی شـاری هەڵەبجـەی کـرد بـە چـەکی کیمیـاوی (٥٠٠٠) کەسـی تیـادا شـەهید کـرد و نزیکـەی (١٠٠٠٠) کەسیـشی برینـدارکرد ، دیـارە بۆردومـانی هەڵەبجـەش ترسـێکی زۆری لای دانیـشتوانی ناوچـەی قەرەداغ دروستکرد مەبەستی ڕژێمیش ئەوەبوو بەو ترسە وابکات کە خەڵکەکە زوو خۆیان ڕادەستی سوپای ئەنفالـچیەکان بکـەن،دوای بۆردومانە چڕەکەی سوپای بەعس لە ڕۆژی ٢٩ /٣ /١٩٨٨ چـڕترین پەلامار لە هەموو ئەو شوێنانەی کە لە سەرەوە باسمانکرد دەستی پیێ کرد بـە جۆرێـك لـە هـەموو شـوێنێکی ناوچـەکە ئـاگر بـارانبوو ،دەنگـی فڕۆکـەو دەنگـی دەبابـەو بۆردومـانی تۆپخانـەکان ڕۆژی حەشـری دروسـتکردبوو، بۆیـە بەناچـاری دانیـشتوانی گونـدەکانماڵیان بەجێ هێشت و ڕویـانکردە حەشارگەو شـاخ و دۆڵـەکان بـێ ئەوەی هیچ شتێك لە گەڵ خۆیان ببەن. دوای ئەوەی ناوچەکەیان لێ تەسك بووەوە بە ناچاری ڕویان کـردە بـاکوری قـەرەداغ بـەرەو کۆمەڵگاکانی نزیك سلێمانی ، بەڵام لە دەوروبەری چیای گڵە زەردە سوپای ئەنفالچی ڕوبەڕویان بونـەوە زۆرێـك لـەو خەڵکـە دەسـتگیر کران کەشاهید حاڵەکان ئەوڕۆژە بە ڕۆژی حەشـر داداەنـێن چـونکە هەموو لایەك گیرابوو تەنانەت ئەو ڕێگایانەی بەرەو سـلێمانی دەچـوو هێزی تەواری و ئەمن کۆنترۆلیان کردبوو دانیشتوانی ناوچەکە بون بە چەند بەشێکەوە.

یەشی یەکەم کە ژمارەیان زۆربوو بـەورەو باشـوری قـەرەداغ ڕۆیـشتن واتە بەلای ناوچەی گەرمیاندا ئەمانە زۆربەیان خەڵکی ئەوگوندانـە بـون کـە کەوتبونـە خـواروی ڕۆژهـەلاتی دەربەنـدیخان بـەڵام ئـەم بەشـەیان

هەموویان  کەوتنە دەست سوپای ئێراق و گوازرانـەوە بـۆ سـەربازگەی چەمچەماڵ  لـەوێوەش پیـاوانی ئـەمن بـەرەو تـۆبزاوە و دوبـز ونـوگرە سەلمان بەڕێیان کردن لەوێش پیاو وژن ومنداڵ لەیەکتر جیا کرانـەوە و دواتریش بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان.

بەشـی دووەمـی خەڵکەکـە هـەر زوو  خۆیـان ڕادەسـتی سـوپا کـرد ئەوانیش بەدەردی بەشی یەکەم چون.

بەشی سێ یەمیخەڵکەکەخۆیان گەیاندە ناو سلێمانی  و کۆمـەڵگاکانی بازیان وپیرەمەگرون و سمود و شوێنەکانی تربە نهێنـی بـەڵام هـەر زوو دەزگای ئەمن وئیستخبارات پێیان زانی بۆیـە لـە ڕێگـای بڵندگۆکانـەوە جاریاندا کە لێبـوردنی گشتیەو  هەرکەسـێ خـۆی ڕادەسـتی نـزیکترین مەرکـــەز یـــان دەزگـــای حـــزب و ئـــەمن بکـــات زەوی و خـــواردن وپێداویستیەکانی ناوماڵیان دەدەنێ بۆیە بە لێشاو خەلکەکـە خۆیـان ڕادەستی حکومەتی بەعس کرد و هەمویان بە دەردی ئەوانی تـر چـون ئەوانەشی کە خۆیان بە دەستەوەنەدا جاردرا ئەگەر هەرگونـد نـشینێك لە هەرماڵێك بگرن ماڵەکەشی پێوەئەنفال دەکەن.

دوای ئەوەی سوپای ئێراق کۆنترۆلی ناوچەکەی کرد ئیتر دەستیان کرد بــەتاڵان کردنــی گونــدەکان لــە مــەڕو مــاڵات وتراکتــۆر و دەراســەو هەموشتێکی تر، جاشەکانیش بە هـەمان شـێوە ڕەفتاریـان کـرد. ئـەم شاڵاوە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١ کۆتایی پێ هات کە ناوچەکەلە ژیان دامـاڵا و بە شێوەیەکی گشتی ژیانی تیا سڕاوە.

# تاوانی ئەنفالی ( سێ ) لە گەرمیان( ١٩٨٨/٤/٧ )

بەهۆی ڕەگەز پەرستی وشۆڤینیەتی و خۆپەرستی حیزبی بەعسی گۆڕبە گۆڕ هەمیشە هزرو هۆشی ئەو حیزبە لە کار بووە بۆ ڕیشەکێش کردنی دەوروبەری بۆ ئەوەی پرۆسەی دیموکراتی لە وولاتی ئێراق گەلاڵە نەبێ و هەتا دونیا ماوە بەعس دەسەلاتی ڕەهای لە ئێراق دا هەبێت،جگە لە هەندێ هەڵبژاردنی درۆزنانە نەبێ نە دیموکراتی و مەدەنیەت و پاراستنی مافی مرۆڤ لە سەردەمی بەعسدا نەبووە ،هەموو تاکێك بیویستبوایە بژیت دەبوو دەستەمۆی بەعس وملکەچی فەرمانەکانیان بێت.لە کوردستانیش دا وەکو مۆرانە کاریان دەکرد لە تەعریب و تەرحیل و تەبعیس و قڕکردن بە تایبەتی لە ناوچە هاوسنورەکان لە گەڵ کوردو عەرەب کە سنوری پارێزگای (کەرکوك) وگەرمیان بۆ ئەم تاوانانەی بەعس پشکی شێریان بەرکەوتووە لە هەموو کات و ساتێکدا.تاوانی (ئەنفال) یەکێکە لەو تاوانە گەورانەی کە لە دژی گەلی کوردستان ئەنجامدرا بە هەشت قۆناغی جیاجیا کە سەرتاسەری کوردستانی کردە سوتماك و زەوی قەدەغەکراو ،وە دانیشتوانەکەی بێ سەروشوێن کردو ئەویش کە لەم هەشت قۆناغە بێ سەروشوێن نەکرا ئاخێنرانە ناو ئۆردوگا زۆرە ملێکان ،بەلام چۆن لە هەموو تاوانەکانی بەعسدا سنوری (کەرکوك) و گەرمیان جیاوازبوون ،بە هەمان شێوە لە تاوانی (ئەنفال) یشدا سنوری (کەرکوك) و گەرمیان جیاواز بووە.(ئەنفال) ی سێ یەکێکە لە هەشت قۆناغی بێ سەروشوێن کردنی کوردو ڕوخاندنی گوندەکان ،قۆناغی سێ لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٧ دەستی پێ کرد لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢٠ کۆتایی هات کە سنوری پارێزگای (کەرکوك) ی گرتەوە بەرەو باشوری شارەکە ،واتە شارۆچکەو گوندەکانی گەرمیان بەم شێوەیە : خورماتو – کفری –

کەلار –خواروی دەربەندی خان – چەمچەماڵ – کفری –هتد.٠٠٠٠
ئەو هێزانەی کە بەشداریان کرد لە قۆناغی (ئـەنفال) ی سـێ دا بـریتی بوون لە :

١–هێزی فەیلەقی دوو بە سەرپەرشتی تاوانبـار فـەریقی یەکـەم (کامـل ساجد) کە پێکهاتبون لەم یەکە سەربازیانەی خوارەوە :

ا–فرقەی پیادەی / ١٥.
ب – فرقەی پیادەی / ٣٤.
ج – فرقەی ئالی مدەڕەعەی / ٣.

٢– هێزی فەیلەقی یەك بە سەرپەرشـتی تاوانبـار (سـولتان هاشـم) کـە پێکهاتبوون لەم یەکە سەربازیانەی خوارەوە :

أ– هێزی فەوجە سوکەکان واتە (جاشـەکان) بەسەرپـەرشـتی تاوانبـار لیوا (سەعد شەمسەدین).
ب– فرقەی مدەڕەعە (١٠) بەسەرپەرشتی تاوانبار (خالد دلێمی).
ج– هێزی پاسەوانی نەوت بە سەرپەرشتی تاوانباری گۆڕبەگۆڕ (بـارق عەبدولاَ حنتە).
د– فەرماندەیی مەوقعی فەیلـەقی یـەك بـە سەرپـەرشـتی لیـوا (مـونزر ئیبراهیم ).

٣– (الجهد الهندسی) بۆ ڕوخاندن و تێکدانی گوندەکان.
٤– هەیئەی ئەرکانی ئیستیخبارات سەر بە فەیلەقەکان وفرقەکان.
٥– پۆلی کیمیاوی.
٦– فڕۆکەکانی سوپا.
٧– هێزی ئاسمانی.
٨– یەکەکانی ئەمنی پارێزگای (کەرکوك) و (سلێمانی).

سوپای بەعس لە (١٣) لاوە دەستی بە پەلامارەکانی دەکات ، محوەری پەلامارەکانی سوپا لە (ئەنفال)ی سێ دا بۆ ناوچەکانی گەرمیان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :

١-خورماتوو - باشتەپە ئاوەسپی.

٢- کفری - ئۆمەربل عەزیز قادر.

٣-کفری - دەراجی.

٤-کەلار - تیلەکۆ - کوڵەجۆ.

٥-پێباز - شێخ تەوێل.

٦- بانگۆل - بەکربایف.

٧-دەربەندی خان - دروزن.

٨-چیای قەرەداغ - تەپە کروس.

٩-قادر کەرەم - ئیبراهیم غولام.

١٠-قەرەداغ - دوزینە.

١١-قەرە حەسەن - هەنارەو مەحمود پەریزاد.

١٢-لەیلان - تازە شار.

١٣-سەنگاو - سەرقەلاّ.

لە گەڵ دەرکەوتنی خۆری بەیانی ڕۆژی ٧ / ٤ / ١٩٨٨ هێزەکانی سوپای بەعس بەم شێوەیەی کە لە سەرەوە باسمانکرد پێشڕەویان کرد بۆ دەڤەرەکە ،کەخەڵکی گەرمیان خەریکی کاروکەسابەتی خۆیان بوون هەروەکو ڕۆژانی ڕابردوو، هێزەکان بەو شێوەیەی پلانیان بۆ دانرابوو هێرشیان کردەسەر ناوچەکە لە ناوەندی قەزای (خورماتوو) ەوە هێزێکی گەورە پێشڕەویان کرد بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە لە گەڵ ئەو هێزە زیادانەی کە لە شاری (کەرکوك) و لەیلان و چەمچەماڵ و سەنگاوەهاتبون بۆ ئەوەی لە(قادرکەرەم) یەك بگرنەوە.وە بەپێ ی

پلانی دارێژراو، ئـەو هێـزەی کـە لـە (خورمـاتوو) بـوون کـران بـە سـێ بەشەوە :

هێزی یەکەم : بەرەو خواروی ڕۆژهەلاتی (نەوجول) بەرەو(ئاوەسپی).

هێـزی دووەم : بـەرەو دۆلـی ڕەملـی (ئاوەسـپی) لـە ڕۆژهەلاتـەوە بـە پـــشتگیری هێـــزی ئاسمـــانی فرۆکـــە جەنگیـــەکان و ســـەمتیەکان بۆردومانێکی چڕی گوندەکانی دیاریکراوین کرد.

هێزی سێ یەم : هێرشێکی توندی کردە سەر گوندی (تازەشار) وە بـە چەکی کیمیاوی لە ڕێگەی هێزی ئاسمانی بۆردومانکرا،ئەو سـێ گونـدە گـەمارۆ دران (کـانی قـادری گـەورە) و(کـانی قـادری بـچوك) و(شـێخ حامـد).ئـەو هێـزەی کـە لـە (قادرکـەرەم) ەوە هێرشـی کـردە سـەر گونـدەکانی بـاکوری (قادرکـەرەم) بـە سەرپەرشـتی عەقیـدی قـوات خاسـەی گـۆڕ بـەگۆڕ(بـارق عەبـدولا حنتـە) بـوو گەیـشتە بـاکوری ڕۆژئاوای(قادرکەرەم) ،گوندەکانی ناوچەکەیان گەمارۆدا کە یـەکێ لـەو گوندانە گوندی(ئیبراهیم غولام) بوو کە گوندەکەیان بـە جـێ هێـشتبوو بـــەرەو دەوروبـــەر بـــۆ خـــۆ ڕزگـــارکردن،دوایی گەڕانـــەوە خۆیـــان بەدەســـتەوەدا (٥١) کەســـیان لـــێ (ئـــەنفال) کـــرا کـــە لـــە عەشـیرەتی(زەنگەنـە) بون،بـەلام هێـزی سـێ هێرشـی کـردە سـەر گوندەکانی سنوری(سەنگاو) و (چەمچەماڵ) و هـەموو گونـدەکانی ئـەو سـنورەی وێرانکـردو هـەموو ئـەو خێزانانـەیان دەسـتگیرکرد کـە لـە دۆلەکان خۆیان حەشاردابوو بردنیان بۆ بنکـەی پۆلیسی(قادرکـەرەم) لەوێوە بەرەو ناوەندی(ئەنفال) لە(تـۆبزاوە) ی خـوار شـاری(کـەرکوك) ،ئـەو گوندانـەش(تەیبرزوپەریزادەوسـۆلەوتەکیەی جـەباری وبـانگۆل وهـەتا لەیلان،بـەلام هێـزی چـوار لـە سـەنگاوەوە لەگـەل کەتیبـەی دەبابـەکان ڕوی کـردە ڕۆژئـاوا بـەرەو دۆلـی(گۆلبـاخ) لـە ڕۆژهـەلاتی

(قادرکەرەم) گوندەکانی (قەیتول – کاروانی – گۆڵباخی بچوك – گۆڵباخی گەورە و گوندەکانی تر لەناوچەکە خێزانەکانی ئەم ناوچەیەش بە هەمان شێوە گوازرانەوە (تۆبزاوە) ،لە هەموو ئەم پەلامارانەشدا هەندەسەی سەربازی گوندەکانی تەخت دەکردبە (شۆفەڵ) و (بلدۆزەر).جێگای وەبیرهێنانەوەیە لە هەموو هێرشەکاندا (جاشەکان) لە چوارچێوەی فەوجە سوکەکان ومەفرەزە تایبەتیەکان بەشداری و چاوساغی هێزی داگیرکەر بون وبە پێ ی بەڵگەنامەکان زۆرێك لەو(جاشانە) نیشانەی ئازایەتیان وەرگرتووە لە زاری خۆشیان شاهێدی دەدەن کە چەند شانازی بەوەوە دەکەن کە بەشداریان کردووە لە تاوانی(ئەنفال).لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢٠ دوا گوندیان وێرانکرد لە گەرمیان ئەویش گوندی (فەقێ مستەفا) یە ،بە پێ ی ئەو بروسکەیەی لە ئیستیخباراتی فەیلەقی دوو هاتووە بە ژمارە (١١٣٨٦) لە ١٩٨٨/٤/٢١ بۆ نوسینگەی (تەنزیمی باکور) لە شاری (کەرکوك) کەسوپا هەموو ئامانجەکانی پێکاوەو خەڵکی ناوچەکە بەرەو چارەنوسی نادیارناردران و گوندەکان تەخت و خاپورکران.

**تاوانەکانی بەعس لەکردەی (ئەنفال) ی (سێ) دا بریتی بوو لە:**

١–تاوانی جینۆ ساید : واتە بە کۆمەڵ کوشتن،لە کاتژمێر ٣٠: ٤ دوای نیوەڕۆی ١٩٨٨/٤/٩ هێزەکانی (ئێراق) بۆردومانی گوندی (تازەشار) یان کرد بە چەکی کیمیاوی کە چەکێکی قەدەغەکراوە لە جیهان ،لەو ڕۆژەدا زۆرترین خەڵك کوژران.

٢–بەپێ ی ئامارێك لەم هەڵمەتەدا(٣٤٧٧٠) کەس لە ژن و منداڵ و گەنج و بەساڵاچوو بێ سەروشوێن کران.

٣–هێزەکانی بەعس لە سەربازو ئەفسەرو هێزی (ئەمنی داخلی)

و(جاشەكان) چەندين تاوانيان ئەنجامدا
٤-گواستنەوەی هەزاران خەڵك بۆ بەنديخانەی (نوگرە سەلمان)و شوێنەكانی تر بەمەبەستی لە ناوبردنيان يان لە پێش چاويان لە بەنديخانەی (نوگرە سەلمان) (سەگ) دەيانخواردن ئەو (سەگەڕەشە)ی كە هەموو ڕزگاربوانی بەنديخانەی (نوگرە سەلمان) باسيان دەكەن.
٥جياكردنەوەی ژن و منداڵ وپیرو گەنج.
٦-برسی كردن.
٧-هەتك كردنی ئافرەتان لەلايەن تاوانبار (عەجاج و شەمخی).
٨-وێران كردنی گوندەكان و تێكدانی ژینگەی ناوچەكە.
جگە لە تاوانی بنبڕكردنی ژيان بە نەمانی ژێرخانی ئابوری و كۆمەلآيەتی و خەمۆكی و بیٚ كاری و بەهەزاران كێشەی تر لە بەردەم ئەوانەی رزكاربون لەچنگی ئەنفالچيەكان زەق بووە.

# شالاوی ئەنفالی ( چوار ) ( ١٩٨٨/٥/٣ )

ئەنفالی چوارکە لە رۆژی ٣|٥|١٩٨٨ دەستی پێکرد ناوچەیەکی جوگرافی زۆری گرتەوە لە دەوروبەری زێ ی‌بچوك کە لەناوچەکانی شوان– شێخ بزێنی – قەلا سێوکە – تەق تەق – کۆیە –خەلەکان ئەم تاوانە جێ بەکێ کرا. هەرچەندە سێ قۆناخی تری ئەنفال پیادە کرابوو خەڵکی ناوچەکە ئاگادار بووبونەوە کەچی لەبەر بێچارەیی و نەبونی پەنایەك دیسان خەڵکێکی زۆری ناوچەکە بەرشالاوی ئەنفال کەوتن. سەدام فەرماندەدات بە هێزی سەربازی و گۆربەگۆر عەلی حەسەن مەجید و هاوکارەکانی بەجێبەجێ کردنی ئەنفالی چوارەم. دیارە لیوا روکن سلتان هاشم کە ئەوکاتە فەرماندەی فەیلەقی یەك بوو سەر پەرشتی راستەو خۆی تاوانی ئەنفالی چواری کردوە کەلەم یەکە سەربازیانەی خوارەوە پێك هاتبوو ون :–

١–فەرماندەی فەیلەقی یەك کە پێك هاتبون لەم یەکانەی خوارەوە:–

أ– فرقەی پیادەی ئالی | ٨ .

ب– فرقەی | ٣٨ .

ج– فرقەی پیادەی | ٨.

د– فرقەی پیادەی | ٢.

٢– هێزی نەسر بە فەرماندەی (عەمید روکن خالد احمد ابراهیم )

٣– هێزی |٤٦ بە فەرماندەی بە فەرماندەی ( عەمید روکن عەلی احمد محمد ).

٤– هێزی پاراستنی نەوت بە فەرماندەی (عەمید روکن بارق عبدالله ).

٥– مەوقعی فەیلەقی یەك بەفەرماندەی (عەمید روکن علاءمحمد تها ).

٦– مەفرەزەکانی ئەمن و تەواری سلێمانی و کەرکوك.

٧–یەکە \ەندازەییەکانی بۆ تێکدانی گوندەکان.

٨– دەستەی ئەرکانی ئیستخباراتی سەربە فەیلەق و فرقەکان.

٩- پۆلی کیمیاوی.
١٠-فرۆکە سەربازیەکان.
١١- هێزی ئاسمانی.
١٢- ئیستخباراتی سەربازی.

ئەم هێزە زەبەلاحە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەی بۆی دانرابوو بە پیلانێکی پێشوەخت بە پێ ی جوگرافی ناوچەکە دابەش کرابون بۆ پەلاماردانێکی تۆکمە بۆ سەر دانیشتوانی گوندەکان کە هەموویان خەڵکی جوتیارو کاسبکار بون. بۆ پیادە کردنی تاوانی ئەنفالی چواریش سوپای بەعس ئەزمونی کونی سێ شالاوی تاوانکاری تری هەبوو کە لە دۆڵی جافایەتی و قەرەداغ و گەرمیان ئەنجامی دابوو بۆیە تا دەهات تاوانەکانیان زوتر و زیاتر ئەنجام دەدا، دیارە ترسێکی زۆر لە ناوچەکە لە ناو دانیشتوان بڵاو بووبوو کە دەنگۆی شالاوی سوپای بەعس هەبوو بۆ ناوچەکە بە حوکمی ئەوەی لە شوێنەکانی تر چەکی کیمیاوی بەکار هاتبوو ترسێکی زۆر هەبوو لە نێوان هاوڵاتیان و هێزی پێشمەرگەش چونکە هیچ پێداویستیەکی خۆپاراستن لە چەکی کیمیاوی نەبوو. سوپا دەستی بە هێرش کردن کرد بۆ ناوچەکە بە پێ ی ئەم دابەشکردنەی خوارەوە :-

١- لە چەمچەماڵەوە بەرەو کانی عارەبان - تلیان - تیژە - مەحمەخان.
٢- لە چەمچەماڵەوە بەرەو تەوەکەل - شێخ پالەوان - ئاغجەلەر.
٣- لەچەمچەماڵەوە بەرەو سنوری گوندی فەقێ میرزا.
٤- لە چەمچەماڵەوەبەرەو ئاغجەلەر - گۆبتەپە - گەڵناغاج - سەرچنار.
٥- لەناوەندی ناحیەی تەقتەق کەدەکەوێتە سەر زێ ی بچوک بەرەو گوندەکانی شیخ بزێنی سەرو قەرەناو - قەسرۆك - گردخەبەر- کانی هەنجیر ئیبراهیم ئاغا.

٦– لە ناحیەی تەقتەق بەرەولای ناحیەی شوان گوندەکانی تورکمان باغ – کارێزە – ئومەرمەندان و ناوەندی شیوەسور.

٧– لە ناحیەی تەقتەق بەرەو کونەگورگ – باغەجنێر – گەرمك – تەکەڵتو.

٨– لە ناحیەی تەقتەق بەرەو مخەرەس – مەلازیاد – گۆمەشین – قزلو – کەناری زێ ی بچوك.

٩– لە کومەڵگای گۆپاڵە کە دەکەوێتە سەر ڕێگای سلێمانی کەرکوك لە دۆڵی بازیان بەرەو سەروچاوە – کانیبی – گەورە دێ.

١٠– لە سوسێوە بەرەو شیلە خان – عەودالآن – زەرزی – قۆجبلاغ.

١١– لە سوسێوە بەرەو سەرد – دەرەنار – چەمی سورقاوشان.

١٢– لە قەزای دوکانەوە بەرەو کەڵکەسماق – کانی سور –بۆگد – کانیبی لە دەشتی کۆیە

١٣– لە قەزای کۆیەوە بەرەو شەوگێڕ– باجوان – ناسرئاغا.

١٤– لە کۆیەوە بەرەو بناری حاجی قەلا – داوداوە.

١٥– لە قەزای کۆیە – قەسرێ – تیمار – دۆندار.

١٦–لە ڕێدار ناوەندی ناحیەی شوان بەرەو گوندەکانی جولحان – پاپیلان – گورگان – قەفار.

١٧–لە ڕێدار ناوەندی ناحیەی شوان بەرەو سنوری شێخ بزێنی خوارو گوندەکانی عەلی بەیان –شەوگێڕ– مەرزیخە – عەمدۆن.

١٨–لە ناحیەی پردێوە کە دەکەوێتە سەر زێ ی بچوك لە نێوان شاری هەولێر و کەرکوك بەرەو گوندەکانی گەلۆزی – سەربیر – قەرەسالم – تولکی – هەردوو دەرماناوی سەروو خواروو.

١٩– ناحیەی قەرەهەنجیر کەدەکوێتە سەرجادەی کەرکوك سلێمانی بەرەو گوندەکانی شوانی سەرخاسە – دەلۆ – قەلاوقوت – قەفار –هتد.

بەم شێوازە ڕژێم پەلاماری ناوچەکەی دا لە ژێر فەرمانی خودی سەدام و بەسەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجید کەنیازیان وابوو نیشانەیەکی گەورە بپێکن بە چەکی کیمیاوی زۆرترین خەڵکیش بکوژن بۆ بلاو کردنەوەی ترسی گەورەو چاوشکاندنی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ خۆ بەدەستەوەدان ئەوەبو لە ڕۆژی ٣|٥|١٩٨٨ دوای چەند کاتژمێرێك لە پەلامارەکە لە عەسرانێکی درەنگ پۆلێك لە فرۆکەی ڕژێمی بەعس بە نزمی بەسەر گوندی گۆپتەدا سوڕانەوە دوای ئەوە دەنگێکی نەرم هاتە بەر گوێی خەڵکی ناوچەکە که (٨) گرمەی خەفە کراوبوو لەدوای یەك دواتر دوکەڵێکی سپی بەرز بوەوەو بۆنێك بلاو بوەوە لە ناوگوندەکە وەکو بۆنی سێوی یان سیر، پیاوێك کەخەڵکی گوندی گۆپتەپە یە بەناوی (مدیر) کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرد تەنها خۆی ماوە ژن و منداڵەکانی هەموویان ئەنفال کراون دەڵێ من زوو منداڵەکانم خستە ناو تراکتۆرکەم و بۆدەرەوەی گوندەکە بردیانم باش بوو ئێمە سەلامەت بوین بەر کیمیاویەکە نەکەوتین چوینە کونە شاخێك منداڵکانم شاردەوە تراکتۆرەکەشم لە شوێنك دانا بوو بەیانی گەرامەوە بۆ سۆراغی کەس وکارم بەترسەوە نزیك ناو گوندەکە بومەوە بە چاوی خۆم بینیم جەنازەیەکی زۆر کەوتبوو من نەم دەزانی سوپای بەعس لە ناو گوندەکەیە لەناکاو لە پەنایەك سەربازێکم بینی نەمزانی ئەو پێشتر منی بینیوە بە زمانی عەرەبی وتی کاکە چیدەکەی لێرە برۆ مەمینە لێرە نەزار خەزرەجی لێرەیە بت بینێ دەتکوژێ منیش ترسەکەم کەم بۆوە دیاربوو ئەو سەربازە خەڵکی باشوری ئێراق بوو شیعە بوو دواتر من بە چاوی خۆم نەزار خەزرەجیم بینی لەدورەوە بە لەقە لە منداڵی دەدا کە مردبوو بە چەکی کیمیاوی.(مدیر)دوای ئەوەی گەرایەوە بۆ لای منداڵەکانی جارێکی تر منداڵکانی نەبینیەوە و تراکتۆرەکەشی دەسوتێت و فرۆکە

لێ ی دەدەن منداڵەکانیش ئەنفال دەکرێن. گوندی گۆپتەپە گوندێکی گەورە بوو نزیکە (٤٠٠) خێزانی تێدا دەژیا خاوەنی پانتاییەکی زەوی کشتوکاڵی گەورە بوو دەکەوێتە سەر زێ ی بچوك.قوتابخانە و بنکەی تەندروستی ودوو مزگەوتی لێ بوو لەگەڵ بنکەیەکی رێنمایی کشتوکاڵی، لەگوندی گۆپتەپە (٥٠٠) کەس ئەنفال کراوە جگە لە چەندین خەڵکی تر کە بەر کیمیاوی کەوتن. دواتر فرۆکەکان بۆردومانی چەمی رێزانیان کرد بە چەکی کیمیاوی خەڵکی ناوچەکە هەندێکیان توانیان خۆیان رزگار بکەن ئەوانەشی مابونەوە بەر کیمیاوی نەکەوتبون سوپا هێرشی کردە سەریان و بەرەو تۆبزاوە را گوازران.

لەگوندی عەسکەرکەهاوسنورەلەگەڵ گوندی گۆپتەپە نزیکەی (٧٠)خێزان رادەستی سوپای ئەنفالچی کران لەرۆژی ٢٤|٥|١٩٨٨ گوازرانەوە بۆ سەربازگەی سوسێ.

بە پێ ی نوسینەکانی (میدل ئیستووچ) لەگوندەکانی(کلێسە –بۆگد– قزلو –کانی هەنجیر– گۆمەشین) (١٦٨٠) کەس لە ژن ومنداڵ و پیاو دەستگیر کران تاکو ئێستا چارەنوسیان دیارنیە. هەروەها سەدان هاوڵاتی گوندەکانی گەڵناغاج – گردخەبەر– جەلەمۆرد –قامیشە – قەسرۆك رادەستی سوپای ئەنفالچی کران بەتایبەت گوندی قەسرۆك (٣٠٦)کەس کەوتنە دەستی ئەنفالچیەکان دواتر دوبراکەهەردوکیان بەساڵاچون لەنوگرەسەلمان رزگاریان بووبون بەشاهیدحالی چۆنیەتی روداوەکانی سەفەری مەرگی ئەوخەڵکەی کەلەسنوری ئەنفالی چوار گیران. لە ئەنفالی چواردا بە پێ ی سەرژمێریەکان (٧٥) گوندسەربەناحیەی ئاغجەلەرخاپور کران(٢٤)گوند سەربەقەزای کۆیە خاپورکران (٥٢) گوند سەربە ناحیەی تەق تەق خاپور کران(٦١) گوند سەربەناحیەی شوان خاپور کران ، گوندی دەلۆ کەدەکەوێتە سەر روباری خاسە لە رۆژی ٥|٥|١٩٨٨ کەوتە بەرهێرشی کۆپتەرە

سەمتیەکان گوندی دەلۆ نزیکەی (٨٠) خێزانی تیا دەژیا دواتر هێزەکانی لیوای (٧٧) هێرشیان کردە سەرگوندەکە بەلام دانیشتوانەکەی چۆلیان کردبوو خۆیان لە ناو هەردەو چەمەکان شاردبوەوە بەلام (٢٨) کەس لە خەلکی گوندەکە لەو هێرشە دەستگیر کران و ژمارەیەکیشیان کەوتنە بەر بۆمبا بارانی کۆپتەرەکان ، زۆرێك لەدانیشتوانی گوندەکانی شوان لەناو هەردەو دۆلەکان خۆیان شاردبوەوە کە من بەچاوی خۆم هەموو ئەو شوێنانەم بینیوە لەکاتی پێشمەرگایەتی و ئێستاش ئەو شوێنانە ئاساریان ماوە، هەر لە مانگی ١٩٨٨/٥ هەندێ لە پێشمەرگەکانی لقی ٣ ی‌پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ناوچەیە رێگای دەرچونیان لێ گیرابوو لەناوچەکە خۆیان حەشاردابوو، یەکێ لەو پێشمەرگانە ناوی حوسێن سەعید ناسراوە بە ئەبو عەلی دەلێ رۆژێکیان لە دۆلێك هەندێ هەویرم دروست کردبوو کردم بەنان کاتێم زانی منداڵێکی هەشت سالان لە پشتمەوە وتی مامە نانێکم دەدەیتێ بۆدایکم؟ منیش زۆر سەرسام بوم لەم چۆلە ئەم منداڵە چی دەکات وتم بابەگیان تۆ چی دەکەیت لێرە ؟ لە وەلامدا وتی لە کونێك لێرە خۆمان شاردۆتەوە دایکیشم منداڵی بوە برسیەتی هیچمان پێ نەماوە منیش هیچ لە توانام نەبوو جگە لەوەی چەند نانێکم پێی دا ، یەکێکی تر لەو پێشمەرگانە بەناوی رەفعەت عەبدە دەلێ: گوندەکان چۆل کرابووپێش ئەوەی سوپا بگاتە ئەو گوندەی ئێمە چوینە ناوی کە بۆ خواردن دەگەراین چومە گوندی داربەسەرە بۆ خواردن دەگەرام گوێم لەدەنگی نالە نالێك بوو بەدوای دەنگەکە رۆیشتم سەرتا ترسام لەوەی جاش یان سەرباز لەوێبن بۆیە فیشەکم لێخوریە بە تفەنگەکەم، بەلام دواتر کە سەیرم کرد پیاوێکی پیر کەدیار بوولە پێ کەوتبو هەندێ ئاو لەلای دانرابوو بەلام پیس بوو بوو ئیتر وتم مامە گیان تۆ چی دەکەی لێرە بەتەنها؟ لە وەلامدا وتی من زۆر

نەخۆشم منیان بـە جـێ هێـشتوە منـیش ئاوەکـەم بـۆی گـۆڕی تۆزێـك خواردنم لەکۆڵ پشتەکەم مابوو پێمدا حەب و دەرزیـم پـێ بـوو هەنـدێ چارەسەرم بۆی کرد  دواتر وتی هەندێ بمشێلە زۆر شێلام دواتر ناچـار بووم بە جێ ی بهێڵم چونکە سوپای دوژمن خەریك بوو نزیك دەبـوەوە کۆپتـەرەکانیش ناوەنـاوە بۆردومانیـان دەکـرد ، دڵنیـام لـەکاتی ڕوخاندنی گوندەکە ئەو پیاوە کەوتۆتـە ژێـر خانوەکـە بـەڵام تـا مـردن تابلۆی ئەو پیاوە جێماوەم لەبیر ناچێتەوە.

ئەو خەڵکانەی رزگاریان بوو خۆیان گەیاندە کۆمـەڵگاکان دوای ئـەوەی کەلێن دروست بوو لە نێوان سوپا بۆ دەربازبوون بە پـێ ی گێڕانـەوەی شایەد حاڵەکان جاشەکان زۆربەیان کەوتبونە تالان کردنی گوندەکان و تەنانەت پارەو زێڕیـان لـەو خەڵکـە وەرگرتـووە کـە رادەسـتی سـوپای ئەنفالـچیان کـردون کەلەچـاوپێکەوتنی شـایەدحالەکان زۆر بـەرونی باسیدەکەن .

لـە رۆژی٧ مایـسی ١٩٨٨ تاوانبـار سـولتان هاشـم احمـد فەرمانـدەی فەیلـەقی یـەك بروسـکەیەکی بـە پەلـەو نهێنـی بـە ژمـارە (١٨٠٧) بۆتاوانبار عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی نوسینگەی بەناو ڕێکخستنی باکور و تاوانبار حوسێن رەشید تکریتی یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا وتاوانبار سابر دوری بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سـەربازی گشتی دەنێرێت کەباسی روخاندنی گونـدەکان و کوشـتاری خـەڵکو شـانازیش بەو تاوانەوە دەکات.

بە  پیادە کردنی شالاوی ئەنفالی چوارەم کـە لـەو شـوێنانەی سـەرەوە باسمـان کـرد(٢٨٥٥٠)کـەس بـێ سـەرو شـوێن کـراون بـەرەو گـۆرە بەکۆمەڵەکان براون و ژێرخانی ئابوری و مرۆیی لە رەگـەوە ڕیـشەکێش کرا هەموو جوڵەیەك لە ناوچەکە پەکی کەوت.

# شاڵاوەکانی ئەنفالی پێنج وشەش و حەوت

## لە ناوچەکانی هیران - بالیسان – سماقولی – شەقڵاوە – دۆڵی ئالانە- ڕەواندز.

شاڵاوەکانی ئەنفالی (٥ و٦ و٧) زنجیرە تاوزانێك بون بەسەر یەکەوە ئەنجامدران بە فەرماندەی(عەقید روکن یونس محمد ئەالزەرب فەرماندەی فەیلەقی پێنج. ئەم شالاوە ماوەکەی هەندێ زۆرتربوو لە شاڵاوەکانی تر چونکە ناوچەیەکی فراوان بوو لە هەمانکات زۆر شاخاوی بوو سوپای بەعسیش کەمتر پێگەیسەربازی هەبوو لەو شوێنانە ، پانتایی جوگرافی ئەم سێ شالاوە نزیکەی نیوە پانتایی باشوری کوردستان بوو بەگشتی، لە گوندەکانی سەر بە ناحیەو قەزاکانی (کۆیە – ناحیەی دێگەڵە –هەندێ لە گوندەکانی دەوروبەری هەولێر– شەقڵاوە –رەوادز– چۆمان– چیای قەندیل –رانیە – چوارقورنە – هیزۆب –زنجیرە چیای باواجی و چەندین شوێنی تر) لەکاتی جێ بەجێ کردنی ئەم سێ تاوانە سوپای ئێراق لە زۆر شوێن هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەنگاریان بونەوە کە لە ئەنجامدا دوای ئەنفالی پێنج، ئەنفالی شەش هەندێك دواکەوت بەڵام بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن سوپای ئێراقەوە ورەی پێشمەرگەو خەڵکی داگرتبوو، ڕژێم چاکی دەزانی ئەگەرچەکی کیمیاوی نەبێت تەنها (٢٠) پێشمەرگە بەسە بۆ بەرەنگار بونەوەی لیوایەکی سەربازی بەعس ، بەڵام بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لە بەردەم بەرپرسانی سەربازی ڕژێمی بەعس بووبووەکارێکی زۆر ئاسایی ، ئەو هاوڵاتیانەی کەوتنە بەردەستی سوپا هەمویان کۆکرانەوە لە سەربازگەکان بە تایبەتی سەربازگەی سپیلك دواتر دەگوازرانەوە ناوەندەکانی ئەنفال وەك

تـۆبزاوەی کـەرکوك و دوبـز و تکریـت و شـوێنەکانی تـر لـەوێوەش بـۆ نوگرە سەلمان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان٠ بە پێ ی ئەوپیلانەی بۆ هەرسـێ پەلامارەکە دیاری کرابوو لەلایـەن فەرماندەی گشتی هێـزی سـەربازی ئێراق ئەم یەکە سەربازیانەی خوارەوەبەشداریانکرد کە فەیلـەقی پێـنج دەستنیشان کرابوو بۆی :-

١- فەیلەقی پێنج( هێـزی ئەلعەموریـە) بـە فەرمانـدەی (عەمیـد روکـن یونس محەمەد ئەلزەرب) کە پێك هاتبو لەم یەکانەی خوارەوە :-

أ- فرقەی پیادەی/١٦ ( هێزی زولفەقار)٠

ب- فرقەی پیادەی /٤ ( هێزی قەعقاع )٠

ج- فرقەی پیادەی یەك /١ (هێزی ئەبو عوبیدە )٠

د- فرقەی پیادەی /٧ ( هێزی مەنسور)٠

٢- یەکەکانی فەیلەقی یەك٠

٣- دەستەکانی ئەندازەیی کە پێـك هـاتبوون لـە شـۆڤەڵ و بلـدۆزەر و ئامێرەکان بۆ کردنەوەی ڕێگاوبان و تەخت گوندەکان و شوێنە ئاینی و پیرۆزەکان٠

٤- فرۆکە سەربازیەکان٠

٥- هێزی ئاسمانی٠

٦- دەستەکانی کیمیاوی٠

٧- بە کارهێنەرانی تەقەمەنی تایبـەت (العتـاد المخـاص) واتـە چـەکی کیمیاوی٠

٧-یەکەکانی ئیستخباراتی سوپا٠

هـەموو ئامـادە کاریـەکان کرابـوو بـۆ پـەلامارەکان هـەموو ئـەو یەکـە سەربازیانەی لەسەرەو باسمان لێ کردن بە پێ ی ئـەو پیلانـەی دیـاری کرابـوو لــە دەســتەی ئــەرکانی ســوپای ئێــراق و بەســەر پەرشــتی

ڕاستەوخۆی تاوانباری گەورە (حوسێن محمەمەد ڕەشید تکریتـی ) کـە بەسەر ئەم میحوەرانەی خوارەوە دابەش کرابون :-

١- ڕێگای ڕیشکریان - گوندی وەرتێ.

٢- پردی حافز- دێگەڵە - سرات - کلیتە.

٣-ڕەواندز - چیای هندرێن.

٤- ڕەواندز - ئاکۆیان - فەقێیان - کەسرەوان.

٥- ڕەواندز -چیای دۆسکات - شێروان مەزن - ئاوی شامیران.

٦- کەناری حەریر - سیساوە -شێخ مەحمودیان - چیای هەورێ.

٧- کەناری خەلیفان - چیای کۆرەك - بەرزاییەکانی جوانەگا.

٨- خەلیفان دۆڵی ئالانە.

٩- بێتواتە - شیرێ - مەلەکان.

١٠- بێتواتە بالیسان.

١١- شەقلاوە -هیران - نازنین گۆمەسپان.

١٢- شەقلاوە - هیران - سکتان.

١٣- دێگەڵە - عەلیاوە.

١٤- کۆیە - زنجیرە چیای باوەجی - کروش.

١٥- پردی هیزۆب.

دیـارە بـە پـێ ی ئـەزمونی شـالاوەکانی تـری ئـەنفال سـوپای ئێـراق هەمیشە ویستویەتی بە هۆی چەکی کیمیاوی زۆرترین کەس بکوژێت بۆ چاو شـکاندنی دانیـشتوانی ناوچـەکە ، بۆیـە لـە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١٥ لـە کاتێکا دانیشتوانی گوندی وەرێ خۆیـان ئامـادە دەکـرد بـۆ پیرۆزبـایی جـەژنی ڕەمـەزانی پیرۆزکـە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١٥ دەکاتـە یەکـەم ڕۆژی دەسپێکی ئەنفالی پێنج لە ناکاو دوو فرۆکەیان لێ پەیدا بـوو بـە چـەکی کیمیاوی بارانی مەرگیان باراندە سـەر دانیـشتوانی گونـدی (وەرێ) ی

مـەدەنی و بـیٚ چـەك، جـەژن و خوێنیـان لەگـەڵ هـاوارو گریـانی ژن و منداڵ تێکەڵاو کرد ، هەر ئەو ڕۆژە لاشەی (٣٧) شەهید لە گۆڕێکی بـە کۆمەڵ ژێر خاك نران بە خێراییەکی زۆر چونکە ترسی ئـەوەیان هـەبوو جارێکی تریش دووبارە ببێتەوە. لـە ڕۆژی (١٩٨٨/٥/٢٣) جـارێکی تـر گونـدەکانی بالیـسان – هـێران – مەلـەکان – دۆڵـەکان بـە چـەکی کیمیایی بۆردومان کرانەوە کە زۆر لـە جـاری یەکـەم تونـد تـر بـوو بـە جۆرێك کە بۆنەکەی لە شـوێنە دوورەکـانی ناوچـەکە بـڵاو بـووە ، ئـەم بۆردوومانــە لــە گونــدەکانی بلــەو – ئاکۆیــان و – شــوینەکانی تــری ناوچەکە دووبارە بووە ، دوای ئەم بۆردومانە هێزی سوپای ئێراق هاتە ناو گوندەکانەوە و خەڵکێکی زۆری دەستگیر کرد بەرەو چارە نووسـی نادیــار ئاراســتەکران ، شــۆفلەکانیش دەســتیان کــرد بــە ڕووخــانی گونـدەکان لـە گـەڵ زەوی یەکـسانیان کـردن بـە مزگـەوت و بنکـە تەندروستی و قوتابخانەکانیشەوە بۆ بنبڕکردنی ژیان لە ناوچەکە.

گوندی ئاکۆیان کە بە گـەورەترین گونـد دادەنرێـت لـە ناوچـەکە ، لـە ئەنجامی بۆردومانی کیمیایی خەڵکێکی زۆریـان گیانیـان لـە دەسـتدا ، ئەوانی تریش کە بەرنەکەوتن هەڵاتن و بوون بە سـێ بەشـەوە ، بەشـی یەکەمیان بەرەو سنووری ئێران ڕۆیشتن کـە (٥٥) کـم گوندەکـەیان لـە سنووری ئێرانەوە دوورە بەڵام ڕێگایەکی سەخت و شاخاوی و هـەورازو نشێو بوو ، لـە ئـەنجامی برسـێتی و مانـدووبون چـەندین منـداڵ و پـیر گیانیان سپارد لە هـەمانکات ترسـیش بـاڵی ڕەشـی بەسـەر ناوچـەکەدا پۆشی بوو.

بەشی دووهەمیان بە ناو دۆڵەکاندا ڕوویان کـردە کۆمـەڵگای زۆرە ملـێ ی ( حاجیاوە ) لە باکووری بەنداوی دوکان لە ماوە ی چـوار پێـنج ڕۆژ ڕێگاکەیان بڕی.

بەشی سێیەمیان ڕوویانکردە  شاخەکانی دەوروبەریان بۆ ئەوەی لە ئەشکەوت و کونە شاخەکان خۆیان بشارنەوە ، دواتر گەڕانەوە بۆ گوندەکان ، بەڵام جارێکی تر سوپای ئەنفالچی پەلاماری دان و دەستگیر کران و کواسترانەوە بۆ سەربازگەی ( سپیلك ) لەوێش پیاوەکان لە خێزانەکانیان جیاکرانەوە و هەموویان ئاراستەی چارەنووسێکی نادیار کران.

(عەقید یونس محەمەد ) فەرماندەی فەیلەقی پێنچ بروسکەیەکی بە ژمارە (١٠٤٩) لە ڕۆژی (٣٠ مایس ١٩٨٨) ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەرکان کرد ، لە بروسکەکەدا داوا دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەنفالی شەش ، لە وەڵامدا فەرمان وەردەگرێت بۆ پیادەکردنی ئەنفالی شەش بە بروسکەی ژمارە (٢٥٤٤) لە ڕۆژی (٢٥ حوزەیرانی ١٩٨٨ ) کە خودی سەدام حوسێن فەرماندەی گشتی هێزی سەربازی عێراق ڕاستەوخۆ فەرمانیداوە بەجێ بە جێکردنی ئەوتاوانە.

سەدام فەرماندەدات کە دەبێ دوای جەژنی قوربان کە دەکاتە ڕۆژی (١٩٨٨/٧/٢٥) ئەنفالی شەش بە کۆتا بێت ، لە ڕوژی (١٩٨٨/٧/٢٩) لە مەقەری فەیلەقی یەك کۆبونەوەیەك دەبەسترێت بە ئامادەبوونی (حسێن ڕەشد تکریتی ) یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ پەلامارەکان و بەڕێوەبەری جولەی سوپا ، بە گوێرەی ڕاگەیاندنی نهێنی ژمارە (٩٤٢) لە ڕۆژی (١٩٨٨/٧/٢٩) بڕیاردرا کە ئەنفالی شەش و حەوت دوابخرێت تاوەکو پێداویستیە سەربازیەکان ئامادەدەکرێت ، بەڵام لە ڕۆژی (١٩٨٨/٧/٢٦) جارێکی تر فڕۆکەکان بە سەر دۆڵەکانی بالیسان و ووەرتێ و مەلەکان و هیران و سماقولی و دۆڵەکان بە گشتی سوڕانەوە و دەستیانکرد بە بۆمبارانکردنی دەڤەرەکە بە چەکی کیمیاوی کە دیسان خەڵکێکی زۆر بەرکەوتن دواتر خەڵکی ناوچەکە بە

تراکتـۆرو ئوتۆمبێـل برینـدارەکانیان گواسـتەوە بـۆ نەخۆشـخانەکانی شەقلاوەو هەولێر کە دەبوایە بڵێین فرۆکەی ئێرانی بۆردومانی کـردوون بـەلاّم ئـەم قـسەیەش فریایـان نەکـەوت پیـاوانی ئـەمن گەیـشتنە نەخۆشخانەکان و هەموویانیان ڕاپێچ کرد بـۆ چارەنووسـی نادیـار یـان باشتر بلێین بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان بەم جۆرە ئەنفالی شـەش و حـەوت جێ بەجێ کرا.

هەر چەندە ئەنفالی (٥ — ٦ — ٧ ) بێ سەرو بەرەیەکی تێدا بـوو بـەلاّم هـەر جـێ بـە جـێ کـران ، دەبێـت ئـەوەش لـە بـیر نەکـەین کـە هێـزی پێشمەرگەی کوردستان لـە قۆنـاغی ئـەنفالی ( ٥— ٦ ) بەرگریـەکی بـێ وێنـەیان کـرد کـە زۆر جـار دەبـووە بەربەسـت لـە بـەردەم سـوپای داگیرکەری عێراق بۆیە لە زۆر شوێن پیلانەکانی سـوپای عێـراق سـەری نـەدەگرد دواتـر پێداچـوونەوەیان دەکـرد هەرچـەندە سـوپای عێـراق دەیانویست بـە زووتـرین کـات هێـزی پێـشمەرگە ڕامـاڵن لـە ناوچـەکەو بەرەو ئـەنفالی هەشـت بـڕۆن لـە ناوچـەی سـنووری بادینـان کـە هێـزی پێشمەرگەی کوردستانی لێ بوو بەرەو سنووری تورکیا.

ئامانجی سوپا جگـە لـەوەی ئامـانجێکی سـەربازی بـوو لـە هـەمانکات ئامانجێکی سیاسی گرنگـی لـە پـشتەوە بـوو بـۆ سـەرکردایەتی حزبـی بەعس بۆ ئەوەی بلێین هێزی بەرهەڵستکار لە عێراق نەماوە کە دواتر لە نووسینەوەی ئەنفالی هەشت دێینە سەری.

# ئەنفالی هەشت لە بادینان

ئەنفال ئەوپرۆسە سەربازی وێرانکاریە بوو، کە لە هەشت قۆناغ دا یـەك لا دیـواری گونـدەکانی سەرتاسـەری کوردسـتانی بـەپێوە نەهێشت، کە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ وە دەستی پێکردو لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ١٩٨٨ بەکۆتاهات٠ دوور نیە ئەگەر ئـەم تاوانـە لای کەسێکی بیانی باس بکەین باوەرت پێ نەکات لەبەر ئـەوەی چۆن دەبێـت دەسـەڵاتی ووڵاتێـك خـۆی ووڵاتەکـەی خـۆی کـاول بکـات ودانیشتوەکەی قربکات و ئـەو سروشـتە جوانـەی کوردسـتان لـە بـەین بەرێت ، چـونکە زۆر جار مـن خـۆم ئـەم باسـەم بەچری بۆ کەسێکی بیـانی بـاس کـردووە بـاوەری نـەکردوە بـەڵام دوایـی کەبـەزمانی بەڵگەنامەکان قسەم لە گەڵی کردوە ئینجا زۆر سەرسام بووە کەچۆن تاوانێکی کۆکوژی لەم جۆرە لە چوار چێوەی ووڵاتێك ئـەنجام دراوە٠ شاڵاوەکانی ئەنفال وەکو نەهەنگ لەو ماوەیـەی بـۆی دانرابوولـە لایـەن سـەرکردایەتی حزبـی بـەعس ، سـەرتاپای کوردسـتانی لـوش کـرد، بەشـێوەیەکی فـراوان ژیـانی لەسەرتاسـەری گونـدەکان سـریەوە ، کـە تاکو رۆژی ئەمرۆش ئاسەواری هەرماوە و تاکۆتـایی ئـەم جیلـەش هـەر دەمێنێـت ، وەکـو ئافـاتێکی کۆمەڵایـەتی ، بـەڵام لـەروی ئـابوری و ئاوەدانیـەوە دورنیـە زیـاتر درێـژە بکێـشێت لـە بـەر زۆر هۆکـار کـە ئاشـکرایە لای هـەمووان. ئـەنفالی هەشـت کـە لـە رۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ دەستی پێکرد لەرووی سـەربازیەوە جیـاوازە لـە شـاڵاوەکانی تـر واتـە حەوت قۆناغەکەی تر، چونکە لە حەوت شاڵاوەکەی تردا زیاتر سـوپای عێراق سەرقاڵ بوو بە شەری ئێران ، بەڵام لە ئەنفالی هەشت دا شـەری عێراق و ئێران راوەستا لە رۆژی ١٩٨٨/٨/٨ ئەمەش فرسەتێکی باش بوو بۆ سوپای ئێراق کە بـەرەهای و بـە بـێ گرفـت سـوپاکەیان بـەکار

بهێنن، بۆ ئەنجامدانی شالاوی ئـەنفالی هەشـت ، جگـە لەمانـەش دووای ئەنجام دانی حەوت قۆناغی تـری ئـەنفال لـە ناوچـەکانی کوردسـتان ، سـوپای عێـراق پـسپۆری تـەواوی وەرگرتبـوو لـەرووی ئابلۆقــەدانی ناوچەکان و گواستنەوەی خەڵکەکـە بـەرە و مـەرگ و تـەخت و خـاپور کردنی گوندەکان. لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەنفالی هەشـت بەشـێوەیەکی گشتی تایبەت مەندی خۆی هەبووە بە حوکمی ئەوەی سەرقاڵ نـەبووە بەهیچ شەڕێکی ترەوە و زانیاری و تایبەت مەندیەکانیان چاك دەزانـی چونکە سوپا قاڵبوی تاوانەکان بوو ، باشـترین پاڵپـشتیش بـۆ سـوپای عێراق چەکی کیمیاوی بووە کـە نـەهێزی پێـشمەرگەو نـە دانیـشتورنی ناوچەکەش نەیان توانیوە لە بەرامبەر ئەم چەکەدا بوەسـتن، زۆر چـاك لەیادمانە پێشتر کە چەکی کیمیـاوی نـەبوە هێـزی سـوپایی عێـراق لـە رووی چـەك و هێـزی سـەربازیەوە هـەر چـەند ێـك بوایـە هەمیـشە لـە بەرەکانی جەنگدا لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەی کوردسـتان چۆکیان دادەدا ، بەتایەتیش لەشۆڕشی ئەیلولی مەزندا. لە ئەنفالی هەشت دا لـە چەندین شوێن چەکی کیمیاوی بەکار هـاتووە وەکـو گونـدەکانی دۆڵـی (نەهلە ) ی سەر بەناحیەی (دێرە لوك) کـە لـە کـات ژمێـر دووی پـاش نیـوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٣ لەگونـدەکانی (شـێرانە –یـەك ماڵـە – سارکی –بیبێ ) هـەر هـەمانکات بۆردومـانی کۆمـەڵگای (کـانی) یـشی کرد بەچەکی کیمیاوی کە لەژێر دەسەڵاتی سوپای عێراقیش بـوو (٥٤) کەس بەرکەوتن ، وەلە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٤ دیسانەوە فرۆکەکانی عێراق لـە زۆربـەی ناوچـەکانی بادینـان چـەکی کیمیاویـان بـەکارهێنا بـۆ ئامادەکـاری پـەلاماری زەمینـی، کـە لـە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ و لەبەرەبـەیانێکی زوو دا هێزەکـانی سـوپا لـە هـەموو ئەوشـوێنانەی کەبۆیان دیاری کرابـوو پێـشرەویان کـرد بـۆ ئـەوەی کـۆنترۆڵی هـەموو ڕێگاسەرەکیەکان و هەموو ئەو شوێنانە بکەن کە نەهێلن هـیچ کەسـێك

لەچنگی پیسی ئەنفالچیەکان رزگاربن ، کە لـە گونـدەکان نیـشتە جـێ بوون، هەموو ئەو خەڵکانەش بەگشتی خەڵکانێکی مەدەنی و بێ دیفـاع بوون بەجۆرێك خاوەن هـیچ چـەکێکی بـەرگریش نـەبون کـە لـە ناوچـە شـاخاویەکان بـوون لـە سـنوری قـەزاکانی(زاخـۆ–ئامێـدی – ئـاکرێ– شـێخان –سمێـلێ –مێرگەسـور – سـۆران ) ، سـوپای عێـراق هــەوڵی کـۆنترۆڵکردنی سـنوری تورکیـا –ئێراقـی دەدا کـە بـەزوترین کـاتو بەشێوەیەکی مەحکەم بەتایبەتی رێگاکانی سنوری (زاخـۆ–باتوفـە– کانی ماسی–دهۆك–سەرسەنگ–ئامێـدی–گـەلی باڵنـدە) ، لەگـەڵ ئـەم پەلامارانەشدا هەمیـشە هێـزی ئاسمـانی عێراقـی ناوچـەکەی بۆردومـان دەکـرد بـە جۆرێـك کـە هـیچ کەسـێك نـەی دەتـوانی سـەر دەر بێنـێ. رۆژی١٩٨٨/٨/٢٥ ناخۆشترین رۆژەکانی ئەنفالی هەشت بون بـەجۆرێك کە هەموو ناوچـەکە روبـەروی هێرشـی ئاسمـانی دەبونـەوە و زۆرتـرین شـوێنی ناوچـەکەش بـەر چـەکی کیمیـاوی کـەوتن ، کـە بـە هــەزاران شەهیدی هاوڵاتی لێ کەوتەوە کە هێزی داگیر کەر مەبەستی بوو ، ئەم کردە سەر بازیەی سوپای عێراق وورەی خەڵکەکەی بەجۆرێك دابەزانـد کەترسـێکی زۆری لێکەوتــەوە. ئەوبەرنامایــەی سـوپا داینــابوو بــۆ کۆنترۆڵکردنی رێگاکان هـەمووی ئامـانجی خـۆی پێکـا، سـەرەرای ئـەم هێرشەش بەڵام زیاتر لـە هەشـتا هەزارکـەس توانیـان خۆیـان بگەیەنـە ناوچـە سـنوریەکانی ئێـراق تورکیـا کـە هـەموویان پێکهـاتبوون لـە ژن ومنـاڵ و پـیرو گـەنج ، دووای داخـستنی سـنوری تورکیـا بـە رویانـدا خەڵکەکـە بونـە سـێ بەشـەوە ، بەشـی یەکـەم کەسـنوریان بەسـەردا داخـرا و نـەیان تـوانی دەربـاز بـن جـارێکی تـر گەرانـەوە ناوچـە شاخاویەکان بۆ خۆحەشاردان لە چنگی سوپای ئێـراق بـەڵام هـەمویان کەوتنە دەست سوپای ئێراق و گوازرانەوە بۆ قـەڵای نزارکـێ لـە دهـۆك تاکو ئێستاش کەس نەیانی بینیەوە کە ژمارەیان بەتەواوی نەزانراوە.

بەشی دووەمیان پێش داخستنی سنوری تورکیا دوای مانـدو بـونێکی زۆر گەیشتن بەڵام زۆریان لێمرد پێش گەیشتنیان.

بەشی سێیەمیان دابەزینە ناو گەلی باڵندا لەسنوری تورکیا کە لـە رێگـا روبەروی سوپای ئێراق بونەوە بۆیە جارێکی تـر بـەرەو زنجـیرە چـیای گارە رۆیشتن بۆ خـۆ حەشـاردان و چـاوەروانی مـەرگ و چارەنوسـێکی رەش یان لێبوردنێکی گشتی ،

هەولێکی زۆریشیاندا بۆ ئەوەی لە ناوچەی خـواروی بادینـان لـە (زابـی گەورە) بپەرنەوە بۆ رێگای گشتی دهۆك –دۆڵی بادینان ، کـەژمارەیان نزیکەی (٤٠) هەزار کەس دەبـون بـەڵام دیسان ئاواتیـان نەهاتـە دی دووای ئەوەی سوپای ئێراقیان بینی هـەموو ناوچـەکەی کـۆنترۆڵکردوە جارێکی تر گەرانەوە دۆڵ و شاخەکان کە بە بەر چاویانەوە گونـدەکان لە لایەن سوپاوە دەسوتێنراو وێران دەکرا٠

بەهۆی ئەوەی برسیێتی و ماندوبوون شەکەتی کردن هەندێ لەو خەڵکە خۆیـان ڕادەسـتی سـوپای عێـراق کـرد وەکـو ئـەوانی پـێش تـر بـێ سەروشوێن کران٠ خەڵکی گونـدی(کـورەیمێ) ش دووای ئـەوەی نـەیان تـــوانی بـــۆ هـــیچ لایـــەك ســـەر دەرکـــەن دەگەڕێنـــەوە گوندەکـــەی خۆیان،لـەرۆژی١٩٨٨/٨/٢٨ سـوپای ئێراقـی دەیـان بیـنن ویەکـسەر دەیانگرن کەژمارەی پیاوەکان(٣٣) کەس بون هەرلـەوێ گوللـەبارانیان دەکـەن(٢٨) یـان هەرلـەوێ شـەهید دەبن،بـەڵام(٥) کەسـیان لـە نـاو تەرمـــەکان دەمێننـــەوە بـــە برینـــداری ودووایـــی ڕزگاریـــان دەبێـــت٠ لەرۆژی١٩٨٨/٩/٦ مەجلیسی بـەناوقیادەی سـەورە بڕیـاری لێبـوردنی گـشتی دەرکـرد بـەژمارە(٧٣٦) لەژێرکاریگـەری نێودەوڵـەتی دووای گەیـــشتنی هەنـــدێ ڕاپـــۆرتی رۆژنامـــەوانی کـــە لـــە ســـەر تـــاوانی جینۆسـایدکردنی گـەلی کـورد گەیـشتە شـوێنی مەبەسـت دیـارە ئـەو رۆژنامە نوسانەش بە چاوقایمی خۆیان لەناو خاکی تورکیاوە سـەردانی

کـەمپی ئاوارەکانیـان کردبـوو. هێزەکـانی سـوپای ئێـراق لەناوچـەکە مانەوە بەچاودێری تـەواوی ئیـستیخباراتی عەسـکەری کـە هـەموو ئـەو گوندانە کە ژمارەیان(٦٣٣)گوندە بە تـەواوی تـەخت بکـرێن بەشـۆفەڵ وبلدۆزەروسوتاندنی هـەر جـۆرە خۆراکێـك وهـەر سەرچـاوەیەکی ژیـان وچـاندنی مـین بـۆ ئـەوەی هـیچ کەسـێك نـەتوانێ بـچێتە ئـەو ناوچـەیە،ئەوەی بـچێتە ئـەوێش ڕوبـەڕوی کوشـتن دەبێتـەوە واتـە ناوچـەکە کـرا بـە ناوچـەیەکی قەدەغـە کـراو. ئـەو خێزانانـەی پـێش دەرچـونی لێبـوردنی گـشتی گـیران هـەموویان گوازرانـەوە بـۆ سەربازگەی(سەرسەنگ) بـەئیفای سـەربازی لەوێـشەوە گوازرانـەوە بـۆ قـەڵای نزارکـێ لـە دهـۆك وپیاوەکانیـان لـە ژن ومنداڵـەکان جیـا کردەوەوبەشێکی زۆریان بۆ ناوەنـدی ئـەنفال لـە(السلامیه) لـە موسـڵ گواستەوە،بەڵام پیاوەکان بەڕێکران بۆ چارەنوسـێکی نادیـار کـە تـاکو ئێستا سۆراغیان نیە.لە هەمانکاتدا سوپای ئێراق دەیویـست کـۆنترۆڵی سێکوچـکەی سـنوری (ئێـران / تورکیـا / ئێـراق) بکـات کـە بەقـەبری (زاهیر) دەناسرا بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئێـراق بیـسەلمێنێ بـۆ رای گـشتی کـە هـیچ جوڵانەوەیـەکی چـەکداری بەرهەڵـستکاری حکومـەتی ئێراقـی نەماوە ، بەڵام هێـزی پێـشمەرگەی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ئـەو خەونەی رژێمی بەعسی لە کۆرنا و دەرسێکی وای بەسوپای داگیرکەردا کەهەرگیز لەبیریان نەچێتەوە بۆیە ئەوشکانەی سـوپای سـەدامی شـکا ئیتر نەینتوانی جارێکی تر روو لەپێشمەرگە بکەنەوە ئـەم بەرگریـە بـێ هاوتایەش بەسەرپـەرشتی خودی سەرۆك (مەسعود بـارزانی) بـوو ئـەو هێزانـەی سـوپای ئێـراق کـە بەشـداریانکرد لـە ئـەنفالی هەشـت لـەم هێزانەی

خوارەوە پێك هاتبوو:

فەیلەقی پێنج بەسەرۆکایەتی فـەریقی یەکـەمی روکـن (یـونس الـزرب )

کەلەم یەکانەی خوارەوە پێك هاتبوو:

١– فرقەی پیادەی ١٦ ی هێزی زولفەقار کە پێك هاتبوو :

ا–لیوای پیادەی ١ ب– لیوای پیادەی ٥٠٥ ت لیوای پیادەی ٦٠٦.

٢–فرقەی پیادەی٤ هێزی قەع قاع کەپێك هاتبوو لە :

ا– لیوای پیادەی ٢٩ ب– لیوای پیادەی ٦٩ ت– لیوای پیادەی ٥

٣– فرقەی پیادەی ١ (هێزی ئەبوعوبەیدە )پێك هاتبوو لە :

ا– لیوای پیادەی ئالی ١ ب– لیوای پیادەی ئالی ٢٧ ت– لمع ٣٤

٤– فرقەی پیادەی ٧ (هێزی مەنسور ) پێك هاتبوو لە:

ا– لیوای پیادەی ٣٨ ب– لیوای پیادەی ٣٩ ت– لیوای پیادەی ١١٦.

وەچەندین یەکەی سەربازی تر کە لە فەیلەقـەکانی تـرەوە هێنـرا بون ، هەتا رێژەی ئەو یەکانەی کەبەژداریان کرد لە ئەنفالی هەشت وکۆتای گەیشتە (٣٨) لیـوای پیـادەو (٢) لیـوای دەبابـە و وە( ٣) کەتیبەی مەد فەعی و چەندین لیوای تر.

٥– جوهـدی هەندەسـی کـەپێك هـاتبون لـە چـەندین شـۆفەڵ و بلدۆزەر و ئالیاتی تر.

٦– فرۆکەوانی سەر بازی.

٧– هێزی ئاسمانی.

٨– پۆلەکانی کیمیاوی.

٩– مەجهود حەربی تایبەت بۆ کردنەوەی رێگا شاخاویەکان.

١٠– یەکەکانی ئیستخباراتی سەربازی.

هەروەها چەندین فەوجی جاشی خەفیفە بەشدار بـون و هـەموو دەزگـا حکـومی و مەدەنیـەکان لـەژێر رکێفـی فەرمانـدەیی ئەنفالی هەشت دا بووە.

# نەخشەی مەیدانی تاوانی ئەنفال



# بەشی چوارەم

# مەرگەساتەکانی نوگرەسەلمان

دوای ئەوەی ئەو هەموو ژن و منداڵ و پیاوەکان لەشاڵاوەکانی ئەنفال لەسەرتاسەری کوردستان لە زێدی خۆیان راپێچ کران گوازرانەوە بۆ کەمپەکانی ئەنفال لەسنوری ئەنفالی یەك و دوو و سێ و چواربۆ سەربازگەکانی سوسێ و چەمچەماڵ و سەربازگەکانی سنوری خورماتوو و دواتریش گوازرانەوە بۆ کەمپی سەرەکی (تۆبزاوە) کەسەربازگەیەکی سوپای میللی (جیش الشعبی) بوو لەویش پیاوەکان لەخانەوادەکانیان جیادەکرانەوە هەندێ لە ژن و منداڵەکان دەگوازرانەوە بۆ قوتابخانەی کوشتار(مدرسەقتال) دووبز زۆرێکیشیان گوازرانەوەبۆسەربازگەی تکریت، گیراوەکانی ئەنفالی (٥، ٦، ٧ ) یش گوازرانەوە بۆ سەربازگەی سپیلك و هەولێر و شوێنەکانی تر ، قوربانیەکانی ئەنفالی هەشتیش دەگوازرانەوە بۆ قەلای نزارکێ وسەلامیەلەدهۆك و موسڵ و شوێنەکانی تر، هەندێك لەو هاولاتیانە خرانە ژێرخاك لەگۆرە بەکۆمەڵەکانی تۆبزاوەو حەزەر و زنجیرەچیای حەمرین و چەندین شوینی تر ، بەلام ئەوانەی بەم سەربازگانەی باسمانکرد تێپەرین زۆربەی زۆریان گوازرانەوە بۆ قەلای (نوگرەسەلمان) لەودیو پاریزگای سەماوەکەلەنزیك سنوری وولاتی سعودییە کەشوێنێکی نەشیاوەبۆ ژیان ، بەهۆی ئەوەی نەخۆشی لەناویاندا بلاوبووبووە ئەوانی زۆر بەسالاچوبون چەندسەد کەسێکیان لێ بەردان هۆکاری بەردانی ئەوانە تاکو ئێستا بەتەواوی نەزانراوە پێیان وترابوو لێبوردنی گشتیە بەلام لەئێراق کەمجار گەلی کورد سودی لەلێبوردنی گشتی بینیوە چونکە هەر ئەوانەی لەنوگرەسەلمان گیرابون لەکاتی لێبوردن خۆیان رادەستی رژێمی بەعس کردبوو ، دورنیە هۆکاری بەردانیان بۆ ئەوەبوبێ کە نەخۆشی لەکوردستان

بلاْوبێتــەوە یــانیش قــەرەباڵغی زۆر بوەلەســەریان وتویانــە ئەمانــە هەرئــەمرن بــارۆن یــانیش بێزاربــوون لەزیندەبەچــاڵکرنی کــورد یــانیش کــورد بــیٚ پــشتو پەنایــە خــوا وای لێکــردن ئەمانــە بێنــەوە ســۆراغی رۆڵەکانمان بۆ بێننەوەو ببن بە بەڵگەیەکی زینــدو لەســەر ئەوتاوانانــەی لەزیندانــەکان بەرامبــەر بەوخەڵکەبێگوناهــەکراوە، بەتایبــەتی لەســەر دەستی دووتاوانباری دیار لەنوگرەســەلمان بــەناوی عــەجاج و شــەمخی کەزۆربەی ژنان و کــچانی کــورد یــان لەوزیندانــە هــەتککرد، لێرەدا مــن قسە لەسەر چۆنیەتی گوزەرانی ئەوان و رەفتاری ئەنفالــچیەکان ناکــەم بالــەزاری خۆیانــەوە روداوەکــان بخوێنینــەوە چــونکە زمــانی ئــەوان بەڵگەیەکی زیندووە و خۆیان شاهیدی حاڵن:

# لەنوگرە سەلمانەوە.. هەناسەیەك بۆ مردن...
# هەناسەیەك بۆ ژیان

-١-

(ئەحمەد محەمەد بابـە حەسـەن لـەدایکبوی ١٩١٢) لەگونـدی فـەقێ مستەفا سەر بەناحیەی قادر کەرەم لەدایکبووە، مـام ئەحمـەد پـیرۆو کەنەفت بووە سەرەتای ژیانی بەمەڕو ماڵات بەخێوکردنو فەلاحەتـەوە بەسـەربردووە، هەمیشە دیوەخـانی گـەرمبووە، مرۆڤێکـی سـەلامەتو بێـوەی بـووە، سـەرباری وەش بەرداشـی زەمانــە درێغـی لەگەڵـدا نـەکردووەو جـەرگی داخکـردووە، لەبـەر هـیچ هۆیـەك نـا، تـەنها لەبـەر ئەوەی لەمیللەتی کوردی ستەمدیدەو مەزلوومبووە.

هــەر کــەمام ئەحمــەد چـاوی پێکـەوتینو زانـی سـەربە(رێکخـراوی ئەنفالـــەکانین) حەماســـەتی کوردانـــەی جۆشـــیداو چـــاوە کـــزو سوورهەڵگەراوەکانی پڕ لەفرمێسکان بـوون بەهـەموو ئـەوتۆزە هێـزەی کەلە جەستەی ماندوو شەکەتی مابوی هاواریکرد:

**فەخرە بۆ ئێمە گیان فیداکردن**

**لەرێی ئەم خاکە بەکۆمەڵ مردن**

**ئەی کوردینە ئەی مەردینە**

**بادەست لەناودەست کەین هەموو**

**کورد ین هەموو مەردین هەموو.**

مــام ئەحمــەدی پــیرو کەنــەفت لەپەســڵانی تەمەنیـدا ئەمێـستە بـەئاوارەیی دوور لەزێـدو ئیلیـانی خـۆی. دوایـین رۆژەکـانی ژیـانی بەچاوەنواری بەسەر دەباتو وەقسانمان هێناو وتی: ئێمەلـە دێیەکـەی خۆمان وەزعمان زۆر باشبوو خاوەن مەڕو ماڵاتی زۆر بووین،دوو جووت

فەلاحەتم هەبوون، مـایینم هـەبوون زەوی و زاری چاکم هـەبوون. ئـەو ئاواییـــەی ئێمـــە (١٧٠) کەســـی ئـــەنفال بـــووە کاتـــێ ئەنفالەکـــە دەستپێکرد، ئێمە لەماڵ وحاڵێ خۆمـان دانیـشتووین، خـەریك کـارو کاسبی خۆمان بـووین ئاگامـان لـەهیچ نـەبوو، ڕۆژێـك جـاشو جـەیش چوار دەوریانگرتین، سەیارەیەکی زۆرهات ووتیان ئێوە بۆ مەرکەزەکان دەبـەین، بـۆ چەمـچەماڵو قـادر کـەرەم دەتانبـەین، چـارمان نـەبوو، هەنـدێ لـەماڵو شـتەکانمان بـارکرد بـۆ قـادر کـەرەم دووشـەو لـەوێ ماینەوە. دەورمان ئاوا تەوق کرابوو.

لەوەودوا ناردمانیان بۆ سلێمانی پـانزە ڕۆژێـك لەوێماینـەوە گەییمانـە لیـــوای کـــەرکوك لـــەتۆپزاودا جیامانیـــانکردەوە جـــوانو پیریـــان جیاکردەوە،پاشـچەند ڕۆژێ سـەیارەهاتو بردمانیـان گەیینـە پـایین بـەغا. لـەوێ بردمایـنـان بـۆ سـەماوە لەسـەماوە ووتیـان جێگـا نیـە ئەمجارە بۆ نوگرە سەلمانیان بردین.

نـوگرە سـەلمان یـارەبی کـەس نـەیبینێ ئەسـپێ وەك سـکەی قـەتار ڕێچکەی دەبەستا ،نزیکەی (٦–٧) مانگێ لـەنوگرە سـەلمان ماینـەوە وەزعمان چـۆن بێـژی ئـاوا خـەراو بـوو هـەتا ئـەو دەمـەی ئێمـە لـەوێ بیووین من بزانم (٤٨٠) کەسمان لێمردن ، کەندێ لەنزیك ئێمەوە شۆفڵ لیێدا بـوو زەویەکـە لمـاوی بـوو مردووەکانمـان لەوکەنـدە دەناشـت، شـەوانە سـەگ دەهـاتو مردووەکـانی دەخـوارد ڕۆژێـك لەحەوشـەکە دەسوڕامەوە رائیدێ هاتو وتـی: هـاجی شـلونك؟ (مـن خـۆم کردبـوو بەفیدایی) وتم: انتم مسلم لویهودی لوکفار شـنوا انـتم رائیدەکە وتـی: هاهاها شنو انت! ! وتم متشوف جنائز مالنا کلها چلب یاکول.

ووتی منوگال؟ وتم: احنا عالم یگول روح انت شوف.

وتی انشاء الله اسوی شی.

شـەو دەنگـی سـێ چـوار تەقـە هـات پۆلیـسێك هـات و ووتـی: كـشت سـەگەكانمان گوشـت بـەیانی تەماشـانكرد (٥٠-٦٠) سـەگ لـەو ناوەدەسوڕانەوە.

ئەوەی بەسەر ئێمە هات ئەو زوڵمەی لەئێمە كرا، یاخودا كەس نەیبینێ لەدێیەكەی ئێمە (٧) كەس لەنوگرە سەلمان مردن.

خێزانەكـەم (ناهیـدە سمایـل جامبـاز) لەنوگرەسـەلمان بـوو، ماوەیـەك پاش بەربوونەكـەی كۆچیكرد، حەرەسـەكان چـۆن ئێـژی ئـاوا خـەراو بوون، لەم نیوەڕۆ بۆ ئەو نیوەڕۆ(٢) سەمونیان دەداینێ بەقەد سـەلكە دۆینەیەك نەدەبوو. بەردەوام برسیمان بوو، سكمان خاڵیبوو، هەمیـشە تامـەزرۆی خـواردن بـووین، چـی لـەو برسـیەتیتە نەعلەتیـە دەكـەی، بەشـەر بەدەسـتەخۆی نـەبوو كەبرسـیبوو برسـتی لەبـەر دەبـڕێ، ئەژنۆكانی لەكار دەكەون، عەقڵێشی رادەوەستێ.

ئەوسـا كەلـەدەرەوەی سـجنەكە كـەبرنج كیلـۆی بـە(١٠٠) فلـس بـوو حەرەسەكان بەنیو دینارو زێـتر یـان دەداینـێ ئـەویش چ برنجـێ، هـەر شوكرانەی خۆدامان دەكرد، ئەوەی پارەی نەبوایە لەبرسان دەمرد.

شـەوێك نوسـتبووم ژنێـك هـاتو ووتـی: مـام ئەحمـەد بـەقوربانت بم وەڵڵاهی مناڵەكانم وا لە برسان دەمرن فریامان بكـەوە (ئافرەتەكـە زۆر كلۆل دیاربوو بەكوڵ دەگریاو فرمێسكەكانی هەڵدەرشتن منیش هەنـدێ نیسكم كڕیبوو گوێزنگێ نیسكم دایێ.

پاشان مام ئەحمەد بەم شیعرە كۆتایی بەقسەكانی هێنا.

**هەرلەچەمچەماڵ تاسلێمانی.**

**هەر لەسلێمانی تامەریوان**

**زێرەی منداڵە كورد گەیشتە ئاسمان.**

لــەم چــاوپێکەتنەی مــام ئەحمەددابــەهۆی نەخۆشــی و بێتاقــەتی نەمانتوانی زیاتربیـدوێنین بۆیـە حـەزمانکرد مـستەفای کـوری بـدوێنین کاك ( مستەفا ئەحمەد) کوڕی گەورەی مـام ئەحمـەدە بـەمجۆرە هاتـە ئاخاوتن، باوکم وەزعی تەواو نیە گـوێی گرانبـووە چـاوەکانی کزبوونـە برستی لەبەر بـڕاوە بیردانـی (زاکـرە) بـاش نیـە ناتوانـێ بـەتانو پـۆی شتەکاندا بچێتەوە گوندەکەی ئێمە (١٨٠) ماڵدەبوو کاتێ دایکو بـاوکم لـەنوگرە سـەلمان بـەربوون ئێمـە نەماندەناسـینەوە رەنگـی مردوویـان لێنیشتبوو پاش ماوەیەکی کەم دایکم ماڵئاوایی لێکردین، بـەو (٦–٧) مانگە بەقەد (١٠–١٥) ساڵان گوڕابوون.

کاتێ باوکم لەنوگرەسەلمان گەڕایـەوە ئێمـە مـاڵو حاڵمـان لێتێکـچوو بوو بەرەوازەببوین ، جەمالی برام بـەخۆیو (١٠) سـەرخێزانەوە ئـەنفال ببوون (کەمال) ی برام (٣) کەسی خێزانەکـەی ئـەنفال بـوو خوشـکێکم بــە (٦) منداڵــەوە ئــەنفال ببــوو، لەبنەماڵــەی بــاوکم (٣٣) کــەسمان بێــسەروشوێن بــوون، ژیانمــان دۆزەخ بــوو لــەوەزعی خراپــدا بــووین ئێـستاش زۆرجـاران ئەوپرسـیارە لـەخۆم دەکـەم ئێمـە چ تاوانێکمـان کردبوو ئەگەر موسڵمانەتی ئاوابێ ئەبێ بێدینی چلۆن بێ.

تێبینی: ئـەم چـاوپێکوتنەم لەسـالی ٢٠٠١ئەنجامداوەئـەوکات کـامیرەم نـــەبوودەشمزانی مـــام ئەحمـــەد لـــەلێواری مردنەبۆیـــە کـــامیرەم بەکرێگردوکارەکـەم ئەنجامدا،بەماوەیـەکی کـەم دوای چـاوپێکەوتنەکە مام ئەحمەدوەفاتیکرد خوالێی خۆشبێ پیـاوێکی زۆر بەهێزبوولەناخـە زۆریش نیشتمان پەروەربوو .

# لەهەلەبجەوە بۆئێران- نوگرەسەلمان...؟

تاوانی ئەنفالچیەکان ئەوەندە گەورەو جەرگبڕن ئەستەمە لەکاتی گێڕانەوەی هەریەکێ لەو تاوانانەی بەعس ئەنجامی داون لەدژی میللەتی کورد مرۆڤ کۆنترۆڵی خۆی بکات و کۆمەڵێ فرمێسکی بۆ نەڕێژێ. بەڕاستی سەیرە لەسەردەمێکدا ئەوهەموو تاوانە دەرهەق بەگەلی کورد دەکرا هیچ فریاد رەسێك نەبوو بەهاوارو دەنگی کوردەوە بێت ، کەلەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا میللەتێك قردەکرێ ئالآکەی لەناوەڕاستی کۆبونەوەکانی (نەتەوە یەکگرتوەکان دەشەکێتەوە) و سەردەمی پاراستنی مافەکانی مرۆڤە، رەنگە بڵێن کەس ئاگاداری ئەم تاوانانەنەبوە، بەڵام ئەی بۆچی دەوڵەتانی زلهێزو پێشکەوتوەکان بەهۆی مانگە دەستکردەکانیان بچوکترین جوڵە لەهەرلایەکی دونیابێت ئاشکرای دەکەن ، ئەی بۆچی گوێیان لەهاواری میللەتێك نەگرد کە بەرۆژی روناك قردەکران ئەی بۆچی ئەوهەموو راپۆرت و سکالآیانەیان نەخوێندەوە کەلەلایەن حزبە کوردستانیەکانەوە ئاراستەیاندەکرا ؟

یەکەم بەرژەوەندیە بالآکانی دەوڵەتان و دووەمیش ئێمەی کورد دەوڵەت لەپشتمان نەبوو بۆیە بێکەس کوژیان دەکردین ، چونکە جگە لە بێسەروشوێنکردنی کوردە فەیلیەکان و بارزانیەکان خۆلەسالآنی ١٩٨٧–١٩٨٨ لەژێرناوی ئەنفال وولآتێك تێکدەدرا، بۆچی لەوسەردەمەدا ئەنفال نەبوە ناسنامەی کورد کە قوربانیەکانی وولآتێك و دانیشتوانەکەی بوو ، ئەگەر شاری هەڵەبجەی کیمیابارانکراویش دەوڵەتی ئێران نەبوایە ئەوتاوانەش وەکوتاوانەکانی ترکپدەکراو دەبوە قوربانی بەرژەوەندیەکان ، ئەوکاتیش لەو بەرژەوەندیەی ئێران خێرێکی بۆئێمەش تیابوو کەتاوانی شاری هەڵەبجەش پەردەی

لەسەرلابرا لابرا .

بالێرەدا بەسەرهاتی قوربانیەکی هەڵەبجە بخەینە بەردیدی خوێنەران بابزانین چۆن جەلادەکان ئەم مرۆڤانەیان تێکولاوی ژەهر و ئاوارەیی و ئەنفالکردوە بەرێزکاك ساحب لەگەڵ ئەوەی جارجار لەگەڵ یادەوەریەکانی لەوسەفەری مەرگەدڵی پردەبوو هەناسەکانی قوڵ دەبووە بەم جۆرە لاپەرەکانی بەسەرهاتەکانی خۆی ئەم دیوو ئەودیوو دەکردو گوتی:

ە خەڵکی قەزای هەڵەبجەم لەپارێزگای سلێمانی

**ناوم ( ساحب کەریم لەتیف لەساڵی ١٩٥٦ لەگوندی سازان لەدایك بووم.**

کاك ساحب لەژیان و گوزەرانی خۆی دواو وتی : ئێمیە لەگوندی سازان نیشتە جێبوین ژیانێکی پرخۆشیو بەرەکەت جگە لەکەرە می خوا پێویستمان بەهیچ نەبوو ، لەتەمەنی (٧) ساڵی هەر لەگوندەکەی خۆمان چومە قوتابخانە تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی بەردەوامبووم پاشان وازم لەقوتبخانە هێنا لەبەر ئەوەی باوکم ئەرکی قورس بوو ، برایەکم پێشمەرگەبوو، برایەکی ترم سەربازبوو لەجەیشی ئێراق ، ئێمەش (٣٠٠) سەرمەڕمان هەبوو (٢١) سەر ڕەشەولاغمان هەبوو (٨) دۆنم رەزوباغمان هەبوو کەمیوەیەکی بەناوبانگی هەبوو بەتایبەتی هەناری سازان زۆر بەناوبانگە،( ١٥) دۆنم زەوی بەراومان هەبوو زۆر دەوڵەمەندبوین ،ژیانێکی سادەو ساکار دەژیاین بێئەوەی زیانمان بەکەسێك گەیاندبێ مانگی ١٩٨٧/٥ کاتێکمانزانی هێزێکی سەربازی زۆر دەورەی ئاواییەکەمانی گرد، دائیرەی قائمقام و ئەمن هاتنە ناو گوندەکەو دانیشتوانی گوندەکەیان کۆکردەوە لەمزگەوتی گوندەکە

گوتیان دەبێ لەماوەی ٢٤ کاتژمێرداماڵەکانتان بگوازنەوە بۆ ئۆردوگای( زەمەقی ) کە ئۆردوگایەکی زۆرەملێ بوو ڕژێمی بەعس دروستی کردبوو ، دوای تێپەڕبونی ئەم( ٢٤ ) کاتژمێرە ئیڤای سەربازیان هێناو ماڵەکانمانیان خستە ناو ئیڤاکان و هەر بەبەر چاوی خۆمانەوە خانوەکانیان تەخت کردین بە شۆفەڵ و داینەمێت تەقاندیانەوە،ئێمەشیان بەڕێ کرد بۆ ئۆردوگاکەو،مەڕوماڵاتەکەشمان دا بە پێش خۆمان،مەڕێك وبەرخێکمان دەدا بە(٣) دیناری ئەوکات،دەیانگوت گرانە٠ تاکو ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ لەو ئۆردوگایە ماینەوە،بەڵام ژیانمان بە تەواوی گۆڕا لە ڕوی ئیدارەو داراییەوە هیچمان نەما هەوڵی کرێکاریمان دەدا ئەویشمان دەست نەدەکەوت. ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ ڕژێم بە چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجەی دا کە کاتژمێر(١٠:٥٠) خولەك بوو چونکە ئێمە لەئۆردوگاکەوە چوینە ناو(هەڵەبجە) بۆ میوانی یەکەم جار فڕۆکە بە چەکی سادە بۆردومانی کرد خاڵۆیەکی باوکم وبرازایەکم برینداربون و دەست و قاچیان پەڕی،دواتر کۆچی دوایی یان کرد،لە بەر ئەوەی کەس نەبوو تەداویان بکات،دواتر بۆردومان بەردەوام بوو،بەڵام دەنگی کەم دەهات هەر وەك میزەڵانێك بتەقێ،بۆیە وامان زانی زەرەری نیە بە حوکمی ئەوەی لە ژێرزەمین بوین ئاگامان لە دەرەوە نەما بوو،دوایی هاواریان کردو وتیان ڕاکەن کیمیاویە ئێمەش دەرچوین لە ژێرزەمینەکەو بەرەو گوندەکەی خۆمان واتە(سازان) چوین،بەڵام بۆردومان هەر بەردەوام بوو کاتژمێر(٧) ی ئێوارە گەیشتینە گوندی(سازان) ،بەڵام من تەرمی برازاکەم هەر پێ بوو کە تەمەنی(٣) ساڵ بوو،دواتر لە گوندەکەی خۆمان ناشتم،دواتر ئێمە زانیمان کە خەڵك ئەوەندە زۆر کوژراوە(٣٥) کەس لە خزمەکانم کوژرابوون،کاتژمێر(٩) ی شەو لە گوندی(سازان)

دەرچوین بەرەو سنوری(ئێران) ،لەسنوری(ئێران) ئۆتۆمبێلی(ئێران) ی ئێمەیان بردە ئۆردوگـای(سـەریاس) لـە قـەزای(پـاوە) ،بـۆ مـاوەی(٣) مــانگ لــەوێ ماینــەوە،ئیتر وتیــان لێبــوردنی گــشتیە بــا بڕۆینــەوە بــۆ(هەڵەبجــە) ،(ئێــران) یــەکان ئۆتۆمبێلیــان بــۆ هێنــاین تــاکو سـنوری(تەوێڵـە) ئێمـەیان هێنا،لـەوێ تەسـلیم بـە سـوپای(ئێـراق) ی بوین،لــــەوێش ئیڤــــای ســــەربازیان هێنــــاو بــــەرەو(ســــلێمانی) بردنمانیان،لەوێش بردنمانیانە(تەواریەکە) ی(سلێمانی) نـەك(هەڵەبجـە) ،وتیـان لێـرە سـەرژمێریان دەکـەن و دەڕۆنـەوە بـۆ(هەڵەبجـە) ،بـەڵام ئێـوارە گەیـشتینە(تەواریەکـە) ناویـان نوسـین وبـەیانی کاتـژمێر(٨) سواریان کردین بەرەو(کەرکوك) وتمـان بـۆ ئـەمان بـەن بـۆ(کـەرکوك)؟ وتیان لـەوێ سـەرژمێریتان دەکەین،کـە گەیـشتینە(کـەرکوك) یەکسەر بەرەو(نوگرە سـەلمان) بردمانیان،وامـانزانی لـە(کـەرکوك) داماندەگرن مقابەلـەمان دەکـەن و بەرماندەدەن،بـەڵام وا دەرنەچـوو، گەیـشتینە (خورماتوو) وتمان برسیمانە؟ بادابەزین نان بخۆین وتیـان نـانی چـی؟ نــان نیــە هــەتا دەتانگەێنینــە شــوێنی خۆتــان لــەوێ خــواردن ئامادەیە،ئێمەش وامانزانی ڕاست دەکەن ڕێزمان لـێ دەگرن،بـەڵام کـە گەیـشتینە شـوێنی خۆمـان نـەمانزانی ئەمـە کوێیە،بـەڵام بەندیـەکانی ئـەوێ ووتیـان ئێـرە(نـوگرە سـەلمان) ە خـەڵکێکی زۆری لـێ بـوو نـە خــواردن و نــە هیچ،دۆشــەکمان زەوی بوو،بەتانیــشمان ئاســمــان بوو،بیابانێکی لماوی و بە بێ مەفـەر ئەگـەر ڕاشـتبکردایە دەربـازت نـە دەبـوو و دەمـردی. ماینـەوە لـەوێ(٣) مـانگ و(٢٠) شـەو لـەو ماوەیـە تـەنها لـە(هەڵەبجـە) ییـەکان(٦٥) کـەس مردن،نـە دکتـۆر نـە دەرمـان نەبوو،من بە دەستی خـۆم(٧٥) کەسـم ناشـت لـە خـەڵکی(هەڵەبجـە) و ناحیەی(شوان) و(کەرکوك) و شوێنەکانی تر. جۆری ناشتنی تەرمـەکان

زۆر خراپ بوو،و بەهێزترین کەسەکان نەیاندەتوانی لە بستێ زیاتر زەوی هەڵکەنن،کاتێك تەرمەکانمان دەخستە ژێر خاك هەر لە دوای ئێمە سەگە ڕەش دەریدەهێنان و دەیانخواردن،من کوڕەکەی خۆم بە دەستی خۆم ناشتم، بەلأم ڕۆژی دواتر چوینەوە تەرمی تر بنێژین دیتم کوڕەکەی خۆم سەگ دەریهێناوەو خواردویەتی،دیسان ئێسك وکەللەسەرەکەیم خستەوە ژێر زەوی کەسەگەکان گۆشتەکەیان خواردبوو بەس ئێسکەکەی مابوو،ئێمە لە هۆڵێك(٥٠٠) کەس دەبوین لە جەماعەتی ئێمە کەمتر دەمردن،چونکە ئێمە تازە هاتبوین بەرگریمان زیاتر هەبوو،هەموو بەیانیەك کە هەڵدەستاین یەکێ یان دوان تا چوار کەس دەمردن،بەلأم ئەوانی تر کەلە پێش ئێمە لەوێ بوون زۆرتر دەمردن،چونکە پەکیان کەوتبوو،ئەسپێ لێیانی دابوو،مردنی ئەوان هەموو بەیانیەك بێ ژمار بوو،عەرەبانەی دەستی هەبوو کە(کەنناس) بەکاری دەهێنن بۆ فڕێ دانی زبڵ تەرمەکانمان دەکردە ناوی و بۆ بەردەم سەگە ڕەشەکان،چونکە نەماندەتوانی گۆڕی تەواو هەڵکەنین،چونکە برسیمان بوو،هێزمان تیانەبوو،کەسێ نان نەخوات چۆن دەتوانێ زەوی هەڵکەنێ وگۆڕ دروست بکات؟،لە بەر ئەوەی خواردنی ئێمە تەنها(٢) سەمونی ڕەق وئاوی سوێر بوو،ئەمە چاکترین خواردنی ئێمە بوو،ئەویش ئەگەر کەسێ ئامادەنەبوایە هیچی بەر نەدەکەوت،بە تایبەت ئاوە سوێرەکە هەر چەند خولەکێك تەنکەرەکەیان ڕادەگرت،چونکە بۆیە ئێمەیان بردە ئەوێ بۆ ئەوەی جارێکی تر نەیەینەوە بۆولأتی خۆمان و لەوێ بمرین،جیاوازیان بە هیچ جۆرێك لە نێوانماندا نەدەکرد،وەکو کوردێك هەڵسوکەوتیان لە گەڵ ئێمە دەکرد. (٢) کەس هەبوون لەوێ هەموو دەسەلأتێکیان بەدەست بوو یەکەم(عەجاج) کە بەڕێوەبەری بەندیخانەکەبوو، دووەم

(شەمخی) جێگری بـوو،(عـەجاج) زۆر ئـازاری بەندیـەکانی دەدا ئەگـەر کەسێکی ئەشکەنجە بدایە هەمووماني دەرئەکردە بەرخۆرەکە بـۆ چـاو شکاندنی هەمووان بە ئارەزوی خۆی فەلاقەی دەکردو تا ماندو دەبوو لێ ی دەداو دوایش دەیگوت(شەمخی) تۆش هەندێکی لێبدە،دوایی کـە کەسە ئەشکەنجە دراوەکەمان دەبردە ژوورەوە وەکو پەڕۆی لێـدەهات هی وا هەبوو دەمرد یان دەژیا. (عەجاج) دەگـەڕا بـەناو ئافرەتەکانـداو کامــەی بــە دڵ بوایــە دەیــبردە ژورەکــەی خــۆی بــۆ هــەتککردنی. ڕۆژێکیـان(شـەمخی) ووتـی هـەواڵێکی خۆشـتان پـێ دەدەیـن، ئێـوارە (عەجاج) تەلەفزیۆنەکەی هاوردە دەرەوەو ووتی کاتژمێر(٩) هەمووتان وەرن گوێ لـە هەواڵـەکان بگـرن کـە ئێـوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٩/١٨ بـوو لێبوردنی دا،بۆ بەيانيەکـەی دکتـۆری ژن و پیـاو هـاتن ئـاوی(مغـدی) و دەرمانیــان هێنــا،من زمــانی عــەرەبیم بــاش دەزانــی ژنــەکانی زمــانی عــەرەبیان نــە دەزانــی(٤٥) ئـافرەت داوای عیلاجیـان کـرد بـۆ ئـەوەی (حەملەکانیان) فڕێ بدەن چونکە ووتیان ئێمە(دوو گیانین) و(عـەجاج) وای لــێ کــردوین و دەبــێ پــێش دەرچــونمان(حەملــەکانمان)فــڕێ بـدەین،دکتۆرە ژنەکـە دەرزی لێـدان،ئیتر نـازانم چـیان لـێ هات،ئەمـە ڕاستیەکەو من بە چاوی خۆم ئافرەتەکانم بـینی و بـەگوێی خـۆم گـوێم لـێ بـوو ئـەو(٤٥) ئـافرە تـە وایـان گوت،بـەلأم نـازانم چـەندیان(کـچ) بوون،دوای ئەوە هەر جارەی(٢٠٠) کەسیان دەهێنا بۆ(سەماوە) من لـە وەجبەی چوارەم خۆم و(٥) منداڵ و خێزانەکـەم بوین،بـەلأم یـەکێ لـە منداڵەکانم لەوێ مـرد.سـەرەتائێمەیان هـاوردە(سـەماوە) و بردمانیانـە (دائیرەی ئەمن) و(٣) ڕۆژ ماینـەوە(فەحـسیان) بـۆ کـردین تـاکو بـزانن نەخۆشـــیەکانمان چـــیە؟ ئـــەوەی نەخۆشـــی قورســـی هەبوایـــە دەیانهێـشتەوە بــۆ چارەســەرکردن. شــوێن هــەبوو لــەوێ خۆمــان

شۆری،بەلاَم جلـەکانمان هـەمووی پڕبـوو لـە ئەسـپێ،دوای(٣) ڕۆژەکـە سواری ئۆتۆمبێلیان کردین بەرەو(سـلێمانی) بـۆ یاریگاکـەی(سـلێمانی) لەوێش کۆسـتەریان بـۆ هێنـاین و بردمانیـان بۆگونـدی(گـردە چـاڵ) ی سـەر بـەپارێزگای(هـەولێر) ،لـەوێش لـەو دەشـتە فرەیانـداین کـە چواردەورمان بە( سەربان) گیرابوو یەکی(پارچەیەك زەوی) یان پێ مان نیشاندا،دەشتێکی ڕوت و قوت،هەر لەوکاتەشدا بـارانێکی زۆر بـە خـوڕ دەباری،ئێمەش هیچمان پێ نەبوو لەبەر ئەو بارانە،هیچ پارەشمان پـێ نەبوو،هەرچەندە ئەگـەر پارەشمـان پێبوایـە دوکانـدارەکانیان(تـەبلیغ) کردبوو کەشت بە خەڵکی(هەڵەبجە) نەفرۆشن،هەروەکو دەست بە سەر بـوین تـا سـاڵی ١٩٩١ ،بـەلاَم ئـەوەی کـە گرنگـە بیلێـم (١٠٠) خۆزگـە بە(نوگرە سەلمان)،ئەگەر خەڵکی بـە شـەرەف شـاری(هـەولێر) نەبوایـە هــەر هــەموومان دەمردین،هــەموو شــتێکیان بـۆ دەهێنــاین بــە دزی (حوکمەتەوە)،ژیانی ئێمە ئەو(٣) ساڵە لە سەر خەڵکی شاری(هـەولێر) بوو،چونکە نەیاندەهێشت لەئۆردوگاکەبێینەدەرەوەهەروەکوسجنەکەی نوگرەسەلمان بوو.

**( جەلال ئبراهیم تۆفیق لەدایکبوی ١٩٣٧ )**

خەڵکی گوندی کانی هـەنجیرەی شـێخ بزێنییـە لەرێکـەوتی ١٩٨٨/٥/٥ بــەخۆی وهاوســەرەکەیو( ٤) کــورو (٥) برایــەوە لەگــەڵ ســەرجەم منداڵەکانیان، بەر شالاَوی دڕندانەی ئەنفالەکان کەوتن لە ١٩٨٨/٩/٨ بەهۆی نەخۆشی و پەککەوتەییەوە،بەتەنها هـەرخۆیو یـەك لـەبراکانی لەنوگرەسەلمان ئـازاد کـراونو ئێـستا ش وەك خـەباتگێرێکی شۆڕشـی ئــەیلول بەمووچــەیەکی کــەم ژیــانێکی کۆڵەمــەرگی و پــڕ ئەندێــشە بەسەردەبات.

خاڵە جەلال وەك سەدانو هـەزاران بێکـەسو بێـدەرو لێقـەوماوی ئـەم وڵاتە سـوتماكو وێرانەیـە لەگـەڵ خەونـە ئاڵۆزەکـانی موتەکـەی تـرس بـەربینگی دەگـرێو بـەدوی کلاورۆژنەیەیـەکی هیـوادا دەگـەرێ نـاخی هەڵدەپەڕێ. ئێمەش لەگەڵیدا هەڵدەپەڕینو دەگرێین.

خاڵـە جـەلال بـەم شـێوەیە بەسـەرهاتی ئەندێـشاوی خـۆی بـۆ هەڵرشتین:-

لـە ۱۹۸۸/٥/۳ رژێمـی بـەعس کاتـژمێر نزیکـەی (۲)ی پاشـنیوەڕۆ بە(۸) فرۆکەی سیخۆکیمیابارانی گوندی گۆپتەیکردو خەڵکێی بێئەژمار کـوژرانو ئـەو خەڵکـەی دیکـەش کـە رزگاریـانبوو هەنـدێکیان بـەرەو گوندەکەی ئێمە هاتن کە(۸۰ -۹۰) کەسێ دەبوون ئێمە بەبینینی ئـەو دیمەنە تۆقێنەرو خەمناکە بەجارێ دونیامان لێهاتەوە ئێکدی، شـپرزە بووین نەماندەزانی بۆکوێ بارگەمان بپێچینەوە لەئاکامـدا لـەئێوارەی ۱۹۸۸/٥/٥ بەماڵو منداڵەوە بەسەڵتە خێزان رامانکرد هەرچیمان هەبوو لە پاشەخۆوەجێمانهێشتنو روومان لەگونـدی گردخەبـەرکرد شـەوێکی تاریكو نووتەك گەیشتینە ئەویندەرێ گرد خەبەر چۆڵ و هۆڵ دەتـووت خۆڵی مردووی بەسەرداکراوە بۆنی خوێنو دوکەڵی لێدەهات سـامێکی گەورەی دەخستە دڵی مرۆڤەوە.

لەگـەڵ ئـەنگووتی بەیانـدا جـاشو جـەیش ئـەو نـاوەی گـەمارۆدابوو بەدەیان تانكو دەبابەو ئیڤای سەربازی لەناوچـەکە بـوون، بـەردەوام کۆپتەرو هەنتەر بەئاسمانیدا دەسووڕانەوە لەهەموو لایـەك تۆپبـارانو تەقینەوەی خومپارە بوو. خرمەی گوللە گوێی کاسدەکرد. زەنـدەقمان چـووبوو قیـژەی منـداڵ و ژن دەگەیـشتە ئاسمانـێ، کەدەسـتگیریان کردین،بەر لەهەمووشتێ هەرچیمان پێبوو لێیان ئەسـتاندین، باخـەڵی ئافرەتەکان بێشەرمانە دەگەڕان، هەموو کونو کەلەبەرێکی لـەشمانیان

دەپـشكنی. ئـەورۆژە رۆژی هـەینیبوو، عەمیـد محمـد موسـڵاوی ناوێـك سەرپـەرشتی ئـەو هێـزی دەكـرد پـاش ئـەوەی كۆیانكردینـەوە وتـی: ئێوە هەمووتان موخەریبن گەورەو گچكەتان موخەریبـە ژنو پیاوتـان قەتلوعام دەكەین، دەستمان كرد بەگریان وپاڕانەوە، بەڵام كـێ گـوێی لێدەگرتین، كێ بەزەیی پێدادەهاتینـەوە. ئەوخەڵكـە گیراوەی لەگـەڵ ئێمە بوون خەڵكی گوندەكانی (گرد خەبـەر- قەسـرۆك- قەمیـشە - كەپەنك- سماقە- قەرەناو- كانی هەنجیر- توتەقـەڵ- سەرچـنار - گەڵناغاج) بـوون. سـواری ئیڤـای سـەربازیان كـردینو حیمایـەیان بـۆ دانـاین بـەرەو دایـەرەی زراعـەی (تەقتـەق) بـەرێیان كـردین كـە(٣) سەعاتە رێ دوور دەبوو.

لەرێگادا(٤) تراكتۆری پڕ لەخەڵكی (سەرچنار- توتەقەڵ - گەڵناغاج) تووشمانبوو لەنێوان رێگای قەمیـشەو كەپـەنك هـەر بەتـەراكتۆرەكانی خۆیانەوە لەگەڵ ئێمەیان پێچانەوەو بۆ تەقتەقیان بەرێكردن.

لەتەقتـەق زۆریـان لەگەنجەكانـدا، زۆر چەرمەسـەریان بەسـەرداهێناین، لەگەڵ نوێژی شێوان سواری ئیڤایان كردینو بۆ (مقـر جـیش الـشعبی) تۆبزاوەیان بردین لەخواركەركوك (٣) شەو بەبرسیەتیو ناخۆشی لەوێ ژیانمان بەسەربرد.

لەتۆبزاوە دوای ئەو سێ شەوە كاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ بەرێكەوتین بۆ نوگرە سەلمان وكاتژمێر (٢)ی شەو گەیـشتینە ئـەوێ. ئـەم ماوەیـەی دەستبەسەربووین لەسەموونی رەقو ئـاو زێـتر هیـچیتریان نـەدەداینێ، هیچ رەحمبان پێنەدەكردین زۆر زاڵمو بێوێژدان بوون.

نوگرە سەلمان شوێنێكی چـۆڵ و هـۆڵ بیابانـێ ووشـكو رووتـە تـەنها بیایانو ئاسمانت لێوە دیارە لەنوگرەسـەلمان ژنو منداڵـەكانیان جـودا كردبووینـــەوە رۆژانـــە (١٠-٢٠) كـــەسمان لێـــدەمردن. نەخۆشـــیمان

تێکەوتبوو، کەس لێینەدەپرسینەوە، ئەو لاشانەی دەماننناشتن لەبەر چــاومان ســەگ دەیخــواردن وئێــسکو پرووســکەکاینان لــەوگۆرە پەرتدەبون مدیر سجنەکەمان ناوی عەجاج بـوو، تـابلێی بەدرەوشـتو بیئـەخلاق بـوو ، لـەبارەی ئافرەتەکانـەوە شـتی زۆر نابـەجێی لەگـەڵ دەکردن، پەلاماری ئافرەتیاندەدا،ئـەوەی ئـەوبێ ئەخلاقانـە دەیـانکرد پیــاو لــە روی نایــەت هەرباســی بکــەیت. ژنو منداڵــەکانم براکــانم تاکوئێستاش چیان لێبەرسـەهات مەگـەر خـودا خـۆی بزانـێ ئـیتر نـەم دیتنەوە من بیـاوێکی لادێـی هـەژار نـازانم بۆچـی وایـان لێمکـرد تـاوانم چیبوو نازانم؟.

**( عومەر ئیبراهیم تۆفیق لەدایكبوی ١٩٣٢ )**

لەگونـدی کـانی هــەنجیر شـێخ بـزێنی هاتۆتــە دونیــاوەو لەڕێکــەوتی ١٩٨٨/٥/٥ لەگــەڵ ســەرجەم مــاڵو منــداڵی بەرشــاڵاوی ئەنفالــەکان کـەوتوونو بەتـەنها خـۆیو (خاڵـە جـەلال)ی بـرای لـەنوگرە سـەلمان رزگاریانبووە.

مام عومەری پیرو پەککەوتە لەگەڵ برا کلۆڵەکەیداو لەگۆشەی ژوورێکی تاریكو تەنگ لەپەراوێزی ئەو ژیانە ئەستەموو بێرەحمەو ژیانێکی تاڵو ئەندێشاوی بەسەر دەبەنو مام عومەر بەم جۆرە بۆمان هاتە ئاخاوتن: پاش ئەوەی لەدێکەی خۆمان رامان کردە هەردەکەو خۆمان حەشارداو جاشو جـەیش گەمارۆیانـداینو گرتمانیـانو بـۆ تـەق تـەق بردمانیـانو پاش چەرمەسەریو ئازاری زۆر بـۆ تۆپزاوایـان بـردین.. لـەتۆپزاوا ژنو منداڵەکان. هەروەها گەنجەکانیان لەئێمە جـودا کـردەوە. مـن پێموایـە هەموو خەڵکی کوردسـتان لـەتۆبزاوە بـوون. خـەڵکی هێنـدە گیرابـوون پیاو سەری سور دەما چ کافرستانێ بوو نەت دەزانی چی بکـەی؟ ئـەو

هەموو زوڵمو زۆرەی لە کورد کراوە هیچ عەقلێ تەحەمولی نا کات. ئێمە غەدرمان لەکەس نەکردووەو پەلاماری کەسمان نەداوەوماڵی کەسمان وێران نەکردووەو خودا ئەو هەموو زوڵمو تەعدایە چۆن قەبوڵ دەکات؟

هەرکاتێ ئەو ڕۆژانەم وەبیر دێتەوە خەریکە شێتدەبم ژنو منداڵەکانم چیان لێ بەسەر هاتو کوا خزمو کەسەکانمو گوندەکەمان بۆچی وێرانکرا؟ منی پیرو پەککەوتە بەرگەی ئەو هەموو ئازارە نا گرم دەمەوێ بزانم ئەگەر ماونو گۆڕەکانیان لەوکوێیە؟ (مام عومەر چاوەکانی پڕ لەفرمێسك بوونو وەك منداڵان دەگریاو ئێمەش لەو کلۆڵتر کەس نەبوو هێورمان بکاتەوە). مام عومەردوای کەفرمێسکەکانی سریەوە دەستی بەگێرانەوەی بەسەر هاتەتاڵەکانی کردەوە ووتی: ئەوەی کە هەمیشە لەبەر چاومە ئەختیارێك کەناوی حاجی عبدالله بوو لەگەڵ خێزانەکەی کە زۆر بەتەمەن بوونو لەدەمی دەرچوو ووتی: هەموو پارەکەیان لێسەندووین عەریفێکی مل قەوی تورکمان دیار بوو کوردی دەزانی ووتی: کێ پارەی لێت سەندووە؟ حاجی عبدالله ووتی: عەسکەرەکان ئەم عەریفە تورکمانە دیار بوو زۆر ڕقی لەکورد دەبۆوە بەدار لەحاجی بەربوو تاقۆڵی نەشکاند وازی لێنەهێنا وەك سەگ لەو گۆڕە حاجی فرێدا.

ئەوەی لەتۆبزاوە دەربارەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئافرەتەکان دیتومەو لەڕووم نایەت بۆتانی باس بکەم ئەوەی لەوێ دیتم نەئینسانو نەئیسلامو هیچ دینو قەومیەتێك ئەوە قەبوڵ ناکات جگە لەحزبی بەعس نەبێت درندەی وەك حزبی بەعس لەسەر ڕووی دونیا نییەقەت باوەرناکەم، دوای دوو ڕۆژان بۆ شوێنێکی نادیاریان بردین تاگەیشتینە نوگرە سەلمان لەڕێگا پیاوێکی ئەختیار کە ناوی حاجی محمد بوو

خەڵکی لای دوکان بوو لەناو پاسەکە دەگریا منیش لەحاجی کاکە خانم پرسی کەخەڵکی گرد خەبەر بوو ئەوە
( حــاجی محمــد) بـۆ دەگرێـت وتــی: ئــەوە پارەیــەکی زۆری پــیٚ بــوو ســەربازەکان لێیــان ســەندووەو حــاجی محمــد بەحەرەســەکەی ووت: پارەکــەیان لێــسەندوم حەرەســەکە ووتــی: کــیٚ شــاهێدتە؟ ووتــی: ســائیقەکە ، ســائیقەکە پیــاوێکی کــورد بــوو زمانیــشی بــەڕۆژوو بووسائیقەکە ووتی: من شاهێدم کە پارەکەیان لێسەند.
حەرەســەکە زۆر تــوڕە بــوو ووتــی: تــۆ درۆ دەکــەی ئەمانــە ئــەنفالن پارەیان لەکویٚ بوو (حەرەسەکە دەیزانی ئەو خەڵکە هیچیان لەگیرفان نەماوە بەلاٚم لەکاتی پشکنین حاجی محمەدپارەکەی شاردبووە دواتـر عەسـکەرێك پارەکـەی لێـساندبوو سـایقەکە دیتبـوی حەرەسـەکە زۆر نامەردانە دای بەناو دەمی سائیقەکەو پڕ دەمی خـوێن کـرد، ئێمـە زۆر هەوڵماندااســائیقەکەدەمی بــسرێتەوەبەلاٚم ووتــی: وەلاٚهــی دەمــم ناسڕمەوە با ئەو ها لەحوزوی خوادا دا بم.
لــەنوگرە ســەلمان وەزعمــان زۆر خراپبــوو خــواردن نــەبوو زۆربــەی ئەختیارو منداڵەکان دەمردن جاریٚ ئەگەر بچویناتە بـەر هـەتاو ئـەوا وەك شـارە مێرووڵـە ئەسـپیٚ لـەگیانت دەبـاری کـێچو ئەسـپیٚ پیـاوی دەخـوارد نـان نـەبوو بخـۆین کـێچو ئەسـپێش خوێنەکـەی دەمـژین. جەنازەی مردووەکان لەو گۆڕە بێناز دەکەوتن کەس نـەبوو شـیوەنمان بۆ بکات خۆمان بۆ مردنی خۆمـان دەگریـاین لەبـەر بـیٚ هێـزی توانـای گریانـشمان نـەبوو ووشـكو ڕەق هـەلاٚتبووین کـەس نـەبوو ئـاو بـۆ مردووەکانمان گەرم بکات نـەمردوو شـۆرمان هـەبوو نەمـەلاو نەتـەلقین بیٚ ڕێوەڕەسمی ناشتنی مردووان بەهـەزار دەسـت مـاچ کـردن ڕێگایـان دەدایت تا مردووەکانمان بەجلوبەرگـەکانی خۆیـان لـەو بیابانـە لماویـە

بنێژین کەشەویش دەهات سەگە ڕەش بـێترس‌و شـەرم لەبـەر چـاومان دەیانخواردن.

لەبەعس دڕندەتر خوا دورستی نەکردووە وامان لێهاتبوو مردوو زیندوو لێکجودا نەدەکرانەوە ڕۆژانە جەنازەی مردووەکان لەقاعەکان بەکۆمـەڵ کەوتبوون.

ڕۆژێکیان کۆمەڵی ئافرەت‌و منداڵیان لەدوبزەوە بـۆ لای ئێمـە هێنـا زۆر خـاوێن‌و جـوان بـوون عـەجاج ناوێـك کەجـەللادبوو ووتـی: نـابێ ئـەم ئافرەت‌و منداڵانە هیچ خواردنیان بدەنێ دەمەوێ هەفتەیەکی تر کـەس نەیانناسێتەوە.

شـێرەژنێك زۆر جـوینی بەعـەجاج داو ووتـی: مـن تـۆ بـەپیاو حیـساب ناکـــەموو تـــۆ لـــەم پێڵاوانـــەش کـــەمتری عـــەجاج بـــەکێبڵ زۆری لەئافرەتەکـەدا هــەموو سـەرو کـویلاکی شـکاند زۆر جـوێنی پیـسی بەئێمەشدا، عەجاج بەهـەموو شـێوەیەك تەعـەدای لێدەکردین. ڕۆژانـە سـەموونی ڕەقیـان دەدایـنێ (٢٠)ڕۆژ بـەر لەبەربونەکـەمان بـەجارێ برسـیان کـردین جـەلالی بـرام ووتـی: بـرنج دەفرۆشـن کیلـۆی بـە (٢٠) دیناربـەلأم بیـست دینـاری ئـەوکات پارەیـەکی گـەلێ زۆربـوو پارەمـان نەبوو بەڵام حاجی برایم کـە خـەڵکی داڵاوە کـوردان بووهەنـدێ پـارەی حەشاردابوو پارەی پێدابن‌و ئێمـەش ووتمـان جـەلال بیکـڕە. هەنـدێ گوێچکە سەمونی ڕەقمان لەشـورتەکان وەرگـرد وتمـان بـا شـۆربایەکی گەرم بخۆین.

بەشەکەی من لەبـەردەمم بـوو پیـاوێکی ئـەختیار دەسـتانی دەلـەرزین دەرپێیـەکی منـداڵی بەدەسـتەوە یـوو ووتـی ئـەم دەرپێیـەم لێبکڕەبـا هەندێ شۆربای پێبکرم خەریکە لەبرسان دەمرم منێك نـەپارەم پێیـەو نەپێویستم بەودەرپێیەیە زۆر بەزەییم بەوپیرە هاتەوە ووتم: وەڵلاهـی

نابێ ئەمەش بخۆم بالەبرسان گیانم دەرچێ خواردنەکەم دا بەئەختیارەکەو دوای جەماعەت سەرو کەوچکێکیان دامێ. لە ١٩٨٨/٩/٨ کە هیچ هێزمان تێدا نەما بوو ناومان نووسراو سواری سەیارەیان کردینو لە سلێمانی بەرەڵایانکردین بێ مالّ بێ منداڵ بێ پارە نەشماندەزانی بۆکوێ بڕۆین.

-٥-

**( مەحەمەد غەریب قادر لەدایکبووی ١٩٢٥ )**

لە گوندی تاڵاو سەربە ناحیەی نەوجول هاتۆتە دونیاوە پیرەمێردێکی پەککەوتەو بەساڵاچووە لۆچە قووڵو تاریکەکانی رووخسارە ماندووەکەی و مەرگەساتی ئەنفالو نوگرە سەلمان دەگێڕێتەوە هێزی لەبەر براوە دەستو ئەژنۆی دەلەرزنو لەرینەوەیەکی ئەندێشاوی بەر بینگی گرتووە؟ ئەم ڕۆژگارە دێتو دەڕواو ماسیەکان بەسەر تاشەبەردێکەوە هەپروون بەهەپرون دەبنو ئاسمان دەگرێتو دڵی ئێمە هەرگیز ناگرێت... محمەد غریب بەمجۆە بۆمان هاتە ئاخاوتن:

کە شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالەکان کوردستانی گرتەوەلەبەهاری ساڵی ١٩٨٨ خەڵکی ناوچەکەی ئێمە بەژنو منداڵەوە گوندەکەیان چۆڵ کردو رووما لەو چیاو هەڵەتانە کرد. چیای عەزیز بەگ کە سەعاتە ڕێیەك لە تاڵاوەوە دوورە چیایەکی سەختو دژوارەو سێ شەو ڕۆژان بەو چیایەوە گیرساینەوە ئەو سێ شەو ڕۆژانە سامێکی گەورەمان لینیشتبوو وەزعمان زۆر خەراپ بوو دەترساین کە ئەنفال بکرێین پاش ئەو سێ شەو ڕۆژە لەگەڵ کازیوەی بەیانی جاشو جەیش چوار دەوری لێگرتینو زەوی لەتانكو زرێپۆشو جاشو جەیش ڕەش دەچۆوەو بەئاسمانەوەش کۆپتەرو هەنتەر دەسوڕانەوەو دەستریژی کوێرانەیان

دەکرد لەهەموو لایەك گرمو هۆڕی تۆپو شریخەی گوللە بوو هەلایەك بوو هەر مەپرسن ئەوە ڕۆژ نەبوو ئەوە ڕۆژی قیامەت بوو بەچاوی خۆما بینیمان.

لەپڕێکدا وەکو گورگ لە هەموو لایەکەوە پەلاماریان داین زاقو زریقی ژن و منداڵ لەو چیایە دەنگی دەدایەوە سامێکی کوشندە ئەژنۆی سڕکردبیووین دەستمان بەپاڕانەوە کردو بەس مەمانکوژن چیتان دەوێ بۆ خۆتانی بەرن مەڕو ماڵات بەرن پارەو پوول بەرن بەس مەمانکوژن.

لەوهات و هاوارە دەستڕێژێکیان پێوە نااین گوللەیەك لەتەنیشتم دای بەعەرزاو کاشکا بمیکوشتبایەو ئەو ڕۆژە ڕەشەم بەچاوی خۆم نەدیبا.

عەولعەزیزی ئامۆزام کە ئێستا کە ئەنفال کراوە عەرەبی دەزانی لەنزیك ئامرەکە وەستا بوو وتی: ئامرەکە دەڵێت بێرنەوە تەیارە ڕەمیتان ناکات مەترسن ناتان کوژین بڕۆنەوە ناو گوند.

ئێمەش وردە وردە لەگەڵ منداڵە کان بەرەو گوند ڕۆیشتینەوە.

بۆ سبەینی سەعات (٨)ی بەیانی کاتێکمانزانی چوار دەورەمان تەوق کراوە هەم دیسان کۆیان کردینەوەو سواری ئیڤای سەربازیان کردین هەر (٢)ماڵ کراینە ئیڤایەکەوە زیاد لە (١٠)ئیڤا دەبوو کەوتینە ڕێ بۆ مەکتەب شەبابەکەی دووزیان بردین. مەکتەب شەبابەکە پڕ لەخەڵکی گیراو بوو ژنو منداڵ بەجیاو زەلام بەجیاو خەڵکی دوز دەوریان لێدا بووین بەهاوارمانەوە هاتبوون خواردنو جگەرەو ئاویان بۆ دەهێنایین. ماڵ خوشکێکم لە دوز بوو هەندێ غەرازمان پێبوو لای ئەوانمان داناو سەباحو فەرمانی کوڕم شوانکارە بوون مەڕەکانیان لێسەندبوونو بۆ خۆشیان بۆ دوز هەڵاتبوون. بۆ ڕۆژی ئایندە بەمەنشەئە بارمانیانکرد بۆ کەرکوك (١٠-١٢)مەنشەئە دەبووین لەکەرکوك ووتیان جێگا نیە

ئنيجا بۆ تكريتيان بردين. ئەو خەڵكەی بەسـەيارە بەدوامانـەوە بـوون كە بزانن بۆ كوێمان دەبەن بەر لەوەی بگەينە ناو تكريـت هـەموويانيان گەڕانـدەوە. ئـەو شـوێنەی بـۆی دەچـوين لەتكريتـەوە زۆر دوور بـوو چۆڵەوانی و بيابان بوو قاعەی گـەورەی لـێ بـوو هـەمومانيان پەسـتايە قاعەكانەوەو ژن‌و منداڵ بەجوداو زەلامەكان بەجودا. سەعات (٨-٩)ی شـەو بـە (گـوم گـوم) نزيكـەی (٣٠-٤٠) كەسـيان ليجـودا كردينـەوەو دەست‌و چاويان بەستاين و سواری سەيارەيان كـردين‌و لەگـەڵ خۆيـان بردين دونيا زۆر كـپ‌و خـامۆش بـوو دەنگـی جوجەڵەيـەكش نـەدەهات دەمەو بەيانی گەڕاينەوە ئەوانيدی چيان بەسەر هات ئەڵڵاو ئەعلـەم تـا ئێستا چاومان پێيان نەكەوتوونەتەوە.

بۆ ڕۆژی دووەم سەر لەبەيانی جەماعـەتێ لەگەنجـەكانيان بـرد ئێـوارە هەموويانيان گەڕاندەوە هەموو لەشيان هـەلا هـەلا كرابـوو زۆريـان لێدا بوون.

بـۆ شـەوی سـێيەم بەمەوداليـد خـەڵكيان دەبـرد (٢-٣) ئـەمن‌و ئيستخبارات دەهاتنـە نـاو قاعەكانـەوە بـە ئـارەزوی خۆيـان خـەڵكيان هەلدەبـژارد كـەس نەيـدەوێرا ورتـە بكـات هێنـدە پەرێـشان حـاڵبوين لەبرسان و لەتينوان سەرمان دەسوڕا ئەو شەوەش خەڵكی زۆريان بردو نەگەڕانەوە.

ڕۆژی پاشـتر كـە هـەموو گەنجـەكانيان بـرد. تـەنها پيرەمێـردو پەككەوتـەكان مابوونـەوە هـەموومانيان لەقاعـەكان دەركـردە دەرەوە وەك ديلە ئێرانيەكان دەستمان بەسەر سەرمانەوە بوو پاشان يەك يەك دەيانكردينە قاعەكانەوەو هەرچيمان پێبوو لێيـان دەسـتاندين (پـارەو سەعات و زێڕ) هەرشتێ بەكەڵك ئەوان هاتبا ئێمە فرە زۆر بووين.

شـەوی چـوارەم كاتـژمێر (٨)ی شـەو بەمنـشەئە باريـان كـردين‌و بـۆ

نوگرەسەلمانیان بردین کاتژمێر (١١) نیوەڕۆ گەیشتینە نوگرەسەلمان. لەنوگرە سەلمان جەماعەتیٚ تر لـەپێش ئێمـە لـەوێبوون ئـەوانیش هـەر زەلامبوون ئافرەتی لێبوو بـەلاّم بـەجیابون نەیاندەهێـشت ئافرەتـەکان ببینین، ووتیان ئەوە جێگاو بانی خەڵکی پێش ئێوەیە بۆ خۆتان ئینجا رەزالـەت لێـرەوە دەسـتی پیکـرد مـردن برسـێتی چـیتان بۆبگێرمـەوە دواتر بەریاندایـن ئەیانزانی هەرئەمرین.

( **حمه سەعید فەقیٚ رەشید** )

له دایکبووی ١٩٣٣ خەڵکی گوندی (دۆڵەبی) دۆڵی جافایەتی (ناحیـەی بنگرد/ قەزای دووکان / پارێزگای سلێمانی). (١٢) کەسـی ئـەنفالکراوە لـەماڵی خـۆی ، دووای شـەش مـانگ و دە رۆژ خـۆی و هاوسـەرەکەی لەگـەڵ منـداڵێکی لـە نوگرەسـەلمان رزگاریـان دەبێـت. لـە بـەهارێکی باراناوی بەرێگایەکی خوّلین و نـاخۆش خـۆم گەیانـدە گوندەکـەی مـام حەمە سەعید هەرچەندە رێگاکەش ناخۆشـبوو ترسـی ئەوەشـم هـەبوو لەگەرانەوە رێگام لێبگیریٚ لەبەرئەوەی بارانەکە زۆر بـەهێزبوو بـە هـەر حاڵ لەگەڵ هاورێی بەرێزم پارێزەر ئەیات ئیسماعیل کاکەیی خۆمانکرد بـەماڵی مـام حەمـە سـەعید و دەسـتمانکرد بـەگفتوگۆ لەگەلیـداو بەهیواشـی زومـی کامیرەکـەم ئاراسـتەی کـردو دەسـتم کـردە پرسـیار کـردن سـەبارەت بـەتاوانی ئـەنفال لـە و ناوچـەیەو بەسـەرهاتی خـۆی بۆمان گێرایەوە و ووتی : مانگی دووی ١٩٨٨ بوو کاتێکمانزانی جەیش و جـاش هاتبونـە گونـدی شارسـتێن و ئـەو قوچـەیەی بـەردەم گونـدی شارستێن کە بەسەر ئێرەدا دەروانیٚ

، دایگرتینـەوە بـە تـوپ بـاران بـە جـاریٚ داییبێـژتین ، لەترسـی ئـەو تۆپبارانە چرە رامانکرد ، بەدۆڵی( شێخ محەمەد) ا سـەرکەوتین بـەرەو

ئێران رۆیشتین بەرەزالـەت بەوزسـتانە لـەناو بـەفرو سـەرما گەیـشتینە ئێران ، بەڵام وەزعمان زۆر خراپ بوو ، لـەهیچ شـوێنێك جێمـان نـەبوو تیا بسرەوین پاشماوەیەك گوتیـان بابـچینەوە بـۆلای رانیـە ، گووتیـان عـەفوو دراوە ، منـیش ووتم وەڵا کاکـە مـن دەترسـم نایەمـەوە ، ئـیتر ووتیان بابرۆین باشترە ، بەڵام من دووای ئەوەی کورەکانم لە (دوڵەبی) شەهیدکران زەیـنم لـە هـیچ نـەمابوو ، ووتیـان کاکـە هـەردەبێ بێیـت. بەهەرحاڵ هاتینەوە لـە(سـونێ) وە کەگەیـشتینە (سـونێ) ئـیتر لـەوێ تـــوش بـــووین و گیرایـــن حـــەرەس بەدەورمانـــەوە بـــوو تاســـواری ســـەیارەیانکردین ، پێمانیـــان ووت مەترســـن (عـــەفو) وە ووتمـــان وەڵا دەترسین ، ووتیان هەتا( فرقـەی چـوار قورنـە ) تـان دەبـەین و لـەوێ بەرتان دەدەن کەبردینینە ئەوێ شەوێك لەوێ ماینەوە سبەینێ سواری سەیارەیانکردین بۆسلێمانی سێ شـەو لـە تـەواری سلێمانی ماینـەوە بەڵام لەوێ زۆر بێ لەزەت بوین بـەبێ ئـەوەی هـیچ خواردنمـان بـدەنێ لاکـــەی ســـەرمان دەهـــات لەبرســـان و لـــە تونیـــا. دیـــسان ئینجـــا سواریانکردینەوە بەرەو کەرکوك بردمانیانـە تـۆبزاوە ی کـەرکوك ، کـە گەیشتینە ئەوێ لەیەکتر جیامانیان کرەوە هەرچـی لەتەمـەنی مـن بـوو کە تەمەنی تەجاوزبوو جیایاندەکردەوە لەلایەك ، هەرچـی ژن و منـداڵ بوو لەلایەك ، گەنجەکانیش لەلایەکـەوە ، ئینجـا گەنجـەکانیان سـواری سـەیارە کـردەوە هـاتن منیـشیان بـانگ کـرد ووتیـان (حەمـە سـەعید رەشید) ووتم بـەڵێ ووتـی (گـوم لـێش گاعـد بـل غورفـە) واتـە هەسـتە بۆدانیشتووی لەژوورەکە ؟ ، کورە ووتم من عەرەبی نـازانم یـەکێ نـاوی نوسیموو ووتی برۆ ئەوغورفەیە کە(رائـد) بـوو ، گـووتی (لا) واتـە (نـا) ووتم وەڵا ، ووتـــی وەرە بردمـــی بـــۆ ئەوشـــوێنەی کـــە گەنجـــەکانیان لێ سەردەخست ، کورێکی خۆم کەناوی (حەمە رەشید) بوو خـەریکی بـن

پشتێنەکەی بوون دەیان پشکنی دوواییی ئەویان سوارکرد بەمنیشیان ووت (یالاَ ئیرکەب سەیارە) واتە دەی سواری ئۆتۆمبێلەکەبە ، ئەفسەرێکی لیّ بوو گوتی (لا مایەشمولە) واتە نایگرێتەوە، ئیتر بەمنی ووت بۆچی چویتە ئەو ژورەوە ؟ گوتم وەلاَ (رائید) ە کە وای ووت ، سەیری تەسکەرەکەی کردموو ووتی ۱۹۳۳ تەمەنت ٥٥ ساڵە برۆ ئەو ژورە بەلاَم ئەو دەمرەشەی کە هات بردمی قوڵی هەر بەر نەدەدام هەردەیووت (ئیرکەب) واتە سەرکەوە ئەویتر قوڵمی لەدەستی پچری و وتی (مایەشمولە هادە) واتە نایگرێتەوە ئەمە، وەلاَ لەگەڵم هات و قوڵی گرتم هەتا گەیاندمیە لای ژوورەکەی کە ژن و منداڵ و پیرەکانی لێبوو گەیاندمیە بەردەرگای ژوورەکەو بەکوردی گووتی برۆ ژوریّ ئینجا زانیم ئەمە کوردە چونکە لەویّ بەکوردی قسەی نەدەکرد ، ئەو کابرایە نەبووایە منیشیان دەبرد بۆ فەوتانیّ لەگەڵ گەنجەکان. ئینجا بۆ سبەینیّ دیسان ئێمەیان کۆکردەوە یەك یەك ناویان نوسین و لەئۆتۆمبیلیان هاویشتین هێشتا ژن و منداڵەکانم لەویّ مابون بانگیانکردم گوتیان بابە ئەوە بۆ کوێت دەبەن ؟ووتم وەلاَ بابە نازانم بەرمان دەدەن بۆ کوێمان دەبەن ؟ کەوتینە ریّ نەماندەزانی بۆکویّ دەرۆین ؟ بردمانیانە( نوگرەسەلمان) پاشنیوەرۆیەکی درەنگ بوو دامانیانیان گرد تاخم تاخم دەیان ووت برۆنە ئەو ژورە ، ئیتر (شەش مانگ و دە رۆژ) لەویّ ماینەوە.

ژیانمان ئەوپەری ناخۆش بوو ، رۆژی دوو سەمونی باریکەلەیان دەدایینیّ ماوەی مانگێك خۆمان چێشتمان لیّ دەنا دوایی ئەوەشیان لێبرین هەردوو سەمونەکەیان دەدایینیّ بۆ شەوو رۆژێك ، تەنکەرێکیش دەهات دەبەمان دەبرد پرمان دەکرد لە ئاو بەلاَم تا ئەو ئاوەمان پردەکرد دە کەسیان دارکاریدەکرد ئەوەی بچوایە پێشەوە دەیانکوتا.

سەبارەت بەمردووەکان( مام حەمە سەعید) دەڵێ :
هەرکەسێ دەمرد یەك بەتانیمان هەبوو لێماندە پێچاو عەرەبانەیەکی دەستی لێ بوو دەمانخستە ناو عەرەبانەکەو یەکێ لێی دەخوری و دوو کەسی دی لەگەڵ دەچون ، زەویەکە تۆزێك سەرەکەی خۆڵ و لم بوو هەڵماندەکەند ئیتر دەگەیشتە زەویەك وەکو کۆنکریت وابوو بۆمان هەڵنەدەکەنرا خۆڵمان بەسەردادەکرد هەردووای ئێمە ( سەگەرەش) جەنازەکەی دەردەکردو دەیخوارد بەبەرچاومانەوە ، ئەو سەگە رەشە بەقەدەر کەرێك دەبوو ئەوەندە گۆشتی مرۆڤی خواردبوو لەقەڵەوییا پەکی کەوتبوو پیاو لێی دەتۆقی ، ئەوماوەیەی من لەوێبوم من بینیم (٦٥٠) کەسم بینی کەمردن.
دووای ئەو شەش مانگودە رۆژە دوو وەجبە پێش من رەوانە کران نەماندەزانی بۆ کوێیان دەبەن ، بەریاندەدەن یاندەیانکوژن ؟ کە ئێمەشیان بەردا وای بۆ دەچم کە ئەختیار بوین و کەڵکی هیچماننەمابوو کە بەریشبوین ئێستا زۆربەمان نەماوە.

**( نوری عەبدولرەحمان / خەڵکی گوندی جەلەمۆرد )**

رزگاربوانی نوگرەسەلمان هەموویان لەقسەکردن و لەسیمایان خەمێکی قول بەدی دەکەیت ، بەڵام ئەوەی کە لە سیمای مام (نوری) بینیم خەمەکان زۆرتر بوو لەوانی تر بەجۆریك قسەی دەکرد لەبارەی ئەو روداوانەی کە لە نوگرەسەلمان بینی بوی مرۆڤ ئارەزوی گریانی دەکرد ، چونکە هەر گێرانەوەی ئەو یادەوەریە تاڵانەی مام (نوری) بۆ خۆی بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ نوقمی خەم بکات.
(نوری عبدولرەحمان) خەڵکی گوندی (جەلەمۆرد) ناحیەی (ئاغجەلەر) قەزای(چەمچەماڵ) پارێزگای(کەرکوك) ە بەم جۆرە روداوی تاوانی

ئـەنفال دەگێڕیتـەوەو دەڵـێ : سـاڵی ١٩٨٨ بـوو ١٨ ی ڕەمـەزان ، سەرەتا کـەزانیمان جاش و جیش پـەلاماری ناوچـەکەدەدەن بـۆ خـۆ ڕزگار کردن چوینە ناو چەمی ڕوبـار کـە دەکەوێتـە نێـوان جەلـەمۆرد و گوندی چـوقلیجە ، نزیکـەی (٥) هـەزار کـەس لەخـەڵکی ناوچـەکە لـەو چـەمە خـۆی شـاردبووە ، (٨٠) کەسـیش لەبریندارەکانی گونـدی( گۆپتەپە) ش کە بەر چەکی کیمیـاوی کـەوتبون هاتنـەلای ئێمـە بـەڵام وەزعیـان زۆر خـراپ بـوو ، سـەریانمان شـۆری و مـەروماڵاتی لـێ بـوو شیرمان بۆیان دۆشی دامانێ تۆزێك هاتنەوە سەرخۆیان ، سێ ڕۆژ لـەو ئەشکەوتانەماینەوە ، بەڵام کاتێکمـانزانی جـەیش و جـاش دەورەیـان گرتین و بەهەموو جۆرە چەکێك تەقەیان لێکردین و دوو کەسیان لێمان شـەهید کـرد بـەناوەکانی (ڕەشـید عومـەر قـادر) و (ئەحمـەد یاسـین حوسێن) ، ڕەشید هێشتا گیانی دەرنەچوبوو دایك و باوکی هەرچـەندە هەوڵیانـدا بـەس بـچن ببیـنن ئەوزاڵمانـە نەیانهێـشت. ئێمـە لـەوێ هەوومان گیراین و گەرانمانیانەوە بـۆ دێیەکـەی خۆمـان ، دووای یـەك سەعات لە خاڵخاڵانەوە زیلی عەسکەریان بۆمان هێنا و ئێمەیان خـستە ناوزیلەکان و بردمانیان بۆ ناو دائیرەی بەیتەرەکەی (تەقتـەق) و لـەوێ ماینەوە بەڵام ناو بەیتەرەکە زۆر پـیس و ڕیخـاوی بـوو بەخەڵکەکـەیان پاککردەوە ، پاش ماوەیـەکی کـورت دیـسان ئێمـەیان گواسـتەوە بـۆ( تـۆبزاوە) تـا (١٢) ی شـەو لـە نـاو زیلـەکان ماینـەوە ئینجـا ئـەمن و ئیـستخبارات خربونـەوە و بەسـوێندەو کێبـڵ کەوتنـە لێـدانمان و نـاو نوسـینمان و دەرگـای زیلـەکانیان لێمـان داخـست ، هـەرجارەی خێزانێکیـان دادەگـرت و ناویانیـان دەنوسـی و خێزانەکـەیان دەکـردە چوار بەشەوە (کور لەلایەك کچ لەلایەك ژن لەلایەك پیرەکان لەلایـەك) ، هەرپیاوێکیش گوێی لەدەنگی منداڵەکان یان خێزانەکەی بوایەو ئـاوری

بدايەتـــەوە ســـوندەيەكيان لـــەناو چـــاويدەدا. لەگـــەڵ هەڵكيـــشانى هەناســەيەكى قــوڵ و ئاهێكـدا مــام نــورى ووتــى وەڵا دەڵـێن قيامــەت ناخۆشە ، بەڵام زۆر لەقيامەت ناخۆش تربـوو ، ئێمـە بەچـاوى خـۆمـان قيامــەتمان بينـــى ، دووايــى ئێمــەيان كــردە نــاو ژورێكــەوە كــەپربوو لەپيسى ، بە قەد ديوارەكەوە وەسـتاين و پـشتمان دا بـە ديوارەكـەوە سێ سەعات بەو حاڵەوە ماينەوە ، دووبـارە ئێمـەيان سـوارى سـەيارە كردەوە بۆ نوگرەسەلمان بـەرێكراين ، هـەتا گەيـشتينە نوگرەسـەلمان نـــەخواردن نەخواردنـــەوەيان نـــەداينێ ، گەيـــشتينە بـــەر دەرگـــاى گرتوخانەكەى نوگرەسەلمان لەدەرگاكەى نوسـرابوو (وەيـل) پرسـيمان وەيلماناى چيە ؟ حەرەسەكە گوتى يەعنى جەهەنەم

ئەوە ئێوە چونەناوى. لەوێ ماينەوە بەرەزيلى ، رەزيليەكەى نـاگوترێ بـێ ئەنـدازەبوو، سـەرەتا بـاش بـوو تـاكو چـوار مـانگ مـردن كـەمبوو دووايى دەردى تێكـەوت بـەيانيان كەلەخـەو هەڵدەسـتاين هـەر لـەجێى خۆمانەوە ( ٣٥تـا٤٠) مردومـان دەژمـارد ، ئـيتر وامـان لێهـات خـۆمـان لـەمردو شـاردنەوە دەدزيـەوە چـونكە هـيچ هيزمـان تيـا نـەمابوو هـيچ كەرەسـەى سـەر قەبرانيـشى لێنـەبوو تـەنها يـەك عەرەبانـەى دەسـتى شرى لێبوو جەنازەمان پێدەگواستەوە دووسـێ جـەنازەمان تێدەكردو بـەملاو بـەولا دەهاتنـە خـوارەوە بـۆ ناشـتنمان دەبـرد ، وەڵا ئـەوەش ناشتن نەبوو دەمانكردنە ژێر تۆزێ خۆڵەوە دوواى ئێمە( سەگە رەش ) دەريدەكردو دەيانخوارد. دەسدريژيـشياندەكرە سـەرئافرەت زەلاميـان لەســـەر ئەوبرســـێتيەوە ســـەرەو خـــوار هەڵدەواســـى. ســـەبارەت بەوتاوانبارانـە مـام نـورى دەڵـێ: ئەوانـە دەبـێ هەرهـەمويان دادگـايى بكرێن چونكە ئەوانە حەقى ژيانيـان نيـە، ئەوانـە فيرعـەون و شـەداد و نەمرودن ، ئەوانە لەخودا نەترس بوون هيچ دەسـەڵاتێك واى نـەكردوەو

پێی ناکرێ. ئافرەتەکان بەزابتەکانیان دەووت سەگ بە ئافرەت ناوەرێ ؟ ئەوان دەیانگووت ئینجا سەك لەچاوئێمەوە مەلائیکەتە ، ئەوان خۆیان لەسگ بە سەگتر دادەنا ئیتر خەڵککەش قسەی نەدەما بۆیە ئەوەی ناشێ کردیان. بۆمەسەلەی ئازادکردنیان دەڵێ : وتیان لێبوردنێك دەرچوە بەرمان دەدەن هەرچەندە لێبوردن بۆ کەسێکە تاوانی کردبێت خۆئێمە هیچ تاوانمان نەکردبوو ، سەرەتا ئێمە ترساین وامانەزانی فرێماندەدەنە ناو بەحرەوە ، ئینجا وەجبەیەکیان برد خەڵکەکەش ناوی خۆی دەنوسی بەڵام هەرناوی پیرەکانبان دەنوسی و پێیانیان ووتبوو بڕۆن فرێیان بدەنە ئەو کۆڵانانەی سلێمانی و چەمچەماڵ نەڕۆنەوە شوێنی ئەسڵی خۆیان. دووای ناونوسینمان ئێمەیان گواستەوە بۆ (سەماوە) ئێمە هەموومان وەك درندە وابوین پیس و ریشمان لەسەر سنگمان بوو ئەسپێ بەگینماندا دەهاتەخوارێ کەڵکی ئەوەمان نەبوو کەس بمانبینێ ، لە سەماوە ئێمەیان خستە ناو هۆڵیکەوە بەزۆر گوتیان دەبێ خۆتان بشۆن و ریشتان بتاشن ، گاڵتەشیان پێدەکرین و پێیان رادەبواردین و دەیان ووت گۆرانیمان بۆ بڵێن قەت ئەو سوکایەتیەم لەبیرنەچێتەوە ، ئێمەش لە هەوڵی سۆراغی منداڵەکانمان بوین ئەوانیش دەیان ووت منداڵەکانتان هەموویان وا لە دەوری شێخ جەعفەری محافزی سلێمانین مزاهەرە دەکەن و داوای ئێوە دەکەن کاتێکیش هاتینە سلێمانی ووتمان ئەی کوانێ منداڵەکان ؟ ووتیان منداڵی چی وەلا یەك منداڵ نەهاتۆتەوە. کاتێ لەنوگرەسەلمان دەرچوم بەقەد دیوارەوە دەڕۆیشتم یاندەبوو بەدار عەسا برۆمە رێوە هۆکاری ئەمەشی گەراندەوە بۆ ئەو وەزعەی لە نوگرەسەلمان بینی ودەڵێ : ئەگەر کەسێ ماوەی شەش مانگ رۆانە دوو سەمونی پیس بە ئاوی پیس و تاڵەوە بخوات هەروای بەسەردێت.

**( ئاورینگ عەلی قادر ) ئەومنداڵەی چوە سەفەری مەرگ و نەمرد.**

هەموومان دەزانین منداڵ نەدەزانێ تاوان چیەو نەدەتوانێ تاوان بکات، هیچ یاسـایەکیش نیـە لـەدونیادا تۆمـەتی سیاسـی بداتـە بـاڵ منـداڵ ، چونکە بونـەوەرێکی بەرێئـە لەهـەموو گوناهێـك ، بـەڵام حزبـی بـەعس ئەمەی نـەدەزانی گـرنگ ئـەوە بـوو کوردێك کـەم بێتـەوە. (ئـاورینگ) لەدایکبووی ساڵی١٩٨٥واتە لـەکاتی شـاڵاوەکانی ئـەنفال تەمـەنی سـێ ساڵ بوە، دانیشتوی گوندی (سوتکە) ی ناحیەی (ئاخجەلەر) ی قەزای (چەمـچەماڵ) ی پارێزگـای( کـەرکوك) ە لەسـاڵی ١٩٨٨ لـە شـاڵاوی ئەنفالی چواردا لەگەڵ هەندێ لە کەس و کاری لەلایەن سوپای ئەنفالچی دەسـتگیر دەکـرێن و بـەرە و کەمپـەکانی ئـەنفال بـەرێ دەکـرێن ، هەرچەندە ئەوکاتە ئـاورینگ زۆر منـداڵ بـوە بـەڵام زۆر لـە روداوەکـان وەکو کەسـێکی گـەورە باسـدەکات ، بـاگوێی بـۆ شـلکەین بـزانین چـی دەڵێ : ئەوەی کە لە یادم بێت ئەوکات کەمنداڵ بوم بۆتان دەگێرمەوە رۆژی ١٩٨٨/٥/٤ کە هەژدەی رەمـەزانبووە کەگوندەکـەی ئێمـە کوتـە بەر شاڵاوی ئەنفال ، ئێمە من و سالمی برام و گزنگی خوشکە گـەورەم و پورێکم و ئامۆزایەکم و هەندێ لە خزمەکانمان لەدایك و باوکم دابـراین بەتراکتۆر بەرەو لای بازیان رۆیشتین بۆ ئەوەی خۆمان رزگـار بکـەین ، بـەڵام لـە نزیـك جـادەی بازیـان جەیـشەکە ئێمـەیانگرت و بـەرەو سـەربازگەی سوسـێ بردمانیـان لـەوێوە بـۆ (مدرسـە قیتـال) ی دووبـز بردمانیان ، ئەوشێوە دەستگیرکردنە وەکـو خـەون دێتـە پـێش چـاوم بۆیە ناتوانم هەموو روداوەکە بەوردی بگێرمـەوە ، خۆتانـدەزانن منـداڵ هەمیشە بیرلە سێ شتدەکاتەوە کە ئەویش خـواردن و دایـك و باوکـە ، منیش خوشکە گەورەکەم تارادەیەك بۆشاییی بێدایکی بۆم پرکردبـووە

، بۆمەسەلەی خواردنیش هەمیشە برسی بووین گەورەوبچوك عەودالّی خواردن بوو ، بۆ ئەوەشیان ناتوانم بەوردی باسی بکەم بەلاّم ئەوەم لەیادە هەمیشە برسی بووم ، ئەوەشم لەبیرە جار جار حەرەسەکان بانگیان دەکردم نانیان دەدامیّ. (حەلاوە سەیدە حەسەن) کە پوری (ئاورینگ) ە لەو سەفەری مەرگەدا هاوریّیان بووە و دەلّیّ : دوای ئەوەی لە سەربازگەی سوسیّوە ئیّمەیان گواستەوە بۆ (مدرسە قتال )ی دووبز لەویّ منداڵەکانیان لە دایکیان جیاکدەوە بەهەموو تەمەنەکانەوە تەنانەت منداڵی شیرەخۆرشیان برد ، بەلاّم هەر چۆنی بیّ (ئاورینگ) مان لەنیّوان خۆمان شاردەوە نەیانزانی ئیّمە منداڵمان پیّیە ، لە دووبز رەزالەتی زۆرمان بینی ، دووایی ئیّمەیان گواستەوە بۆ نوگرەسەلمان رەزالەتی تەواو لەویّبوو ، لەویّ سەرەتا خواردنی باشیاندایینیّ ، بەلاّم دواتر کەمیان کردەوە شەوو رۆژیّ یەك سەمونیان دەدایینیّ. پورە (حەلاو) دەلّیّ : ئەفسەریّك لەویّ دەیویست (ئاورینگ) بۆخۆی ببات بەلاّم هەر چۆنیّك بیّت نەمهیّشت بیبات چونکە هەموو هەولّی من ئەوەبوو کە(ئاورینگ) بپاریّزم ، هەرچەندە چاوەروانی بەربونیش نەبووین چونکە نوگرەسەلمان بەلای ئیّمەی ئافرەتەوە شویّنیّکی زۆر دوربوو زۆربەی خەڵککەکەش لەویّ لەبرسان و لەبەر نەخۆشی دەمردن. ئاورینگ دەلّیّ : من لەبیرم نییە سەرگوزشتەی بەربونەکەمان بە تەواویباسبکەم بەلاّم چاك لەبیرمە کاتیّ هاتینەوە سلیّمانی من وام دەزانی دایك و باوکم بزر بوون بۆیە دایکم دەلّیّ ئەوکاتەی ئیّوە هاتنەوە تۆ دەتگوت دایەوبابە ئیّوە لەکویّبوون ، ئیّمە لەو سەفەرە نەویستراوە دوومانگ و حەڤدە رۆژمان پیّچوو لەوساوە دایك و باوکم لەسلیّمانی لەماڵی خزمەکانمان خۆیان شاردبووە بەو هیوایەی کە ئیّمە بگەریّینەوە بۆ ئەوەی بەرەو ئیّران برۆین چونکە

مــاڵی مامــەکانم هــەموویان بــەرەو ئــەوێ چــوبون ، بۆیــە لەگــەڵ گەیـشتنەوەی ئێمـە بـۆ سـلێمانی یەکسەر بـاوکم بردمـانی بـۆ ئێـران بـــەرێگای قاچـــاغ ، دوای راپەرینەکـــەی ســـاڵی ١٩٩١ گەراینـــەوە کوردســـتانی ئـــازاد. ئـاورینگ ئیـستا گـەورە بـوە و کـچێکی ئاقـڵ و هۆشمەندە ، ئەوکاتەی ئـەم چاوپێکەوتنەم لەگـەڵی ئەنجامـدا لـەپۆلی شەشـــەمی ئامـــادەیی دەیخوێنـــد وەکــو کەســێکی ژێــر پرســیارێکم ئاراستەکرد سەبارەت بە هەڵوێستی ئـەو بەرامبـەر بـە ئەنفالـچیەکان ؟ ئەوگوتی : من ئێستا گەورە بووم زۆر بیر لەوە دەکەمەوە ئەوکاتە مـن منداڵێکی سێ ساڵان بوم ئەوانەی منیش لەگەڵیان بووم جگە لەبراکـەم کە ئەویش هەر منداڵ بوو هەموومان ئافرەت بوین ، دەبێ من و ئـەوان چ تاوانێکمان کردبێ ؟ خۆ منی منداڵ تاوانم نەدەزانی جگە لە دایکـم و نان هیچی ترم نەدەناسی بۆ دەبێ منی منداڵ زیندانی بکرێم ؟ کـەهیچ یاسایەك ئەمـە قبـوڵ ناکـات ، بۆیـە وایـدەبینم سـەدام و هاوکارەکـانی مرۆڤ نەبون درندەبون ، بۆیە دەبێ هەموو ئەوانە قورسترین سزا یـدرێن کە لەتاوانی ئەنفال بەشدار بوون ، زۆریـش دڵخۆشـبوم کـاتێ سـەدام و هەنـدێ لـەهاوکارەکانیم بینـی لەبـەردەم دادوەرێکـی کـورد سـەریان شۆرکردبووە ، داوادەکەم قەرەبووی هەموو ئـەنفالکراوەکان بکرێتـەوە و لە هەمانکاتیش دەستخۆشی لـە رێکخـراوی ئەنفالـەکانی کردسـتان و ئەو پارێزەرانە دەکەم کـە لـە دادگـای ئـەنفال بـەرگری لـە قوربانیـانی ئەنفل دەکەن.

(ئ‌ێ) : دووای بورانەوەم عەجاج منی هەتککرد

هەرکاتێ سەرنجی چاوە کزو بێهێزەکـانی بەساڵاچـووانی رزگـاربوو لـە گرتوخانــەی نوگرەســەلمان دەدەیـت ، لەهــەر تێرامانێکـدا بەهــەزاران

چیرۆکی دڵتەزین دەخوێنیتەوە ، نوگرەسەلمان ئەو گرتوخانەیـەی کـە بەهەزاران کوردی تیا ئاخێنرا بـوو ، بەهـەزاران منـداڵ لـەوێ لەبرسـان مردن ، بەهەزاران ژنی کورد لـەکاتی منداڵبونـدا بـەبێ پزیـشك و بـەبێ مامان گیانیان سپارد ، میوانی هەمیشەیی ئەوێ عزرائیـل بـوو کـەرۆژو شـەو ئـەویی جێنەدەهێـشت ، نوگرەسـەلمان واتـە برسـێتی و مـردن و ئابروچـون و چەوسـانەوەی دەرونـی و چـڵکنی وپیـسی و بـێ ئـاوی و هەمووشتێکی نـاخۆش ، ئـای چـەند ناخۆشـە مـرۆڤ چاوەروانی مـەرگ بکـــات و گیانیـــشی دەرنەچـــێ ، چـــاوەروانی ژیـــان بیـــت و هـــیچ پێداویستیەکی ژیانیشت نەبێ ، ئـای چـەند ناخۆشـە هـەموو بەیانیـەك لەخـەو هەڵبـستی چەندکەسـێك بەدەورەتـەوە گیانیـان سـپاردبێ، بێئەوەی کەسێ قومێ ئاو بکابەدەمیانا و بەبێ تـەڵقین و بـەبێ کفـن و بەبێ مەراسیمی ناشتن و بەبێ مەراسیمی پرسەو دوواتـریش لاشـەکەت دەبێتـە خـۆراکی سەگەرەشـەکانی (عـەجاج) بەکەڵبـەکانیان لـەت و پەتتدەکەن، بەتەئکید ئەمەش چارنوسی تـۆش بـێ ، ئەمـەچ ئافاتێکـە بـۆ کـورد ئـەم کردەوەیـەی بەعـسیەکان یاسـای جەنگەڵستانیـشی بەزاندووە. شتێکی تر هەیەکەدەمەوێ باسی لێبکەم لەزاری ئـەو کـچ و ژنانەی کەلە نوگرەسـەلمان رزگاریـان بـووە بـەلأم نـاتوانم نـاوی کـەس بدرکێنم لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە تاکوئەمرۆ کۆمەڵگایەکی داخراوە ناوهێنانی هەرئافرەتێك دەبێتـە هـۆی ئابروچـونی ، هەرچـەندە ئـەوان بەقـەت قورسـایی خـاکی کوردسـتان شـەرەفمەندن چـونکە ئـەوان لەبەرئـەوەی کـوردن دەسدرێژیانکراوەتەسـەر لەبـەر هـیچ هۆیـەکی تـر نەبووە. یەکێ لەو ئافرەتانە دەڵێ من تەمـەنم ١٦ سـاڵ بـوو کـچ بـووم بـەلأم (عـەجاج) کەبەرێوەبـەری گرتـوو خانەکـەبوو بردمیـە ژورەکـەی خـۆی داوای لێکـردم کـاری جنـسیم لەگـەڵ بکـات مـن رازی نـەبوومو

پێمگوت من کچم ، (عەجاج) ویستی بەزۆر ئەوکارەم لەگەڵ بکات بەلام من خۆم تەسلیم نەکرد، بۆیە بانگی چوارکەسی لەجەلادەکانی کرد کەوتنە لیدانم تاکو بێهۆشبووم ئینجا بەبێ هۆشی کاری خۆی لەگەڵم کردبوو دوواترپێنج جاریتر ئەوکارەی لەگەڵم کرد هەرلەژورەکەی خۆی. من لەو ئافرەتەم پرسی بۆهەرئەوەندە لەگەڵ تۆدا کاری جنسی کرد؟ لەوەڵامدا گوتی : ئافرەتی جوانی زۆر لێبوو وەجبەی تازەش دەهات (عەجاج) هەمیشە دەگەرا بۆ ئەو ئافرەتانەی تازە دەهاتن فریاش نەدەکەوت چونکە کچ و ژنی زۆر زۆری لێبوو یەك کچ نەبێ کەناوی(ع) بووبالأبەرزێکی زۆر جوان بوو خەڵکی کەرکوك بوو (عەجاج) کەئێمەی دەبرد بۆپاککردنەوەی قاعەکان ئیشی بەونەدەکرد دەستی دەخستە سەرملی و یاری بەسینگی دەکرد بەبەر چاوی ئێمەوە. ئەم ئافرەتانەی باسیاندەکەین ئێستاش لەژیان ماون گەنجیشن بەلاَم ناتوانن شوبکەن چونکە درکاندنی ئەوەی کەبەسەریان هاتووە دورنیە توشی بەلاَیان بکات بۆیە ئەگەر کەسێکیش بچێتەداوایان رەتی دەکەنەوە باشە بۆ دەبێت کەسێك ئەوباجە گەورەیە بدات لەبری ئەوەی کەکوردە هەتاکومابێت نەتوانێ ژیانی هاوسەری پێك بێنێ ، زۆرن ئەو ئافرەتانەی توشی ئەم کارەساتە نەویستراوە بوون بەلاَم بۆدادگای ئەنفال لەزۆر لاوە هەوڵیاندا کەس نەیتوانی هیچ کەس لەو ژنانە رازیبکات بێنە بەردەم دادگا لە بەغدا بەلاَم دووای ماندوبوونیکی زۆر من توانیم یەك دوو لەو ژنانە رازیبکەم بەلاَم بەکۆمەڵێ مەرج کە دوواتر توانیمان بەهاوکاری هەردوو برایانی بەرێزم (دادوەر محەمد عرێبی) و( داواکاری گشتی مونقز ئال فیرعۆن) و هاورێ پارێزەرەکانم لەتیمی داکۆکی لەقوربانیانی ئەنفال لەدادگای باڵای تاوانی ئێراق ، کەدوواتر لەسەر داوای من لەو چوار پارێزەرەکەی ناو هۆڵی دادگا دەبێ یەك

پارێزەر بمێنیتەوە لەناو هۆڵی دادگا کە ئەویش هەر من دەست نیشانم کردبووباری بوو، بۆ ئەوەی پارێزەرەکانیش ئەو ئافرەتە نەناسنەوە، چونکە وارێککەوتین کە بۆناو داد شکاتکەر بەژمارە بانگ بکرێت کەخۆی ژمارەکەی پێ گووترابوو لە پشتی پەردەشەوە دانیشتبوو ئامێرەکانیش دەنگیان دەگۆری ، ئەم لایەنە گرنگەش تاکە دانیشتنی دادگابوو ئەم باسەی تیا وروژا ، من خۆم زۆر پێش دانیشتنی دادگا هەستم بەو نوقسانیە کردبوو ،بۆیە دووساڵ پێشترخۆم بۆی ئامادەکردبوو ، لەبەر ئەوەی پێشبینی ئەوەمان دەکرد هەموو شتێ لەبەردەم دادگا باس دەکرێت لەچوارچێوەی تاوانی ئەنفال،تاکە شت کەباسناکرێت مەسەلەی (هەتککردنە). دیارەجەنابی سەرۆك بارزانیش زۆر بەبایەخەوە چاودێری دادگاکەی دەکردو تێبینی خۆی هەبوو،یەکێ لەتێبینیەکانی بەرێزیان فەرموی کەموو کوری هەیە لە دادگاکەدا کەمەسەلەی هەتککردنی ئافرەتانە لەوێ باس نەکراوە؟ پێش ئەوەی من وەلأم بدەمەوە برادەران گووتیان کاك زەمان ئەوکارەی جێبەجێ کردووە وردەکاریەکانمان بۆی باسکرد. ئەنفال بەملیونەها چیرۆکی جەرگبری لەم شێوەیەی تێدایە بەحوکمی کارکردنم لەوماوە دورو درێژەدا کاتێ دەمەوێ شتێ لەسەر تاوانی ئەنفال بنووسم هەموو رووداوەکە وەکو فلیمێك دێتە بەر چاوم نازانم لەکوێوە دەست پێبکەم ، لەبەر ئەوەی ئەگەر رزگاربویەکی نوگرەسەلمان یان دووبز یان شایەتحالێك ئەو باسی ئەوشوێنەت بۆدەکات کەلێی بووە بەلام من بەحوکمی ئەوەی چاوپێکەوتن وگفتو گۆم لەگەڵ زۆرێك لەوانکردووە دەتوانم بڵێم شایەت حاڵی هەموو روداوەکەم.

# مدرسە قتالی دوبز یان (بەندیخانەی ئافرەتانی ئەنفالکراو)

هاووڵاتی (فوزیە احمد حامد) لەدایکبووی ١٩٦٩- خەڵکی گوندی محمود پەریزە، سەر بەناحیەی قادرکەرەم، قەزای دووز.. لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکان بۆ سەر ناوچەکەیان لە١٠/٤/١٩٨٨، وێڕای ئەنفالکردنی سەرجەم کەسو کارەکەی، هاوسەرەکەی (کمال عبدالعزیز قادر) بەهەمان شێوە ئەنفالکراوەو بێسەرو شوێنە. ناحیەی قادر کەرەم کەلە (٩٤) گوند پێکهاتووە، بەر ئەنفالی سێ کەوتو لەماوەی نێوان (٧-٢٠)ی نیسانی خایاندو پتر لە(٣٠) هەزار خەڵکی ناوچەکە کوژرانو بێسەرو شوێنکران... فوزیە خان بەمجۆرە بۆمان هاتە ئاخاوتن:

گوندەکەمان بەئۆتۆمبیل نزیکەی کاتژمێرێ لەقادر کەرەمەوە دوورە، ناوچەیەکی گردۆلکاوییە، گوندەکانی دەوروبەرمان (عەلی مستەفا-زەردە- قۆچەلی)یە.

سێ- چوار رۆژ بەر لەئەنفالکردنی گوندەکەمانو گوندەکانی دەوروبەری، بەردەوام فرۆکە دەستڕێژی ناوچەکەیان دەکردو لەرێگاوبانان خەڵکی پیادەیان دەکوشتو ئۆتۆمبیلیان دەسوتاندو شوانو گاوانو مەڕوماڵاتیان دەکووشت، کەس بەڕۆژ نەیدەوێرا لەماڵ سەر دەربێنێ، تەنها بەشەو خەڵکی هاتوچۆیان دەکرد. لە٧ی نیسانی ساڵی ١٩٨٨، هێزەکانی رژێم لەسوپاو ئەفواجەکانی جاش لەدوزخورماتووەوە کەوتنە جموجۆڵو لەبنکەکانیان بڵاوەیان لێکرد. دوو رۆژ پاشتر لەلایلانو چەمچەماڵو سەنگاوەوە بەڕێکەوتنو لەهەموو لایەکەوە بەرەو ناحیەی قادر کەرەم پێشڕەوییان کرد، ئەو هێزە هاوبەشەی کە لەقادر کەرەمەوە بەڕێکەوتن لەلیوای ٦٥ی هێزی تایبەتو

لەلایەن هەردوو فەوجی خەفیفە (٥٨و ٢٠٠) پالپشت دەکران، بەچاوساغی موستەشار (شێخ حەسیبو عەبەی شانان). دوو رۆژ بەر لەئەنفالکردنی گوندەکە، لەتاریکو روونی بەیانیەوە تا نیوەڕۆ فڕۆکە گوندەکەی بۆردومان دەکرد، خەڵکی گوندەکە روویان لەهەردەی (دار خورما)کرد کەناوچەیەکی گردۆلکاوییە، لەو هەردە خەڵکەکە کوونە تەیارەیان هەڵکەندبوو، خۆیان تێدا حەشار دەدا، نەبادا بەر هێرشو پەلامار بکەون، گوندەکەش لەناوبلێسەی ئاگرو دوکەڵدا ونببوو. ئەو خەڵکە ماڵوێرانو بێدەسەڵاتەی کە لەهەردەکە کۆببوونەوە، پتر لە(٣٠٠)کەسدەبوون، تەنها نانەڕەقو خواردنی ووشکەمان پێبوو، کەس ئاگری نەدەکردەوە، زیڕەی منداڵ دەگەیشتە ئاسمانێ، لەخودا زیاتر کەسمان شك نەدەبرد، هەر دوعامان دەکردو خێریان قەرار دەداو لەناخەوەش ئاگرمان تێبەربوو. کاتێ هێزەکە بەچاوساغی جاشەکان روویان لە گوندەکە کردو زانیان کەسی تێدا نیە، یەکسەر روویان لەهەردەکە کرد، چونکە شێخ حەسیب خۆی خەڵکی گوندەکەی ئێمە بوو، باش شارەزای ناوچەکە بوو. کاتێ چوار دەورمان گیرا، یەکەمجار زەلامەکانیان دایەپێش خۆیان، پاشان ژنومنداڵەکانیان بارکردە ناو ئیڤاسەربازییەکانەوەو بۆ (عەلی مستەفا)یان بردین، کەهەر ئەو رۆژە سەرلەبەیانیەکەی ئاگری تێبەربوو، هەمووی بەسەریەکدا رووخابو و دیمەنێکی ئەوەندە دڵتەزێنو جەرگبڕ بوو، کەس خۆی پێنەدەگیراو لەقوڵپەی گریانی دەدا.

لەگەڵ خۆرئاوابوون، بردمانیان بۆ ناو لیوایەکەی چەمچەماڵ (کەرۆژی راپەڕینەکەی چەمچەماڵ بوو). لەچەمچەماڵ یەك شەو ماینەوە، زەلامەکانیان لەژنەکان جودا کردەوە، بۆ بەیانی رۆژی ئاییندە سواری مەنشەئەیان کردینو بۆ تۆپزاوە بەڕێکەوتین.

لەتۆپزاوە، دارت هەڵدابا نەدەکەوتە سەر زەوی، لەوێ ئازارێکی

زۆریـــان دایــن، هـــەزار قـــسەی ناشـــرینیان پێـــدەوتین، (٥) ڕۆژ لەتۆپزاوەماینەوە، لەڕۆژی سێیەم گەنجەکانیان جودا کردەوە، لەڕۆژی چوارەم پیرو بەساڵاچووەکانیان جودا کردەوە، لەڕۆژی پێنجەم منداڵی بەرمەمکەیان لێسەندین، ئەو ڕۆژەی منداڵە بەرمەمکەکانیان لێسەندین، بەجارێ شێتو هار بووین، هەتا بەیانی هەر شیوەنو گریان بوو، ئەم کارانە تەنها بەشەو دەکران. بۆ بەیانیەکەی منداڵەکانیان گەڕاندەوە لامان. ئەو ژنو منداڵانەی کە بۆ دوبز بەڕێکران پتر لە(١٠-١٢) هەزار ژنو منداڵ دەبوون، ئۆتۆمبیلی سەوزی موقەپەتیان هێناو هەر (٢١) خێزان باردەکرانە ناو ئۆتۆمبیلەکان، حەقیان بەسەر ئەوەوە نەبوو کەهەر خێزانێك چەند کەسە، زۆرن، یان کەم. پتر لە(٢٠٠-٣٠٠) سەیارە وەستابوونو خەڵکیان بار دەکرد، وەجبە وەجبە ئەو خەڵکەیان دەگوێزایەوە. کاتژمێر (٩)ی شەو بەدواوە لەتۆپزاوە بەڕێکەوتینو شەوێکی درەنگ گەیشتینە (مدرسە قتالی دوبز). لەوێ مەنتیقە مەنتیقە خەڵکەکەیان جیاکردەوە، هەولێر بەجیا- کەرکوك بەجیا، کەلارو کفری بەجیا...هتد. هەر قاعەیەك نزیکەی (١٠٠٠) هەزار ژنو منداڵی تێدابوو.. ئێمە لەدوبز (٦) مانگ ماینەوە، ڕۆژی یەك سەمونیان دەداینێ، شلەو برنجو چایان دەداینێ، خواردنەکەمان مام ناوەندی بوو، ڕێگایان دەداین لەناو تەلبەندەکە ئاگر بکەینەوەو جلەکانمان بشۆین، زۆر جاریش بەدزیو ئاشکرا ئەو دارودوڕەی لەناو تەڵبەندەکە بوو ببڕینەوەو ئاگری پێ بکەینەوە، زۆرجاریش لەسەر ئاگرکردنەوە قسەی ناشرینیان بەئافرەتانو منداڵان دەوتو لێیان دەدان. (ئەبو مەعروفو هادی عارەب) کەهەردووکیان عارەب بوونو بەتەمەن بوون، کەجەیشی شەعبی بوون، هاوکاری خەڵکەکەیان دەکردو غەدریان لێنەدەکردین. پاش ئەوەی (٣) مانگ لەدوبز بووین، (بێخاڵ)ی کچم کەمنداڵ بوو،

نەخۆش کەوت، بردمان بۆ نەخۆشخانەی دوبز، یەك شەو لەخەستەخانە مایەوە، ڕۆژی پاشتر کەگەڕاینەوە (مدرسە قتال) لەوێ مرد. ئەوانەی دەمردن، لەئێمەیان وەردەگرتو خۆیان دەیانناشتن، گۆڕستانی مردووەکان لەنێوان دوبزو گوندی (قەرەچەم) بوو، کەگوندێکی کوردنشینەو تەعریب کراوە، لەماوەی ئەو شەش مانگەدا پتر لە (١٠٠٠) هەزار ژنو منداڵ مردن، ئەوانەی دەشمردن بەنەخۆشی زگچوونو ڕشانەوەو سورێژەوە دەمردن. (حاجی حمد ب. ب.) کەپیاوچاکێکی دوبزە، منداڵێکی زۆری لەو ئەنفالکراوانە بەدەستی خۆی ناشتوەو کفنو دفنی کردووە. پاشئەو شەش مانگە، هەموو مانگێ (٢) کاروان ژنو منداڵیان دەبرد، کەهەر کاروانێك (٢٠-٢٥) سەیارە دەبوون. یەکەم وەجبە لەهەولێرو کفریو کەلار بارکران، کەتائێستاکە بێسەروشوێنن. وەجبەی کەرکوكو قادر کەرەم، بە(٢) وەجبە بارکران، بردمانیان بۆ تکریت، کەپتر لە(٢) هەزار کەسدەبووین، دوو شەو لەتکریتماینەوە، تەنها یەك ژەم هەندێ شۆربایان داینێ، چلەی هاوین بوو، کەس بەرگەی گەرمای نەدەگرت ، هەر لەناو ئۆتۆمبیلەکان ئێمەیان هێشتەوە. پاش عەفواتەکەی ١٩٨٨/٩/٦ خواردنیان بۆ هێناین، ئەوکاتەی لەتکریت بووین، قاعەیەکی زۆری لێبوو، (ژێر زەمینی) هەبوو، خەڵکی بەمەبەستی دەست بەئاو گەیاندن، گوێیان بەدەرگا ئاسنینکەکانی ژێر زەمینەکەوە دەنا، دەنگی غەڵبەغەڵبی خەڵك دەهاتە گوێ. ئەو کاتەی خەڵکەکەیان برد بۆ تکریت، هەرچیمان پێبوو لێیان سەندینو ناونووسیان کردین، دوو ژنی عارەبیان هێنابوو، هەموو لەشمانیان دەپشکنی.. ڕۆژێك پاش عەفواتەکە، سواری مەنشەئەیان کردینو بۆ عەربەت بەڕێیان کردین، پاشان لەوێ بەرەڵڵایان کردین.

# بەشی پێنجەم

# ئەومنداڵانەی لەخێزانەکانیان جیابونەوە بەهۆی پیادەکردنی تاوانەکانی(ئەنفال)

هاوڵاتی ( **نازم ئیبراهیم شێخ بزێنی** ) لەساڵی ١٩٧٤ لەگوندی سەرچناری بناری خاڵخاڵان هاتۆتە دنیاوە، دایكو باوكو (٤) براو(٢) خوشكی ئەنفالكراون، بەتەنها خۆیو برایەكی ماون كاكە نازم بەم شێوەیە بۆمان هاتە ئاخاوتن: پاش ئەوەی رژێمی ناوەندی بەغدا لە ١٩٨٨/٥/٣ گوندی گۆپتەپەیدایە بەرهێرشی فرۆكەو كیمیابارانیكرد. نزیكەی هەفتەیەك پاش ئەو كارەساتە لەهەموو قۆڵەكانەوە رژێم هێرشی بۆ سەر ناوچەكان دەستپێكرد لەقۆڵی (ئاغجەلەر.رێدار ، تەق تەق، بەری كۆیە) بەمەبەستی گەمارۆدانی خەڵكەكەو دەستگیركردنیان، هێزەكەی دوژمن كەلەسەدان تانكو زریپۆشو فرۆكەو چەكی جۆر بەجۆر پێكهاتبوو. كەبەهەزاران سەربازو بەكرێگیراو پاڵپشتی هێزەكەیان دەكرد لەسەر تاسەری ناوچەكە پەرتبوون. پاش ئەوەی دوژمن هێرشی بۆ سەرناوچەكەمانكرد. بەناچاری بەماڵو منداڵەوە بەسەڵتە زەلام روومان لەچەمەكانی رووباری دوكانكرد لەگەڵ ئێمەش خەڵكی گوندەكانی (توتەقەڵ، گردخەبەر، شێخان،جەلەمۆرد، چوقلیجە) بەهەمان شێوە سەرگەردانو پەرەوازەببوون. سێ رۆژان بەكۆلەمەرگی بەو حاڵە ماینەوە نەماندەزانی چ بكەین، سەرمان لێشێوابوو،نركەو ناڵەی تۆپو تانك دونیای ورووژاندبوو. پاش ئەوەی لەخۆمان وەرسبووین بەناچاری ژنو منداڵەكان روویان لەگوندەكان كردەوە لەلایەك برسیەتی هەرەسی بۆ هێنابووین، لەلایەكی دی ترسو تۆقاندن، ئەو ناوچەیە بۆنی باروتو مەرگی لێدەهات. ژن و منداڵو پیرو پەككەوتەكان هیچ رێگە چارەیەكیان نەبوو سواری تەراكتۆر بوونو بەدەم زێو زێ بەرەوتەقتەق بەرێكەوتن،هێزە زەبەلاحەكەی دوژمن لەگوندی قەمیشە مولگەی بەستابوون وەك گورگ پەلاماریان داینو كەلبەیان

لی تیژ کردین، لەهەورازەکەی قەمیشە هەرچیمان پێبوو لێیان ئەستاندین بەدەستی رەشی خۆیان گوارەو ملوانکو بازنیان لەئافرەتەکان دەکردەوە هەموو شوێنێکی لەشیان دەپشکنین هەر لەرێگاوە سوکایەتیەکی زۆریان پێکردین لەکاتژمێر شەشی ئێوارە تا نۆی بەیانی لەو گۆرە لەناو تەراکتۆرەکان رایانگرتین هیچ گوێیان لەتێنویەتیو برسێتیمان نەدا، تادەهات خەڵکی گیراویان کۆدەکردەوە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەرۆ پاش ئەوەی حمایەیان بۆ دانایین کەزیاد لە(٢٠) تەرکتۆر دەبووبن، بەرەو تەق تەق بەرێیان کردین.
لەگەڵ هەر تەراکتۆرێ (٢) سەربازیان لەگەڵمان دا دەنا لەبیرمە عارەبانەی تەراکتۆرەکەی ئێمە وەرگەڕاو سەربازێك بەژێریەوە مردیەك دوو ئافرەتیش دەستو سەرو پۆتەڵاکیان شکا. سەربازەکان پەلاماری شوفێرەکەیانداو هەموو لەشیان تێك شکاندو لەو دەشتە بەجێیان هێشت. سەبارەت بەزەلامو گەنجەکان بەخۆیانو مەڕو ماڵاتەکانەوە روویان لەبناری خاڵخاڵان کرد ئەویش لەبەر دوو هۆ: یەکەم چونکە ناوچەیەکی دوورە دەستی دوژمنەو کەم وارێك کەوتووە دوژمن دەسەڵاتی بەسەر ئەو ناوچەیەدا هەبێت ئەویش لەبەر بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. خاڵی دووهەمیش بۆ ئەوە بوو مەڕو ماڵاتەکان بپارێزن وتمان ئەگەر ماڵو خانووەکانیشمان لەدەستچوو، مەڕو ماڵاتەکان بمێننەوە. کاتێ گەیشتینە ئاژەڵ دروستیەکەی (بیگرە) تەقتەق خەڵکی جوامێرو بەئەمەکی تەقتەق دەستە دەستە خواردنیان بۆ دەهێنایینو هەوڵو تەقەلاشیاندەدا بەهەر فرتو فێڵێك بێت رزگارمان بکەنو لەبن دەستی جەیشو جاشە خۆ فرۆشەکان دەرمانبهێنن. جاشێك کەناسیارمان بوو ووتی دەچمە دەرەوە ئێوەش واتە خۆمو براکەم بەناوی (ئیسماعیل) دەربازتان دەکەم، پاش هەندێ

سـەربازەكان هـاتنو گـەمارۆی شـوێنكەیانداو جاشـەكانیان دەركـردو ئیڤایەكی زۆریان راگرتو كەوتنە باركردنی خەڵكەكە بۆ كـەركوك بەهـەر شێوەیەكبوو بە وورياييەوە منو براكەم خۆمـان لـەوێ دوورخـستەوەو چـووینە نـاو(تەقتـەق)ەوە بیگـرە كەهـەر بەتەنیـشت تـەق تەقەوەیـە رووما ن لەگەڕاجركـد دووكـوڕی تـریش خۆیـان رزگـار كردبوو،سـواری ئۆتۆمبێل بووینو چووینە خەڵەكان لەماڵی خزمێكمان بـەنێوی (احمـد كريم) ماوەيك ماينەوە.

دايكو خوشكو براكانم هەموو گیرانو نەماندەزانی چـیان بەسـەرهاتووە تەنها منو براكەم مابووینەوە باوكیشم لەخاڵخاڵان لەلای مەڕوماڵاتەكان مابۆوە.

(٦–٧) رۆژ دەنگۆیە بڵاو بۆوە گوایە ئەو خەڵكەی بـەبناری خـەڵخاڵان ماونەتەوە بەهێزی پیشمەرگەشەوەگەر تەسـلیم بـەبارق ومـستەشارو مەفرەزە خاسەكان ببنەوە ئەوا ژنو منداڵەكان بـەڕەڵلا دەكـەن ئـەو هەواڵە وایكرد خەڵكی زۆر تەسلیم بەمـستەشارەكان ببنـەوە بەتایبـەت لەسـنووری كۆیـە باوكیـشم لەگـەڵ ئـەو خەڵكـە تەسـەلیم بـۆوە لەچـاتروكاندنێ ئەوانیـشیان بزركـرد، تائێـستا كـەش هـەر بێیـسەرو شوێنن هەر لەچاوەڕوانی هاتنەوەیاندان.

**( جەمیل محەمەد ئەحمەد )**

ئەومنداڵەی سەردەمی ئەنفال لە خیزانەكەی جیابووە، بابزانین چـیمان بۆ باس دەكات:

نـاوم(جـەمیل محەمـەد ئەحمـەد)ە خـەڵكی گونـدی فـەقێ مـستەفام كەسەربە ناحیەی قادركەرەمە لە پاریزگای كـەركوك. ئێمـە لـە دێكـەی خۆمان دانیشتبوین خەریكی جوتیاری و مـەرداری بـوین ، دەنگوباسـی

ئەوەهەبوو کە رژێم پەلاماری ناوچەکەدەدات، پـیش دێیەکـەی ئێمـەش گونــدەکانی (مەســوێیی) کــە چــوار گونــدن ئــەنفالکرابون ، لەگــەڵ گوندەکانی داویەو دەوروبـەری بـە سەرپەرشـتی تاوانبـار(بـارق حـاجی حنتـە) بۆیـە ئێمـەش زۆردەترسـاین ، ناچـار بـوین خۆمـان بگێنینـە ناحیەی سەنگاو پێمانوابوو ئەگەربچینەئەوێ رزگارمـان دەبێـت ، بۆیـە مـەرومالأت و هەنـدێ بـەتانیمان لـە ولأغ بـارکرد ماڵەکـەمان هـەمووی جێهێــشت کەوتینــەرێ ، هەرئــەورۆژە بــانگی ئێــوارە گەیــشتینە گوندی(سەرقەلأ) کەنزیك(ناحیەی سەنگاوە) بەلأم پـێش ئێمـە دیـاربوو خـەڵکی گونـدەکانی تـریش هاتبونـە ئەوشـوێنە، سـەربازەکانی رژیمـی لەوێ رێگایـان لێمـان گـرت نـەیان هێـشت بـچینە سـەنگاو وتیـان لێـرە بمێننەوە تاسبەی زیلی عسکەریان بۆدێت ، بۆماوەی سێ رۆژ ئێمـەیان لەوێراگرد، خەڵکەکە زۆر بێـزار بـوون دووای سـێ رۆژەکـە ئەفـسەرێکی ئێراقی هات کە تەرجومانی کوردی لەگەڵ بوو، وتـی عائیلـەکان بـالێرە بمێننەوەو شوانەکانیش مەرومالأت بەرن بەرەو چەمـچەماڵ کـە لەگـەڵ شوانەکان کەوتینەرێ دوو کوری مامم کەلەگەڵ مەرەکان دەرۆیشتن بۆ چەمچەماڵ ، هەرچەندە ئەوکات من زۆر منـداڵ بـووم بـەلأم کورەکـانی مامم وتیان با( جەمیل) لەگەڵ ئێمـەبێت ، بـاوکم وتـی( جـەمیل) نـابێ بێــت لەگــەڵتان چــونکە زۆر منداڵــەو لــەخۆم جیــای ناکەمەوە،بــەلأم کورەکانی مامم وتیـان هـەردەبێ بێـت لـە گـەڵمان ئێمـە ئاگامـان لێـی دەبێت ،هەرچۆنێ بێت باوکمیان رازیکرد کـەبرۆم لەگـەڵیان ، کەوتینـە رێ لە باسەرەوە سێ رۆژ رێمانکرد بەرەو چەمـچەماڵ وپیرایـی ، لـەرێ زۆر ناخۆشبوو نانمان پێنەمابوو جگە لەمەش عەسکەرەکان بەدرێـژایی رێگاکە دەکەوتنە ناو رانە مەرەکـەو بەکـەیفی خۆیـان کـام مەرباشـبوو دەیانبرد ئێمەش نەماندەوێرا دەنـگ بکـەین چـونکە دەیـانگوت (بـارق) چەندین رانە مـەرو شـوانی بـردووە. کەگەیـشتینە شـیوە سـوری نزیـك

پیرایـی پـێش چەمـچەماڵ قەسـابەکان و ئەوانـەی خـەریکی کـرین و فرۆشـتنی مـەروماڵات بـوون هاتنـە پێـشمان پێمانیـان دەگـوت ئێـستا (بارق) دێـت دەتانبـات بۆئـەوەی مـەرەکانیان بـە هـەرزان پێبفرۆشـین ئێمـەش زۆر مانـدو و شـەکەت بـوین زۆریـش دەترسـاین نەمانـدەزانی چـیبکەین ناچـار جـوتی مـەرو بـەرخمان بـە(١٥) دینـار دەفرۆشـت. سـەبارەت بـەوەی کـەس یارمەتیـدابن ؟ جـەمیل دەڵـێ : نەوەاللـە سەرەرای ئـەوەی کـە یارمـەتی ئێمـەیان نـەدەدا کەچـی تەعەداشـیان لێمـان دەکـرد جاشـەکان دارکـاری شـوانەکانیان دەکـردو مـەرەکانیان دەبـردو شـوانە کەشـیان دەدا دەسـت عـسکەری،من لەبەرچـاوی خـۆم جاشم بینی کەشوانی دارکاری دەکرد وەکـو (رەحمـانی مـام حەسـەن) کە خەڵکی گوندی کۆییە یەکێبوو لەو شوانانەی جاشەکان تەعزیبیانـدا دوایـش مەرەکـەیان بـردو خۆشـیان دایـە دەسـت سـوپای ئەنفالـچی. منییش دووای ئەوەی مەرەکانم فرۆشرا پورێکم لـە گـەڵ خـاڵم هـاتبون بۆ سۆراغی من منیان لەگەڵ خۆیانبرد بۆ سلێمانی بۆ ماڵی خۆیـان لای ئەوان مامەوە تا یەك مـانگ بەعـسیەکان جاریانـدا بـەناو شـاردا ئەگـەر هەرکەسێ گوند نشینێك لەماڵی بگـرن ئـەوانیش ئـەنفال دەکـەن، بۆیـە خاڵم ناچار بوو منی برد بۆ ئۆردوگای باینجان لەوێ منی کـردە شـوانی ماڵێك بەبێ مقابیل خاڵم وتـی بـا ئـەم کـورە لاتانبێـت بـەس بۆئـەوەی نـەیگرن بۆمـاوەی سـێ مـانگ لـەوێ مامـەوە دووایـی لەبـەر ئـەوەی مەرکەزی پـۆلیس و ئەمنـەکان نزیکیـان بـوو ماڵەکـە بـە خاڵمیـان ووت جەماعەتی مەرکەزەکە وەك بڵێی هەستیان پێکردووە واباشـە کورەکـە ببەیتەوە بۆیە خاڵم منی بردە چەمچەماڵ لە ئۆردگای قادرکەرەمیەکان لەوێ کردمـی بەشـوانی مـاڵی حـەکیم ئاغـا تـا سـاڵی ١٩٩١ لای ئـەوان مامـەوە بـەلام دەمـەوێ ئـەوە بڵـێم کـە حـاجی حـەکیم ئاغـامنی زۆر خۆشدەویست و پێش منداڵەکانی خۆی جل وبەرگی بۆمن دەکـرد بۆیـە

تا مردن لەپیاوەتی ئەو دەرناچم. سەبارەت بەسۆراغی دایك و باوك و خوشك و براكانی (جەمیل) دەڵێ : كاتێ ئێمە لە گوندی (سەرقەڵا) جیابوینەوە ئیتر من ئەوانم نەدیەوە كە ئەو كات تەمەنم (١١) ساڵ بوو هەرئەیان ووت بەردەبن تاكو ئێستا هەر چاوەرێم بەڵام دوای نەمانی رژێمی سەدام كە گۆرە بەكۆمەڵەكان دەركەوت زانیم ئەوان سەفەری مەرگیانكردوە. دوای ساڵی ١٩٩١ یش واتە دوای راپەرین بوم بە پێشمەرگە لە هێزی بەردە قارەمان تاكو ئێستا پێشمەرگەم. لەساڵی ١٩٩١ یش ژیانی هاوسەریم پێكهێنا و دوو منداڵم هەیە بەناوی (هێلین و بیلال ) و لە ئۆردوگای بنەسلاوە ژیان بەسەردەبەین. (جەمیل) سەبارەت بەژیان و مەسەلەی قەرەبوو دەڵێ : من ژیانێكی زۆر ناخۆش و دەردەسەریم بردەسەر ، دوور لەنازی دایك وباوك و كەس و كارم ، نەژیانم قەرەبوو دەكرێتەوە و هەموو ئێراقم لەسەر تاپۆبكەن ناكاتە ئەوەی یەك جار بڵێم بابە یان دایە یان ئەو ساتانەی لەگەڵ برا و خوشكەكانم لەدامێنی گوندەكەمان یارێماندەكرد ، بەڵام ئەوەی دڵخۆشمدەكات كەسەدامم بینی بەو شێوەیە رسواییەوە و لە داهاتوشدا خوازیارم هەموو ئەوانەی دەستیان لە ئەنفال هەبووە لەسێدارە بدرێن ، حەزدەكەم ئەوەش بڵێم هەركاتێ كەباسی حكومەتی بەعسیاندەكرد زۆر دەترساین ، بەڵام دووای ئەوەی سەدامیان بەو شێوەیە گرد وەكو كەسێكی ترسنۆك و بێ غیرەت ، من خەفەتی ئەوەمە ئەو ترسنۆكە دایك و باوك و خوشك و براكانمی لەمن بزركردو ئەو هەموو خەڵكەی ئەنفالكرد.

## ( فەرمان خورشید محەمەد )
## ئەومیرد مندالەی لە ئەنفالی گەرمیان رزگاری بوو.

فەرمان دڵی خۆی بۆمانکردەوەو بەم شێوەیە بەسەرهاتی خۆی بۆمـان گێرایەوە :

نـاوم (فـەرمان محەمـەد خورشـید قـادر) ە خـەڵکی گونـدی (تـاڵاو) م ناحیـەی (نـەوجول) قـەزای (خورمـاتوو) پارێزگـای(کـەرکوك). پـێش ئـــەنفالکردنی گوندەکـــەمان ، هەمیـــشە بـــە فرۆکـــە گوندەکـــەمان بۆردومانـدەکرا، سـەرەرای ئـەوەی هـەموو خـەلکی گوندەکـە خـەڵکی مـەدەنی و بێـچەکبوون ، بـەجوتیاری و ئاژەڵداریـەوە خـەریك بـوین ، ئەوکات من تەمەنم (١٤) ساڵ بوو ، لە ترسی ئـەنفال هەفتەیـەك چـوین لە شاخ خۆمانشاردەوە ، خەڵکی گوند توانیان هـەر هەفتەیـەك ئیـدارە بکـەن لەبـەر ئـەوەی نـان و خواردنمـان پێنـەما ، بۆیـە گەراینـەوە گوندەکــە، دوو رۆژ دووای گەرانـــەوەمان واتـــە رۆژی ٧ / ٤ / ١٩٨٨ ئەوەنـدەمانزانی جـاش و جـەیش دەوری گوندەکـەیانگرت و هــەموو خەڵکی گوندیان لەوبەری گوندەکە کۆکردوە ، ئەفسەرەکە وتی (جیبـو رەشاش ) واتە رەشاش بێنن بۆئەوەی گولەبارانمانبکەن ، ئەوکات مـن نەمـدەزانی ئەگـەر کەسـێ لەسـەرە مـەرگابێ دەبـێ شـەهادەبێنێ کەسەیرم کرد هەموو پیاوو ژنەکان پەنجەی شەهادەیان بەرز کردەوەو دەمیان ئەجولاْ بۆیەمنیش وەك ئەوانم کرد ، دووایـی نـازانم جیهـاز کـرا نازانم چبوو نەمانیان کوشت منافەسەش کەوتبووە نێـوان جاشـەکان و جەیشەکە، ئیتر بەلێدانی قۆناغە تفـەنگ خەڵکەکـەیان راپێـچی ناوزیلـە عەسکەریەکانکرد. بەلاْم ئەوەی مەری پێبـوو وەکـومن واتـە شـوانەکان سەرو وەرەقەیان دا پێمان ، ئیتر لەوکاتەوە من خەبەرم نەما لـە دایـك و بـاوك و خوشـك و براکـانم ، چـونکە ئـەوانیان بـرد بـەرەو ناحیەکـە و لەوێوە بۆ (خورماتوو) و شـوێنەنادیارەکان کـە دوو بـرا و دوو خوشـکم

بون لەگەڵ دایکم بەناوی (فازیلە محیەدین ) و باوکم بەناوی (خورشید محەمەد قادر ) براکانم بەناوەکانی (لوقمان و حەکیم ) خوشکەکانم بەناوەکانی (کوێستان و حەساروٚست ) ئای کە چەند بیریان ئەکەم. ئێمەش مەرەکانمان بردو بەرێکەوتین بەرەو شاروٚچکەی (خورماتوو) جادەو جادە ئەملا و ئەولای جادەکەش هەمووی هێزی عەسکەری بوو ، لەهەر رەبایەیەکەوە چەند جوندیەك دەهاتنە ناو مەرەکانمان و هەبوو (٥) سەری دەبرد هەبوو (٤) سەری دەبرد بوٚ خوٚیان سەریان دەبری و دەیانخوارد ، تاگەیشتینە (خورماتوو) یەك مەرمان پێنەما ، ئێمە (٧) کەس بوین کە چوینە ناو (خورماتوو) نەماندەزانی چیبکەین نەشارەزابوین بەتایبەتی من ئەوە یەکەم جارمبوو (خورماتوو) ببینم لەو حەوت کەسە هەبوو خزمی جاش بوو دەهاتن دەیانبردن تاوای لێهات من و یەك کەسیتر ماینەوە ، من و برادەرەکەم لەخوٚمانەوە لە دەرگای ماڵێکماندا فەرمویان لێمانکرد بەلاٚم ئێمە زوٚرپێس و بێوەزعبوین بوٚیە لێمانیان پرسی ئێوەچین و خەڵکی کوێن ؟ وتمان خەڵکی تالاٚوین ئێمە نەماندەزانی ئەنفال چیە ؟ بەهەرحال نانیان داینێ و دووایی پرسیان خزمتان کێیە لێرە من ناوی کەسێکم ووت کەخزممانبوو لە (خورماتوو) دوٚزیانەوە ، دووایش هاورێکەم کەناوی (وریا) بوو خزمەکەی ئەویش دوٚزرایەوە ، ئێمەیاندایە دەست خزمەکانمان. هەواڵێك بلاٚ و بووە لەلایەن دەزگاکانی بەعسەوە هەرماڵێك خەڵکی گوندەکان لە ماڵی بگرن ماڵەکەش ئەنفال دەکەن ، من و خزمەکەمان زوٚر ترساین لە هەواڵەکەش وا هاتبوو هەرکەسێ گوند نشینێ تەسلیم بکات (٣) هەزار دیناری دەدەنێ دوو مستەشاری جاش کەناویان (مدحەد ئاغا و تاریق کاکەیی) بوو خەڵکیان زوٚر تەسلێم کرد. خزمەکەی من هەستا منی برد بوٚ شاری (سەماوە ) لەخواروی ئێراق ، لەوێ ماڵی خزمێکی ترمانی لێ بوو چونکە

خزمەکـەم دەترسـا لـەماڵیان بمگـرن ، منـیش ووتم باشـە دەڕۆیـن بـۆ سەماوە بەڵام ئەی دایك و باوکم لەوێن ، ئەوە پرسـیارێ بـوو هەمیـشە دەمکرد ئەوانیش هەردەیانووت دێنەوە بـۆلات بـەڵام تـاکو ئێـستا هـەر چاوەڕوانم. چوینە سەماوە مـاڵی خزمەکـەمان وەلاّیـی هەڵویـستی ئـەو پیـاوە کـەناوی (ڕەشـید حەسـەن) بـوو زۆرزۆر بـاش بـوو ووتـی مـن سۆراغی دایك و باوکت هەردەکەم ئەگەر بەر بوون دەیانهێنمـەوە مـاڵی خۆمـان ، ئـەو ئاگـای لـەو ڕۆژە حەشـرەی کوردسـتان نـەبوو دوواتـر ئەویش هیچی بۆ نەکرا. مامـەوە لەسـەماوە لـەماڵی خزمەکـەمان بـەڵام گەورەترین کێشەی من ئەوە بوو منداڵەکانی ئەوان کوردیـان نـەدەزانی ماڵی ئەوان هیچ جیاوازی نەبوو لەگـەڵ سـجن چـونکە نەمـدەوێرا بـچمە دەرەوە ، دەیان وت نەوەك جیران خەبـەرمان لێبـدەن تـاکو ڕاپـەڕینی سـاڵی١٩٩١ لەوماڵەمامـەوە بـەڵام ئەوماوەیـەی لـەوێ بـووم هـیچ جیـا وازیـان لـە نێـوان مـن و منداڵـەکانی خۆیـان نـەدەکرد بۆیـە تـا مـردن لەپیاوەتی ئەو ماڵ بەرێزە دەرناچـم و بـەماڵی دووەمـی دادەنـێم دوای ماڵی باوکم. من موالیدم خـەریك بـوو نزیـك دەبـووە بـۆ ئـەوەی شملـی عەسکەری بکەم یەك دوو مانگم م مابوو (کاك ڕەشید) نەیـدەزانی چـی بکات ، کە من خۆشم هەسـتم بـەو مەسـەلەیە دەکـرد ، کـاك (ڕەشـید) ووتی فەرمان ڕاپـەڕینکراوە کوردسـتان ئـازادبووە ،ئیـستا تـۆ گـەورە بوویـت خـۆت دەتـوانی بڕیاربـدەیت لێـرە دەمێنیـەوە یـان دەچـی بـۆ کوردستان منـیش ووتم دەڕۆم بـەڵام کەسـێکم نیـشانبدە لەگـەڵ خـۆی بمبات یان کەسێ ڕێنیـشاندەرم بێـت دیـاربوو کەسـی دەسـت نەکـەوت بۆیە خۆی لەگەڵم هات بۆ (خورماتوو) ئەوێ ئازاد کرابوو لەلایەن خەڵك و پێشمەرگەوە لە بەعسیەکان ، لەوێ ئەوەندە گەراین بەدوای خزمێك کـە مـن لـەماڵیان بم کەسماندەسـت نەکـەوت بۆیـە کـاك (ڕەشـید) بەناچاری گەرایەوە بۆسەماوە لەبـەر ئـەوەی وەزعەکـە زۆر خـراپ بـوو

دەیانووت حوکمەت هێرش دەکات. ئەوەی کە زۆر دڵخۆشی دەکردم بینینی ئەوهەموو پێسمەرگەیە بوو ، منیش چەکێکم دەستکەوت کەوتمە گەڵ پێشمەرگە بۆ ئەوی خۆم بەکەس بناسێنم لەبەر ئەوەی وامدەزانی ئەو پێشمەرگانە باوك و برامن بەلاَم کە دەیانگوت عەسکەردێت زۆر دەترسام وامدەزانی منیش ئەنفال دەکەن ، جەیشی ئێراق هێرشیانکرد بەرگریەکی زۆرمانکرد بەلاَم بێسودبوو خەڵکەکە هەموی رایکرد و ئاوارەی ئێران بون بەلاَم من نەچومە ناو ئێران لەگەڵ پێشمەرگە مامەوە لەژێر کەپرو کونەشاخ دوایی کە خەڵك هەمووی هاتەوە منیش هاتمە هەولێر لەو ساوە پێشمەرگەم تاکو ئێستا. ئیتر چاوم کرایەوە خزم وکەسو کارم لە ئۆردوگا زۆرە ملێکانی دەورو بەری هەولێر دۆزیەوە بەلاَم هیوایان تیایە یەك کەسی ماوە یان شێت بون بیرم کردەوە تازە ماڵمان رۆیشتن دەبێ هەولَبدەم خێزان دروستکەم خۆنا بێ هەروا بەسەرگەردانی بمێنمەوە بۆیە ساڵی ١٩٩٩ خێزانم پێکهاورد ئێستا سێ منداڵم هەیە بەناوەکانی (کاروان/ چاوەروان / بێریڤان ) بەلاَم کاتێ ناوی چاوەروان دێنم شریتی ئەو هەموو چاوە روانیەی باوك و دایك و برا و خوشکەکانم دێنە بەر چاوم. سەبارەت بەسەدامیش پێویستی بەدادگایی نەبوو لەبەر ئەوەی غەرقی تاوانە دەبوو هە ر رۆژی پارچەیەك گۆشتی لێبکرایەوە نەك هەر سەدام عەلی حەسەن مەجید و هەموو ئەوانەی دەستیان لە ئەنفالدایە بە جاشەکانیشەوە. سەبارەت بە قەرە بوو کردنەوە ش ئەگەر بکرێت باشە بەلاَم تاکو ئێستا هیچ نەکراوە ، من بەژیانێکی دەردە سەری گەیشتومەتە ئەم قۆناغە هیچ لام لێنەکراوەتەوە رابرودی من گێرانەوەی هەر بەدەم خۆشە هەر خۆم دەزانم چەند جەفام کێشاوە نە ژیانم قەرە بوو دەکرێتەوە نە دایك و باوك و خوشك و براکانم ، گەرەترین دەستکەوت بۆمن ئەوەیە ئەنفالچیە کان لەبەر چاوم نەمێنن و ریسسوا بکرێن.

## ( هیرۆ خورشید محەمەد )
## شێخ سەلاحی مستەشاری جاش هەموو پارەو زێرەکانی لێمان ساند

ئەگەر سەرنجی تەواو بدەیە تاوانی (ئەنفال) دەگەینە ئەو بروایـەی کـە ئەنفال هەموو پێکهاتەکانی کۆمـەڵگای کـوردی لەبـەر یـەك هەڵوەشـاند بەتایبـەتی پێکهاتـەی خێزانـی کـورد کـە گـەورەترین کاریگـەری هەیـە لەسەرهەر تاکێك کەتا چەند وابەستەی خێزانە ، ئەم بەسەر هاتی هیرۆ خان دەیگێرێتەوە گـەواهی ئەوراسـتییە کـە (سـەدام ) ی گۆربـەگۆر چ ئافاتێکی بەسەر کۆمەڵگای کوردیا هێناوە :

من نـاوم (هێـرۆ خورشـید محەمـەد ) ە لـە دایکبـووی سـاڵی (١٩٧٠) م خـەڵکی گونـدی (سماقـە)ی (شـێخ بزێنـی) م کـە سـەر بـە پارێزگـای کەرکوکە.

لەئەنفالەکە ئەم کەسانەم گیران (١~ باوکم خورشـید محەمـەد میکایـل ٢~ دایکم حەنیفە عەبدولاّ کەدواتر لـەنوگرە سـەلمان رزگـاری بـوو ٣~ برام تاهیر خورشید لەدایکبووی (١٩٥٠ ) بە خۆی و خێزانـی ٤~ بـرام نوری خورشید لەدایکبووی (١٩٦٠ ) ٥~ خوشـکم مەدیحـە خورشـید بەخۆی و چوار منداڵی ٦~ ماڵی خـاڵم کـە حـەوت سـەر خێـزان بـوون.

سـەبارەت بـەرۆژی پیـادەکردنی ئـەنفال هێرۆخـان دەڵـێ : زۆرچـاکم لەبیرە کەرۆژی ١٩٨٨/٥/٥ بوو کەگوندەکانی ئێمە ئـەنفالکران ، پـێش ئەوەی گوندەکەی ئێمە دەستی ئەنفالچیەکان بیگاتێ (عەبە) کارەبایی هەبوو کەئامر مەفرەزەی جاش بوو جوابی نارد ووتبـوی بـا گەنجـەکان بێن بۆلای من و چەك بکـرن بـۆ ئـەوەی لای مـن بمێننـەوە و حوکمـەت نەیانگرێ خەڵکەکـەش چـەکیان کـری و پـارەی زۆریـشیاندا ، شـەو لـە

تەلەفزین بلأو بووە کە (عەبە ) کارەبایی ئەوەندە پێشمەرگەی گرتووە ،یەکسەر تەسلیم بە( بەعسی) کردبون کەتاکو ئێستا چاومان پێاننەکەوتەوە دووایی باوکم و کەسوکاری گەنجەکان چونە لای (عەبە) بۆسۆراغی کورەکانیان لە وەلامدا پێیانی ووتبوو نابێ تەعزیەشیان بۆ دابنێن. خالّم بەباوکمی ووت بابچین بۆلای (شێخ سەلاح نەقشبەندی ) کەمستەشاری جاش بوو ، هەرچی مەرو مالأت و پارەمان هەیە دەیدەینێ بۆ ئەوەی رزگارمانبێت و ناموسمان پارێزراو بێت تازە کورەکانمان رۆیشتن (شێخ سەلاح) هاتەلامان و گوتی : نابێ هیچ پارەو زێرو شتی واتان پێ بێ چونکە عەرەبەکان سەرتان دەبرن و لێتان دەستێنن ، من خۆم دووایی هەموو پارەو زێرو شتەکانتان دەدەم بە (تاهیر) ی دوکاندار (تاهیر) کابرایەکی دوکاندار بوو لەتەق تەق ناسرابوو. هەرچی پارەو زێرمان پێبوو لە گوارەو ئەنگوستیلە و بازن و ملوانکە هەمووی لێمان ساند بێئەوەی سەیرکات و بزانێ کامە هی کێیە، من ئەوکات هەزار دینارم پێبوو هەزاردیناری ئەوکات زۆربوو براکەم ژنی مارەکردبوو ، قەرار بوو بچین کەلوپەلی بوکێنی بکرین ، ئەو هەزار دینارەشی لێساندم. ئینجا (شێخ سەلاح) بەجیهاز قسەی لەگەلّ فرقەبوو نازانم کوێبوو کرد بەزمانی عەرەبی ئێمە لێی تێنەگەیشتین بەلأم ژنێکمان لەگەلّ بوو زمانی عەرەبی تێدەگەیشت گوێی لە قسەکانی (شێخ سەلاح)ی جاش بوو وتی وەلاّ حیسابمان رۆیی ئێستا زیلی عەسکەری دێن دەمانبەن ، منیش وتم بۆچی وادەلّێی؟ ژنەکە وتی (شێخ سەلاح) بە عەرەبی دەلّێ جەماعەتێکی باشم بەبێ شەرو تەقە گرتووە، لەگەلّ کۆتایی هاتنی قسەکانی (سەلاح) ی جاش هەلیکۆپتەر هاتە سەر سەرمان و دوای کەمێکی تر زیلی عەسکەریش هات و خەلّکەکەیان سەرخستە ناوزیلەکان ، (شێخ سەلاح) دووبارەی دەکردەوە و دەیگوت من حەرام ناخۆم پارەو

زێرەکانتـــان دەدەمـــە ئـــەو کەســـەی کـــەپێتانم گـــوت. دوای ئـــەوەی خەڵکەکەیان هەمووی سواری زیلەکان کرد ، خاڵم گوتی یاشێخ بۆچـی وات لەئێمەکرد مـەرو مـاڵات و پـارە و زێرمـان هـەمووی دابـەتۆ بۆچـی ئێمەت دایە دەستی عەسـکەری ؟ هەرکاکـە شـتێکمان بۆبکـە مـن ئـەم کـچە جـوان و عازەبانـەم لەگەڵـە ئـەی نـازانی دەکەونـە بەردەسـت وەلەکەعەرەب. لەوکاتەشدا خاڵۆزایەکم ژانی منداڵبونی بوو بردمانە بـن دارێـك هەرلـەوێ منداڵەکـەی بـوو ، ئێمـە شـەش کـچ بـوین ، خـاڵم زۆر پارایەوە و زۆریش تەنازولی کرد لە بەر ئێمە گوتی کورە پیـاوی چاکبە هــەر ئــەم کـچانەم بـۆ رزگاربکـە ئێمـەش لـە دەوری خاڵوزاکـەم بـوین کەمنداڵی دەبوو خەریکبوو دەبورایەوە ، ژنەکە رزگاری بـوو و منـداڵی بوو ، ئێمەش وتمان ژنەکە دەمرێ بە عەسکەرەکانمان گوت منداڵە کـە بۆ خۆتان ببەن. هەرجۆنێ بێ (شێخ سەلاح) بەئێمـەی گـوت دەبـچنە ناو ئەو کونە تەیارەوە ژنەکەش باشبوو هۆشی هاتەوە لەگـەڵ خومـان بردمان باقی خەڵکەکەی تـر هـەموویان بـردن بـەرەو شارۆچـکەی تـەق تەق لە١٢ی نیوەرۆ خەڵکەکەیان تەسلیم کـرد ئێمـەش خۆمانـشاردەوە تا ١٢ی شەو بوو جاشەکان هاتن لۆریان هاورد دەسـکەوتەکانی (شـێخ سـەلاح) ببـەن هەرچـی مـەرو مـاڵاتی ئەوخەڵکـە هـەبوو هـەموویان کۆکردەوەو لە لۆریەکان باریانکرد ، بەئێمەشیان گـوت بـچنە ژێـر پێـو دەستی مەرەکان لەناو لۆری بەڵام فزەتان لێوە نەیەت ، چونکە ئەگەر عەسکەرەکان بتان بینن دەتان بەن، لۆریەکان بەرەو شارۆچکەی تـەق تـەق بەرێکـەوتن تـا گەیـشتینە سـەر پردەکـەی تـەق تـەق لای سـەیتەرەکەی قەڵاتـە راوەسـتان ئێمـە وامـانزانی فرێماندەدەنـە نـاو زێیەکـە ، ئەوەنـدەمانزانی عەسـکەرەکان سـەرکەوتنە سـەر لۆریـەکان ئێمەش لـەژێرزگی مـەرەکان خۆمـان شـاردەوە ، بـەڵام (شـێخ سـلاح) پێیـانی گـوت هـەر مـەری تیایـە یەکـسەر عەسـکەرەکان دابـەزین ،

لۆریەکان بەرەو ناو تەق تەق رۆیشتن کاتیّ گەیشتینە ناوشـار ئێمـەیان داگـرت و گوتیـان پێلاّوەکانتـان بگرنـە دەسـتانەوە و راکـەن بۆنـاو کۆلاّنەکان چونکە بتانگرن سەرتان دەبـرن ، ئێمـەش خۆمـان گەیانـدە نـاو کۆلاّنێـك و لـەدەرگای ماڵێکمانـدا ئێمـە مـن و ئـەو ئافرەتـەی خلۆزامبووین کە لەودەشتە منداڵی بـوو ، بـاش بـوو ماڵەکـە دەرگایـان لێمان کردەوە گوتمان بمانشارنەوە ماڵیان ئاوا بێت بردمانیانـە ژورەوە ، جل و بەرگ و خواردنیان بۆمان هێنـا خزمـەتی زۆریـانکردین ، بـەلاّم من و هاورێکەم هەردەگریاین نانمان پێنەدەخورا ، دووایش مامم هات و ئێمەی دۆزیەوە و گوتی وەرن لەگەڵم بابرۆین ، منیش وامدەزانی بـاوك و دایکم لای ئەوانە و بۆلای ئەوانمان دەبات خاڵیشم هەروای گوت بەلاّم کاتیّ گەیشتینە مـاڵی مـامم گـوتم ئـەی کـوا دایك و بـاوکم دەسـتمکرد بەگریان بەلاّم ئامۆژنم توند لەباوەشیگرتم و گـوتی رۆڵـە گیـان مـەگری ئینـشا ئـەلاّ دێنـەوە. دووای حـەوت مـانگ دایـك و بـاوکم لـە نوگرەسـەلمانەوە گەرانـەوە بـەلاّم رەنگـی مردویـان لـیّ نیـشتبوو ، پێمگوتن چۆن ئێوەیان بەردا ؟ گوتیان لە بەر ئەوەی سجنی زۆری لـیّ بـوو و ئێمـەش واتـە ئـەختیارەکان نـەخۆش و پـەکمان کـەوتبوو بۆیـە دەریانکردین. سەبارەت بە ئەنفلچیەکان (هێرۆ) خان دەڵیّ :

(سـەدام و بـەعس و جـاش ) ئـەوەی بەسـەر ئێمـەیان هاوردبەسـەر کافریش نەهاتووە بۆیە داوا دەکـەم هـەر هـەموویان داگـا یـی بکـرێن و لەسـێدارەیانبدەن و قـەرەبووی زیانـەکانمان بکەنـەوە ، هەرچـەندە هەموو دونیامان لەسەرتاپۆبکەن ناکاتە پەنجەی یـەکیّ لەکەسـەکانمان چـونکە ئـەوان ئـەوەی ئێمـە خۆشماندەویـست لـە ئێمـەیان سـاند. پێویستە حکومەتی کوردیش لامان لێبکاتەوە چـونکە خـەڵکی خاوەنـد ئەنفال هەمووی ژیانی خەراپە.

**( مەریوان عەبدولقادرساڵح ) ئەو منداڵەی کەتوانی لە قورگی تاوانی ئەنفال لەناو قشلەی کۆیە خۆی رزگاربکات و بەم شێوەیەی خـوارەوە بەسەرهاتی خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە:**

من ساڵی (١٩٧٥) لەگوندی (تاڵەبانی گـەورە)ی سـەر بەقـەزای کۆیـە لـەدایك بـووم گـەر ژیـانی خـۆم بـاس بکـەم وەك مرۆڤێکـی بێبـەش لەهەموو تروسکەیەکی هیواو ئومێدو ئایندەیەکی گەش......هتد، هـەر زوو گوندەکەمان بەبیانوی دەڤەری ستراتیژیو بوونی نەوت تێکدرا، لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ شارۆچکەی (تەقتەق)راگوێزراین.

دوای دەساڵی بێکێشەو گیرو گرفت ، بەمەبەستی بـژێوی ژیـانو کـارو کاسـبی، بەماڵـەوە لـەبناری (خاڵخـالان) چـووینە گونـدی (قەسـرۆك) ولەوگونـدە گیرسـاینەوە، کـە پـێش شـالاوی ئـەنفال دانیـشتوانەکەی نزیکەی سەد خێزان دەبوو.

حکومــەتی بــەعس مــانگی پێنجــی ســاڵی ١٩٨٨ بەسەرپەرشــتی راسـتەوخۆی لیـوا (بـارق)و جاشـە بـەکرێگیراوەکانی کـورد، بەرنامـەی پـەلامارەکانیان قۆنـاغ بـەقۆناغ دەسـتپێکردو هێرشـەکانیان بـۆ سـەر گوندەکانی (قەرەناو، قامیشە، قوودرەتە، دارئەختیار، قەسرۆك) هێنا. خــەڵکی ئەمگونـدەو گونـدەکانیتر حەوانـەوەیان لێهـەڵگیراو هـەمووان لەپێناو قوتار بوونو خۆ رزگارکردن لەمەرگو ئەشکەنجەو ئـازاری ئـەو پرۆسە درندەیی هەمیشە رژێم پیادەیـدەکردو گوندەکـەمان چۆڵکردو هانامـان بـۆ شـاخەکانی بنـاری خاڵخـالان بـردو توانیمـان دە رۆژ لـەو شـاخەدا بێخـواردنو خواردنـەوە بگـوزەرێنین، بـەلام بـە دۆزینـەوەو گەیـشتنی سـەربازەکان بـەهۆی چاوسـاغیو رێنیـشاندەری جاشـە خۆفرۆشەکان چوار دەورەمانگیرا.

وەك بـاسمکرد دەسـگیرکراین کاتـژمێر (٢)ی شـەو ئێمـەیان هێنایـە

هەمان گوند کەبەشۆفەلوTNT تەواو گوندەکەیان خاپوورو بەسەریەکدا روخاندبوو.

(١٥٠) خێزان لەیەك شوێنو جێگەیان خڕکردینەوە، یەك لەو خێزانانە ماڵی ئێمە(دایكو باوكو پێنج خوشكوو دووبرا)م بوو. هەر ئەوکات پیاوەکانیان لەلایەكو ژنو منداڵیان لەلایەك داناو جیایانکردنەوەو بە (٩) زیلی موقەپەت بەرەو مەنزومەی کۆیەیان بردین، لەوێش وەك تێبینیمان کرد ئەوە (١٠٠) زیندانی تر هەیە.. سەرجەم پیاوەکانیان لەهۆڵێکی تایبەت خستو ژنو منداڵەکانیشیان فرێدا هۆڵێکی ترەوە.

من ئەو دەم بەهۆی بچووکی تەمەنەوە کە (١٣) ساڵبووم.. بەچاوی خۆم ئەمبینی، سەربازەکان چۆنوو بەچ شێوەیەك ئیهانەو بە چ چاوێکی سووکەوە سەیری ئەو خەڵکەیان دەکردوتۆزقاڵێك چیە هەستی سۆزو بەزەییان لانەبوو،خەو نەبوو، خواردنیان پێنەدەدەیان.. گەر نانێ هەبوایەو پێیان بداباینایە ئەوە بەرماوەی قوزعەکانیان بوو، ئافرەتمان لەگەڵ دابوو لەسەرمناڵ بوون بوو، بە هۆی ژانە سکەوە هاواری رۆژە رێیەك دەرۆیشت، کەچی سەربازەکان گاڵتەیان پێدەکرد. ئەمەش ئەو دێمەنەیە کەتاژیان ماوە، لەپێش چاوم وون نابێت.

سەبارەت بە خۆرزگارکردنی کاکە (مەریوان) دەڵێ :

– کاتژمێر (٦)ی بەیانی بوو، پوورێکم بەناوی (نەخشین)، ئەو وەکوو دڵی خەبەری دابێ کەپیلانێکی نادیارو گەورە لەئاردایە، هەمیشە ئامۆژگاری منداڵە بچوکەکانی دەکرد، دەیوت: رۆڵەکانم هەر دەرفەتتان بۆ رەخسا، خۆ قوتاربکەن و هەڵێن، لەبەر هیچنا با وەچەمان دوای نەبڕێ ئەوە بوو بەهاوکاری ئەو، توانیم لەدەرگای سەرەکییەوە رابکەم کە ئەوکات ئێشکگرەکە بەئیشو کارەوە سەرقاڵ بوو، هاتبووە ناوژنو منداڵەکانەوە، ئاگای لێ نەبوو من لەدەرگاکەوە

رامکرد.

ئیتر ئەو دابڕانەی لە باوكو خوشكو براکانم دابڕام، دوا دیدەنیمان بوو..ئەوان هەمان رۆژکاتژمێر (٨)ی ئێوارە بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستنەوە..کام شوێن؟! نازانم ... ئێستاش وێڕای بێ کەسیم، چەندین ساڵە بە خەوی ئەوانەوە رۆژ ئەکەمەوەو هەمیشە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەیاندام کەتا نووکە ئەوەی هەواڵە دەربارەیان بێ ئاگامو هیچ لەهەواڵیان نازانم.

مەریوان زۆر بەرەزالەت ونائومێدی گەیشتۆتەقۆناغی ئەمۆ ئێستاش ئاسەواری خەمەدێرینەکانی هەربەروخساریەوە دەدروشێتەوە وەك ئەوەی بڵێ تامردن دەست بەرداری ئەو خەمانە نابم مەریوان ئێستا لە قەزای کۆیە گیرساوەتەوە و خێزانیشی پێکهێناوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای باری کەسایەتی لە تەق تەق

ژمارە: ٧٢
بەروار: ٢٠٠٩/٤/١٨

## بەڵگەی مردن - حجة الوفاة

من دادوەری دادگای باری کەسایەتی لە تەق تەق بەڕێز محمد سعید عبداللە
ئەمەی لای خوارەوە جێگیر ئەکەم :-
لەسەر داوا و پشت بەست بە شایاتی بیستراو سەبارەت بەمردنی خوالێخۆشبوو پەروین عبدالقادر صالح
لە بەرواری ١٩٨٨.٥.٥ وەتۆمارنەکردنی ئەو حاڵەتە لای لایەنە پەیوەندی دارەکان .
بۆیە بڕیارم دا بە تۆمار کردنی مردنی ناوبراو ودەرکردنی ئەم بەڵگەنامەیە بە پێی ی ماددەی
لە (یاسای تۆمارکردنی لە دایک بوون و مردنەکان ) ی ژمارە ( ١١٨) ی ساڵی ١٩٧١ .

لە بەرواری ١٨/ ٤ /٢٠٠٥ تۆمارکرا.

| | |
|---|---|
| ناوی مردوو ی نازناوی: پەروین | ڕەگەزی : مێینە |
| ناوی باوك وباپیری عبدالقادر صالح | ناوی دایك و باپیری : قدری اسماعیل |
| ئایین و ڕەگەزنامەی : اسلام / عراقی | ناونیشانی مردوو: تەق تەق / سەرزول |
| بەرواری مردنی : ١٩٨٨/٥/٥ | شوێنی مردوو: سەرزول |

ژمارەی پەڕەو (سجلی) باری شارستانیەتی مردوو: ٢١٠٨م / ل ٨٥ / هەولێر / کۆیە

هۆی مردن / انفال

فەرمانبەری ڕێکخەری بەڵگە
کاظم عمر حمە

دادوەر
محمد سعید عبداللە

وەزارەتــی داد

دادگای باری کەسایەتی لە چەمچەماڵ

ژمارە : ٦٧

بەروار: ١٨/٤/٢٠٠٩

**بـەڵگەنامەی مردن — حجة الوفاة**

من دادوەری دادگای باری کەسایەتی لە چەمچەماڵ بەرێز مجید سعید عبداللـه
ئەمەی لای خوارەوە جێگیر ئەکەم :-
لەسەر داواو پشت بەست بە شایاتی بیستراو سەبارەت بەمردنی خوالێخۆشبوو نەریمان عبدالقادر صالح
لە بەرواری ٥ / ٥ / ١٩٨٨ ، وەتۆمارنەکردنی ئەو حاڵەتە لای لایەنە پەیوەندی دارەکان .
بۆیـە بڕیـارم دا بـە تۆمـار کردنـی مردنـی نـاوبراو وەرکردنـی ئـەم بەڵگەنامەیـە بـە پـێ ی مـاددەی ١٦ و ١٧ لە (یاسای تۆمارکردنی لە دایك بوون و مردنەکان ) ی ژمارە ( ١١٨ ) ی ساڵی ١٩٧١ .

لە بەرواری ١٨/٤/٢٠٠٩ تۆمارکرا.

| | |
|---|---|
| ناوی مردوو و نازناوی: نەریمان | ڕەگەزی : نێرینە |
| ناوی باوك و باپیری ، عبدالقادر صالح | ناوی دایك و باپیری : خدری اسماعیل |
| ئاینی و ڕەگەزنامەی : اسلام / عێراقی | ناونیشانی مردوو: چەمچەماڵ / [illegible] |
| بەرواری مردنی : ٥ / ٥ / ١٩٨٨ | شوێنی مردوو: [illegible] |
| ژمارەی پەڕەو (سجلی) باری شارستانیەتی مردوو: ٣ / ١٠٨ ل ٨٥ [illegible] | |

هۆی مردن / انفال

فەرمانبەری ڕێکخەری بەڵگە

کاظم عمر حمە

١٨/٤/٢٠٠٩

دادوەر

مجید سعید عبداللـه

١٨/٤/٢٠٠٩



حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتـی داد

دادگای باری کەسایەتی لە [illegible]

ژمارە : ٧٢

بەروار: ١٨/ ٤/ ٢٠٠٥

**بەڵگەنامەی مردن — حجة الوفاة**

من دادوەری دادگای باری کەسایەتی لە [illegible] بەڕێز محمد سعيد عبدالله ئەمەی لای خوارەوە جێبەجێ ئەکەم :-

لەسەر داواو پشت بەست بە شایاتی بیستراو سەبارەت بەمردنی خوالێخۆشبوو نسرین عبدالقادر صالح لە بەرواری ٥ / ٥ / ١٩٨٨ وەتۆمارنەکردنی ئەو حاڵەتە لای لایەنە پەیوەندی دارەکان .

بۆیە بڕیارم دا بە تۆمار کردنی مردنی ناوبراو وەدەرکردنی ئەم بەڵگەنامەیە بە پێی مادەی لە (یاسای تۆمارکردنی لە دایک بوون و مردنەکان ) ی ژمارە ( ١١٨) ی ساڵی ١٩٧١ .

لە بەرواری ١٨/ ٤/ ٢٠٠٥ تۆمارکرا.

| | |
|---|---|
| ناوی مردوو و نازناوی: نسرین | رەگەزی : مێینە |
| ناوی باوك‌وباپیری عبدالقادر صالح | ناوی دایك‌و باپیری : قدری اسماعیل |
| ئایین‌و رەگەزنامەی : اسلام / عراقی | ناونیشانی مردوو: [illegible] |
| بەرواری مردنی : ٥ / ٥ / ١٩٨٨ | شوێنی مردوو: [illegible] |
| ژمارەی پەڕەو (سجلی) باری شارستانیەتی مردوو: ٢ / ١٠٨م لە ٨٥ هەولێر / کۆیە | |

هۆی مردن / انفال

فەرمانبەری ڕێکخەری بەڵگە

[illegible]

دادوەر

محمد سعيد عبدالله

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی داد

دادگای باری کەسایەتی لە قەڵادزێ

ژمارە: ٧٠

بەروار: ١٨/٤/٢٠٠٥

**بەڵگەنامەی مردن — حجة الوفاة**

من دادوەری دادگای باری کەسایەتی لە قەڵادزێ بەڕێز محمد سعید عبدالله

ئەمەی لای خوارەوە جێگیر ئەکەم:

لەسەر داواو پشت بەست بە شایاتی بیستراو سەبارەت بەمردنی خوالێخۆشبوو کامەران عبدالقادر صالح

لە بەرواری ٥/٥/١٩٨٨ وەتۆمارنەکرا[illegible] لە حاڵەتە [illegible]ی لایەنە پەیوەندی دارەکان.

بۆیە بڕیارم دا بە تۆمار کردنی مردنی ناوبراو وەدەرکردنی ئەم بەڵگەنامەیە بە پێی مادەی (١٦ و ١٧) لە (یاسای تۆمارکردنی لە دایک بوون و مردنەکان) ی ژمارە (١١٨) ی ساڵی ١٩٧١.

لە بەرواری ١٨/٤/٢٠٠٥ تۆمارکرا.

| | |
|---|---|
| ناوی مردوو و نازناوی: کامەران | ڕەگەزی: نێرینە |
| ناوی باوک و باپیری: عبدالقادر صالح | ناوی دایک و باپیری: قدریە اسماعیل |
| ئایین و ڕەگەزنامەی: ئیسلام / عێراقی | ناونیشانی مردوو: قەڵادزێ / [illegible] |
| بەرواری مردنی: ٥/٥/١٩٨٨ | شوێنی مردوو: [illegible] |

ژمارەی پەڕەو (سجلی) باری شارستانیەتی مردوو: ٢ / ١٠٨م / لـ٨٥ هەولێر / کۆیە

هۆی مردن / ئەنفال

فەرمانبەری ڕێکخەری بەڵگە — دادوەر

کاظم محمد — محمد سعید عبدالله



حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای باری کەسایەتی لە چەمچەماڵ

ژمارە: ٧٥ / ٢٠٠٥
بەروار: ١٨ / ٤ / ٢٠٠٥

بەڵگەنامەی حجة الوفاة

من دادوەری دادگای باری کەسایەتی لە چەمچەماڵ بەڕێز مجید سعید عبداللە
ئەمەی لای خوارەوە جێگیر ئەکەم :-
لەسەر داواو پشت بەست بە شایاتی بیستراو سەبارەت بەمردنی خوالێخۆشبوو ئەرمین عبدالقادر صالح
لە بەرواری ٥ /٥/ ١٩٨٨ ، وەتۆمارنەکردنی ئەو حاڵەتە لای لایەنە پەیوەندی دارەکان .
بۆیە بڕیارم دا بە تۆمار کردنی مردنی ناوبراو ودەرکردنی ئەم بەڵگەنامەیە بە پێی ی ماددەی
لە (یاسای تۆمارکردنی لە دایك بوون و مردنەکان ) ی ژمارە ( ١١٨) ی ساڵی ١٩٧١ .

لە بەرواری ١٨ / ٤ / ٢٠٠٥ تۆمارکرا.

| | |
|---|---|
| ناوی مردوو و نازناوی: ئەرمین | ڕەگەزی : مێینە |
| ناوی باوك وباپیری عبدالقادر صالح | ناوی دایك و باپیری : قدری اسماعیل |
| ئایین و ڕەگەزنامەی : اسلام / عراقی | ناونیشانی مردوو: چەمچەماڵ / مسون |
| بەرواری مردنی : ٥ / ٥ / ١٩٨٨ | شوێنی مردوو: مسون |
| ژمارەی پەڕەو (سجلی) باری شارستانیەتی مردوو: ٣ / ١٠٨م | |

هۆی مردن / انفال

فەرمانبەری ڕێکخەری بەڵگە
کاظم عمر حمە

دادوەر
مجید سعید عبداللە

بە ناوی خوای گەورەی میهرەبان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتـی داد

دادگای باری کەسایەتی لە نەقشەتەپە

ژمارە : ٦٨

بەروار: ١٨/٤/٢٠٠٥

## بەڵگەی مردن – حجة الوفاة

من دادوەری دادگای باری کەسایەتی لە نەقشەتەپە بەڕێز محمد سعید عبدالله
ئەمەی لای خوارەوە جێگیر ئەکەم :-
لەسەر داوا و پشت بەستن بە شایاتی بی ... او سەبارەت بە ... نی خوالێخۆشبوو . بەیان عبدالقادر صالح
لە بەرواری ٥ / ٥ / ١٩٨٨ و تۆمارنە ... ردنی ئەو حاڵەتە لای لایەنە پەیوەندی دارەکان .
بۆیە بڕیارم دا بە تۆمار کردنی مردنی ناوبراو ودەرکردنی ئەم بەڵگەنامەیە بە پێی مادەی (١٦، ١٧) لە (یاسای تۆمارکردنی لە دایک بوون و مردنەکان ) ی ژمارە ( ١١٨) ی ساڵی ١٩٧١ .

لە بەرواری ١٨/ ٤/ ٢٠٠٥ تۆمارکرا.

| | |
|---|---|
| ناوی مردوو و نازناوی: بەیان | ڕەگەزی : مێینە |
| ناوی باوک و باپیری: عبدالقادر صالح | ناوی دایک و باپیری : قدری اسماعیل |
| ئایین و ڕەگەزنامەی: ئیسلام / عراقی | د نیشانی مردوو: نەقشەتەپە/ گەرمیان |
| بەرواری مردنی : ٥ / ٥ / ١٩٨٨ | شوێنی مردوو: گەرمیان |
| ژمارەی پەڕەو (سجلی) باری شارستانیەتی مردوو: ر/ ٢١٠٨م ل ٨٥ هەولێر/ کۆیە | |

هۆی مردن/ انفال

فەرمانبەری ڕێکخەری بەڵگە

کاظم عمر حمە

دادوەر

محمد سعید عبدالله

حکومەتی هەرێمی کوردستان – وەزارەتی داد – دادگای باری کەسایەتی نەقشەتەپە

وێنەی ژمارە : دفـ

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی داد

دادگای باری کەسایەتی لە .. لێوژە....

ژمارە: ٣٨٥/ ١٩٩٤

بەروار: ٢٨/ ٢٨/ ١٩٩٤

## بەڵگەی مردن : حجةالوفاة

من دادوەری دادگای باری کە سایەتی لە لێوژە بەرێز احمد عبدالله زبیر

ئەمەی لای خوارەوە جێگیر ئەکەم:-

لە سەر داواو پشت بەست بە شایەتی بیستراو سەبارەت بە مردنی خوا لێخۆشبوو. عبدالقادر صالح احمد

لە بەرواری ٦/ ٩/ ١٩٨٨. وەتۆمار نەکردنی ئەو حاڵەتە لای لایەنە پەیوەندی دارەکان.

بۆیە بڕیارم دا بە تۆمار کردنی مردنی ناوبراو وەدەر کردنی ئەم بەڵگە نامەیە بەپێی ماددەی

لە (یاسای تۆمار کردنی لە دایک بوون و مردنەکان) ی ژمارە (١١٨)ی ساڵی ١٩٧١ .

:لە بەرواری ٢٨/ ١٢/ ١٩٩٤ تۆمار کرا.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی مردوو و نازناوی: | عبدالقادر | ڕەگەزی : | نێر |
| ناوی باوک وباپیری : | صالح خلیفە | ناوی دایک و باپیری : | گوڕی صالح |
| ئاین و ڕەگەز نامەی : | مسلم / عراقی | ناو نیشانی مردوو : | لێوژە |
| بەرواری مردنی : | ٦/ ٩/ ١٩٨٨ | شوێنی مردوو : | لێوژە |
| ژمارەی پەڕەو سجلی باری شارستانیەتی مردوو: | ص ٨٠ ـ ١٠٨ هەولێر / لێوژە | | |
| هۆکاری مردن | | | |

وێنەیەکی ڕاستە لە ئەسڵەکەی

دادوەر

احمد عبدالله زبیر

وەزارەتــی داد | ژمارە : ٧١
دادگای باری کەسایەتی لە ئەحمەد ئەحمەد | بەروار : ١٨ / ٤ / ٥--٢

بەڵگەنامەی مردن — حجة الوفاة

من دادوەری دادگای باری کەسایەتی لە ئەحمەد ئەحمەد بەڕێز مجید سعید عبداللە
ئەمەی لای خوارەوە جێگیر ئەکەم :-
لەسەر داواو پشت بەست بە شایاتی بیستراو سەبارەت بەمردنی خوالێخۆشبوو قدری اسماعیل میکائیل
لە بەرواری ٥ / ٥ / ١٩٨٨ وەتۆمارنەکردنی ئەو ... ەتە لای لایەنە پەیوەندی دارەکان .
بۆیە بڕیارم دا بە تۆمار کردنی مردنی ناوبراو ... ەرکردنی ئەم بەڵگەنامەیە بە پێی ی ماددەی
(٦ / ١٧) لە (یاسای تۆمارکردنی لە دایک بوون و مردنەکان) ی ژمارە (١١٨) ی ساڵی ١٩٧١ .

لە بەرواری ١٨ / ٤ / ٥--٢ تۆمارکرا

| | |
|---|---|
| ناوی مردوو و نازناوی: قدری | ڕەگەزی : مێینە |
| ناوی باوک و باپیری: اسماعیل میکائیل | ناوی دایک و باپیری : بدری صالح |
| ئایین و ڕەگەزنامەی : ئیسلام / عێراقی | ناونیشانی مردوو: ئەحمەد ئەحمەد / قەرزۆل |
| بەرواری مردنی : ٥ / ٥ / ١٩٨٨ | شوێنی مردوو: قەرزۆل |
| ژمارەی پەڕەو (سجلی) باری شارستانیەتی مردوو: ٢ / ٨ / ٢١٠٨م لـ ٨٥ هەولێر / کۆیە | |

هۆی مردن / ئەنفال

فەرمانبەری ڕێکخەری بەڵگە | دادوەر
کاظم محمد | مجید سعید عبداللە
١٨ / ٤ / ٥--٢ | ١٨ / ٤ / ٥--٢

## محەمەد جەعفەر

## مەرگەساتی ئەنفالکـردنی خێزانەکەمان، ریشەی لەناخمدا چەقاندووە.. لەبەر چاوم وون نابێ

لەئاقاری لێڵبوونی نیگاکاندا، سەدو هەشتاو دوو هـەزار پەپوولـەی کەسـك‌و سـوورو زەرد لـەناو گـەردەلوولی هـەڵوەرین‌و تۆفـانی ئـەو زەمەنـــە جەنجاڵیـــەداو لەبـــەر دەســـتی ئەهریمـــەن‌و فـــەرمانی شـەڕانگێزیدا، خـشپەیەك دێ.. زریانـە دەنگێـك بـەرز دەبێتـەوەو بـەرەو مەملەکـەتی هـەرەس‌و بیابانـە جەنگەڵـستانەکان، خەونـە ســـەوزو رۆژە ئەرخەوانیـــەکان، بـــەرەو جیهـــانی ئەبەدیـــەت دەپێچێتەوە قرچـە قرچـی ڕۆحـی زارۆك‌و هـەڵکڕوزانی دڵێ دایـك‌و زرمـەی کـەوتنی تەمەنـەکان، سـەدای مەئیوسـی غـەزوە (ئەنفالـەو ئەنفال هەڵیکردوەو بۆ چارەنووسێکی نادیار، لوولی داون).

(محەمـەد جەعفـەر ئیـسماعیل) گـەنجێکی تـاك‌و تـەرای ڕەسـەن‌و متمانـــە بـــەخۆ، ســـاڵی ١٩٧٨ لەگونـــدی (تاڵـــەبانی گـــەورە)و لەخێزانێکی کورد پەروەر چـاوی بـە دونیـای ڕەوشـەن هـەڵێناوە.. لەتەمـــەنی (١٠) ســـاڵی‌و لەگەرمـــەی پیـــادەکردنی بەرنامـــەی وەیشوومەی ئـەنفال لـەڕوخانی گونـدەکان‌و خـاپوورکردن‌و گـرتن‌و بێـسەرو شـوێنکردنی هـــەزاران هـــەزار گـــەنج‌و پـــیرو ژن‌و منـــاڵ لەشـــوێنە جیاجیاکـــانی کوردســـتان، لەگونـــدی (قەســـرۆك) وەك یـەکێك لـەو گوندانـە، بەتـەواوی خێزانـەوە (دایـك‌و بـاوك‌و چـوار خوشـــك‌و و دووبـــرا) دەســـت بەســـەر دەکـــرێ‌و لەهـــەڵقۆزتنی دەرفەتێکـدا لـــە مونەززەمـــەی کۆیـــە دەربـــازی دەبـــێ‌و ئێـــستا هاوســـەری ژیـــانی پێکـــەوە نـــاوەو دوومنـــاڵی بـــەناوی (ســـەمەد) و

(سەربان) هەیە. ئەمەش وەکو ئاماژەیەکە بۆ ناوی ئەو دوو برایەی کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە ئەنفالەکەدا شوێنبزر کران. نوکی خامەمان لەدەرگای ئەوخەمانە دەدا کە زامی برینیان سارێژ نەبووەو تادونیا دونیایە هەناسەی گەرمی دایكو خەوو خۆزگەی باوكو پشت ئەستووری براو شانازی خوشکەکانی قەرەبوو نابێتەوە.. لەم هەڤپەیڤینەدا بەپێویستی دەزانین بێپەروا ڕازو خەمەکانی ئەو گەنجە بخەینە ڕوو.

پ: پێش باسکردنی گەمەکانی ئەنفال، گەمەکردن بەچارەنووسی هەزاران مرۆڤی بێتاوانو زارۆی پەپوولە ناسك ئاسا، چوونی ئێوە بۆ گوندی (قەسرۆك) لەچیەوە سەرچاوەی گرتبوو؟! ڕەوشی ناو ئاوایی‌و گوزەرانو هەڵوێستی خەڵکەکە دەرهەق بەئێوە چیبوو؟!.

محەمەد جەعفەر: باوکم موالیدی (١٩٤٩) بوو.. لەشەڕی نەگریسی عێراق –ئێران دا بۆ خزمەتی سەربازی بانگ دەکرێو چەند ساڵێك دەبێتە سەربازو لە قووڵبوونەوەی ناکۆکی و گرژیەکانی ئەم دوو دەوڵەتەو سەرتیاچوونی خەڵکێکی ڕەشو ڕووت لەشەڕێکی بێئاکامدا ساڵی ١٩٨٧ بڕیاری خۆیدەدا کەبچێتە شوێنێك، دەستی ڕژێمی نەگاتێو لەژێر سایەو سێبەری کەشێکدا ژیانی، دڵخۆشو بەختەوەر بگوزەرێنێ، بۆ ئەمەش گوندی (قەسرۆك) دەست نیشاندەکا.. بەپێی تەمەن بچووکیم بۆ ئەو کاتە کە(٩) ساڵانبووم، گوندی (قەسرۆك) شوێنی پێکەوە ژیانبوو. بەچاوی نامۆو غەوارەوە نەیاندەڕوانیە ئەوکەسانەی لەشوێنو جێگەیەکی دییەوە بهاتنایەو لەم گوندەدا نیشتەجێبوونایە،ئەوەش بۆ دلگەورەیی خەڵکەکەی

بوو.دانیشتوانەکەی لەبواری کشوکاڵیەوە زیاتر (توتن و پەمۆ) یان دەچاندو کەسانێك هەبوون، ئیشیان مەڕداریو بەخێو کردنی ئاژەڵداری بوو. ماڵی ئێمەش من و باوکم (جەعفەر ئیسماعیل) دایکم (نەخشین ساڵح) خوشکەکانم (مریەم – مێرەم، فاتم– عەیشان) براکانم ( سەمەد و سەربان). ساڵێکی دوور لەتەنگو چەڵەمەو ژیانێکی خۆشگوزەرانمان بردە سەر، وەلێ ئەو بەختیاریە درێژەی نەکێشا، ساڵێکی بەسەردا سووڕاوە،ئەنفال هەموو دیمەنە جوانو دڵڕفێنەکانی سڕیەوە.

پ: گەر تیشکێك بخەنەر سەر ڕووخانو کاولکردنو سوتانی ئەم گوندەو لەوەوە هەڵوێستی خەڵکەکەو دواتر چۆنیەتی پیادەکردنی بەرنامەی ئەنفال بکەن؟!

محەمەد جەعفەر: لە١٩٨٨/٥/٥ شەیتان، دەستە ڕەشەکانی گەیشتە گوندی قەسرۆك، بەری هاتنی جەیشو جاش، لەمو لەوەوە گوێبیستی ئەوە بوو بووین کەڕژێم گوندەکانی دەشتی کۆیەی لەکاولکاریدا یەکلاکردۆتەوە،بەڵام ورەیەکی بەرز لەهەر دڵو دەروونێکی ئەو خەڵکەدا بەرجەستە بووبوو، بەڕاشکاوی دەیانوت: حکومەت لەبەر سەخت و دژواری ئەم دەڤەرە ناتوانێت بستێك بێتە پێشەوە بەتوندی بەرپەرچی دەدەینەوە، هەواڵ گەیشتە گوند کەجەیشو جاشێکی زۆر بۆئەم سنوورە بەرێوەیە.. سەراپای خەڵکەکە بەژنو پیاو و منداڵو گەنجو پیرەوە دایانە چیایەکی بناری خاڵخاڵان چونکە ناوچەیەکی سەختو دژوارەو سوپا وابەسووك و سانایی ناتوانێ ئابلۆقە یانبدات.

بەرزبوونەوەی تەپو تۆزو چڕە دووکەڵی ڕووخانو سوتانی خانوەکان لەدوورەوە دیاربوو ئەمەش ترسی خستە دڵو

دەروونەوەکەبەتەواوی بێزارو لەو ژیانەدا بێئومێدبن.. بەهاتنی چەند جاشێك گوایە نوێنەرن‌و کەوتنەبەلێندان بەو حەشاماتە بەوەی حکومەت لێبوردەیەو دەست لەکەس نادا. ئەم قسانە فریوی سەرتۆپی خەڵکەکەیداو جگە لەژمارەیەکی کەمیان، ئیتر هەمووان لەدەمە دەمی عەسرانێکی درەنگ بەجارێ هاتینە خوارەوەو یەکسەر ڕووەو گوندەکە شۆڕبووینەوەو ئەوەی چەکی هەبوو چەکیانکرد.. قەسرۆکمان بینی تەماشاکردنی واگومانت دەبرد ڕەنگە قەت ڕۆژێك لەرۆژان ئاوەدانی تیادا نەژیابێ.. تەپو تۆزو دووکەڵی سووتانی گوندەکانی (قەرەناو — قەمیشە— قودرەتەو دارەختیار) دەهاتە بەرچاو.. هێزەکەی ڕژێم بەوەندە نەوەستا بۆ گوندەکانی (چوقلیجە وگردخەبەر)یش پێشڕەوییانکرد. خەڵکەکە بەو دیمەنە لەخۆی گەیشت کەسەرەتای چارەنووسێکی نادیارە.. هێزە سەربازیەکە لیوای بارق بوو فەرمانیان پێدرا ژن‌و مناڵەکان بەجیاو پیاوەکان بەجیا لادرێینە لاوە،بەمەش هەموو گومانێکمان رەوەییەوەکەئیتر ئایندەیەکی پڕ لەمەرگەسات لەچاوەڕوانیماندایە.. زیرو هۆری ژن‌و منالّ ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیی.. نەبەزەیی، هەستی کەسێکی لەو چەکدارانە نەهەژاند بۆ ئەم رەوشە پەرۆشی خۆیان دەربڕن‌و بۆمان خەمباربن، نەك هەر ئەوەنەبوو بەڵکو مامەڵەیەکی نامرۆڤانە جولانەوە، بەجۆرێ کەوتنە چاوسووورکردنەوەو ئیهانەکردنی ئەوانەی ئارەزوویان لەسەر بوایە کولّی خۆیانیان پێ دابمرکێنن ئەفسووس لەرەفتارە هەرە نەقیزەوەن و ناشیرینەکانیان ئەوەبو زۆر بێ ئەدەبیانە خۆیان لەوانە نزیك دەکردەوەکە کچێکی تازە هەڵچوو یا ژنێکی جوان بوایە، ئەمە ئەوکاتانەیە کەجاشەکان لەپاڵەوە پاسەوانەنیان دەکەن‌و بەچاوی

خۆیان شتەکان دەبینن.

پ: چۆنیەتی گواستنەوەی ئەو خەڵکەو ڕەپێژکردنیان بەرەو کوێ بوو؟!!

محەمەد جەعفەر: دوای هاتنی ژمارەیەك ئیڤای موقەپەت کەچادرو تۆڕیان بەسەر دادابوو.. کارژمێر (١١)ی شەو بوو، ژن‌و منداڵەکانیان بەجیا خستە ناوچەند ئیڤایەك وپیاوەکانیشیان بەجیا لەچەند ئیڤایەك پەستاو چەند چەکدارێك بۆ پاسەوانی‌و چاودێرکردنیان لەدواوە خۆیان بەئیڤاکانەوە گرتبوو.. بەناو شارۆچکەی (تەق تەق) بەرەو (کۆیە) بردراین‌و لەبەندیخانەیەکی ئامادەی منەززەمەیان فڕیدراین، پێش چوونمان بۆ ئەو بەندیخانەیە نزیکەی (٢٠٠)ژن‌و منداڵی تری گوندەکانی دەشتی کۆیەی تێخزێنرابوو.

پ: بیرۆکەی ڕاکردنی ئێوە لەچیەوە خۆ دەبینێتەوە لەکاتێکدا تەمەنت لە (١٠) ساڵ تێپەڕێ نەکردبوو ؟!

محەمەد جەعفەر: من دووشەو لەوێ مامەوە،لەو ماوەیەدا خەڵکێکی باش کە کەس‌و کاریان لەکۆیە بوو، وەختی جەم نانیان بۆ دێنان ئەویتریش بێ خواردن‌و خواردنەوە،سەربازەکان لەپاشماوەی خۆیان خواردنەکەیان دەداینێ، هاتوو هاواری ژن‌و برسێتی منداڵ هەموو جەرگێکی هەڵدەقرچاند، ژن هەبوو سکپڕ لەسەر منداڵ بوو، گەرما تەنگی پێ هەڵچنیبوو، قسەکانی دایکم لەیادە دەیوت: ( تۆبڵێ تۆومان بەجارێ ببڕێت‌و کەس جێمان نەگرێتەوە ؟) وەڕس‌و وبێزاری ئێمەی منداڵ گەیشتبووە ئاستێك، داوام لەدایکم کرد کە حەز دەکەم بچمە دەرەوە.. دایکم یادی بەخێر شوێنی دەرچوونی نیشاندام، وتی: (دەرگایەکی بچووك لەپشتەوە هەیە، تۆ منداڵی دەرفەتی خۆ ئاودیوکردن ئاسانەو

بەدزییەوە لـەو دەرگایـەدا لەگـەڵ مـەریوان بـچووە دەرێ، ڕەنگـە کەس قـسەت لەگـەڵ نـەکا). هەرچـەندە سـەربازەکان ئـەو دەورو بـەریان تـەواو گـەمارۆ دابـوو بەتایبـەت سـەربانەکان، چـونکە ژمارەیـەك لەمناڵـەکانی ئەوگەڕەکـە لـەو دەورە خڕببوونـەوەو بەیاریـەوە سـەرقاڵ بوبـوون سـەربازەکان هـەر وایـانزانی ئێمـەش منـاڵی ئـەو گەڕەکـەین بۆیـە بەچـاوی پـڕ بایەخـەوە سـەیریان نەکردین و نەیانگوت ئێوە کێن و بۆ کوێ دەچن؟!

پ: نەشارەزایی ئێوە بۆ ئەو کاتە، بەرەو کام مـەنزڵگا هـەنگاوتان هاویشت و ڕوتان کردەکوێ و بۆ کوێ چوون؟!

محەمەد جەعفەر: لەگـەڵ مـەریوان عەبـدولقادر کـەهاوڕێی یەکدی و خزمی یەکتر بووین، بەجووتە دەستی یەکمان گـرت و بـۆ نـاو شـار بـەدەم فرمێـسك هەڵڕشـتن و گریـان وخـەم و خەفەتـەوە هەنگاومانـدەنا.. کابرایـەکمان تووشـبوو نـەمانزانی نـاوی چـییە، وتی: کوڕم ئەوە ئێوە بۆ دەگـریێن؟ وتمـان دایـك و بـاوك و خوشـك وبراکانمان لەو شوێنە گیراون، کابراکـە ئـاهێکی قـووڵی هەڵکێـشاو وتـی: باشـە خـەڵکی کـوێن و کـەس و کارتـان لـەکوێ دادەنیـشن؟ وتمان: تەقتەق کابراکە زۆر جوامێرانە دەستی گرتین ئێمـەی بـردە گـەراجی تەقتـەق لەکۆیـەو ئەمانـەتی دەسـتی شـوفێرێکی کـردین، تەنانـەت پـارەی ڕێگەیـشی لـەجیاتی دایـن، لـەوێش بەدیـدەنی و دیداری باپیرەم شاد بوومەوەو لەو ڕۆژەوە ژیانی بێ دایـك و بـاوك و بێخوشك وبـرا دەبەمـە سـەر سـەرەڕای ناهـەمواری بـژێوی ڕۆژانـە، مەرگەساتی ئەنفال تەواوی خێزانەکەمانی وەکـو ریـشەی لەناخمـدا چەقاندووە، لەبەر چاوم وننابێ.

پ: هیچ کەس و لایەن و ڕێکخراوێك ئاوریان لێ نەداویتەوە؟

محەمەد جەعفەر: جێی نیگەرانیمە سەرباری مەرگەسـاتی تـەواوی

خێزانێكو دوابڕانیان (بۆ بارودۆخێكی دروستو لەباری وەك ئەم ڕۆژگارە، تائێستا كەس نەهاتوە لەخەمەكانم بكۆڵێتەوە) كەس نەهاتووە دەستی هاوكاریم بۆ درێژ كات.. منێكی بێ كەسو كار، دڵۆپە خوێنێكی بنەماڵەكەم بەهەرچی مولّكی دونیا هەیە قەرەبوناكرێتەوە.. پێویستە تاهەست بەوەنەكەین لەجیهانێكی تر داین، ئاوڕدانەوە لەكەسو كاری ئەنفالەكان خزمەتێكی پیرۆزە بەتایبەتی ئەوانەی كەسو كارو سەروەتو سامانو ماڵیان لەدەست داوەو لەجەنجاڵی ئەم رۆژگارەدا بێ نازو بەچەرمەسەرێ، ژیان دەبەنەسەر سوپاس بۆ ئەم بەسەركردنەوە كەبەم ئاخاوتنە دڵۆپێك لەخەمەكانی منتان ڕەواندەوە.

# بەشی شەشەم

# تاوانی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لەدەمی شاهیدحالەکانەوە

## منداڵەکانیش قسەیان هەیە

## کوڕی ئەنفالکراو ( دلشاد عبدالوهاب )

دلشاد بەم شێوەیە باس لەو رۆژە دەکات کەخۆشەویسترین کەسیان بەبەرچـاویەوە راپــێچ کــردو جــەلادەکان گوێیــان بــەگریان و هــاواری ئەونەدا:

بـاوکم یەکێکـە لەوهەشـت هـەزار بارزانیانـەی کەلەقوشـتەپە ئـەنفال کراوە لەرۆژی ١٩٨٣/٧/٣١ من لەوکاتـەدا منـاڵ بـووم، بـەڵام بـەپێی پێزانینــەکان دایکـم کـە وای پـێم راگەیانـدووە کـە وا بەرەبـەیان بـوو لەوکاتەدا باوکم خەریك بوو نوێژی بەیــانی بکـــات، لەوکاتەدا بـاوکم بینی کەوا جەیشی عێراقی دەوروبەری ناوچەکە کۆنترۆڵ کرابوو پـاش تێپەڕبوونی ماوەیەك جەیشی ئێـراق بـڵاو بوولـەم ناوچـەیە دەسـتیان کـرد بـەگرتنی چـەند کەسـێك پاشـان هـاتن بـۆ ماڵمـان بەشـێوەیەکی ناشارسـتانی دەرگـای حەوشـەیان شـکاندو ئینجـا هـاتن بـۆژوورەوە بەهەمان شێوە دەرگای ژوورەوەشـیان شـکاند، بەشـێوەیەکی دڕندانـە ویستیان پەلامارمان بدەن ئـەوەبوو لـەم پەلاماردانـە بـاوکمو باپیرم و لەگەڵ مامێکم دەستیان بەسـەر داگـرت زۆریـان نیگـەران کـردین بـەڵام ئێمە پێمان وابوو کەوا باوکمو ئـەوانیتر دەگەڕێنـەوە، بـەڵام بەداخـەوە نەمانزانی کەوا بەزیندوویی ژێرخاك دەکرێن.

## ئەمیرە عومەر تاهیر

سالّی ١٩٨٣ بوو (٨٠٠٠) هەزار بارزانی بێ سەروشوێنکران، مـن وەکـو کچێکی ئەنفال لەتەمەنی (١١) رۆژیدا بووم کەباوکم ئـەنفال کـرا، مـن تاقانەکچێکم کەلەپاش باوکم مامەوە لەگەڵ دایکم کەئێستا ژیانێکی پڕ مەترسـیدار دەبەینەسـەر، وەك باسـی لێدەکـەن لـەو رۆژەی کـەرژێمی

بەعـسی لەناوچـوو دەورەیـان لەقوشـتەپە دا، سـەعات(٥)ی بـەیانی بووبەعەسکەرو زرپـۆشو هـەموو چـەکەکانیەوە دەوروبـەریان گـرتین، رژێمی بەعس کە باوکمیان گرت، بـاوکم بەنەعلـەوە بـوو، هـیچ شـتێکی پێنەبوو، بەڵام هەرزوو نفوسەکەی لەگەڵ خـۆی بـرد وایـدەزانی کـەبۆ عەسـکەری دەیبــەن، گــوتی مــن هێــشتا تەمــەنم بــچوکە نامکــەن بەعەسکەر،بەڵام دایکم لـەدوای چـووگوتی باهەنـدێك پـارەی بـۆ ببـەم بـەس بەداخـەوە لەترسـی عەسـکەر نـەی وێـرا لـەدوای بـچێت چـونکە هەموو ئافرەتێکیان دەدابەرقۆنداغە تفەنگ، رژێمـی بەعـسی لەناوچـوو بەو هەشت هەزار پیاوەش قائیـل نـەبوو لەدواییـدا ئـاوو کارەبایـان لـێ برین کەنەدەوێراین بچێن بۆ ئاویش ئەمنی بەعس ئاوەکەیان دەرێـژت، ئێمـەش لەترسـان یەکسالّ بەسەرچـووبارمان کـرد چـووین بـۆ شـاری هــەولێری خــوراگر لەوێنــدەرێ ئەوانــەی لــەپاش ئەنفالــەکان مــابون هـەمویان منـدالّ بون،بـەڵام ئافرەتـەکان مـەجبور بـوون دەچـوون بـۆ ئیشو کار تاکو ژیانی رۆژانـەیان بەرێوەببـەن، هەرلەشـاری هـەولێریش رژێمـی بـەعس وازی لەئێمـە نـەهێنا ماڵـەکاینان بـارکردینو هـەمومان تەمەنمان بچوکبوو دایکمان لەئێشو کاری رۆژانە بوولەپاشان ئێمـەیان بردە شوێنێك لەوێ فرێیدابن تالەبرسانو بێ ئاوی بمرین، بـەڵام خـوای گەورە پـشتو پـەنامان بـوو یـەکێك بوویـە سـەبەبمان هاتینـەوە مـاڵی خۆمان، ئینجـا لێـرەوە داوا لەحکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دەکـەین چاوپێخشاند نێکمان لێبکەن چونکە هەندێکمان تائێستا خانوومـان نـی یە. یان بەتەمای ئـەم موچـەین بـەڵام موچـەکەش ئەوەنـدە زۆرنـی یـە تابەشی ژیانی رۆژانەمان بکات.

**ئەز شیمال ئەحمەد حەسەن** ل سالا (١٩٨١) ل دایك بویمە بـابێ مـن

یی هاتیە ئەنفال کرن ل سالا ۱۹۸۳ ژ لایی رژێما بەعس من بـابێ خـو نەدیتیـە وەختـێ هاتیـە گـرتن تەمـەنێ مـن سـالەك بـی... دایکـا مـن یادبێژیت کو بابێ تە گرتی ئەم زور زور ترسـیان چـونکی مـە نـەدزانی ژیانـا خـو دێ ب چ رەنـگ رێڤەبـەین وداتکـا مـن دبێـژیت مـە ئـەف زاروکێت خو زور ب زەحمەت خودان کرینە.. ودبیـژیت ئـەم روژ ب رۆژ د چـوینە شـولێ هـەتا مەهنـدەك پـارە پەیـدا دکـرو مـالو زاروکێـت خومەسەرف دکرن... وپشتی چەند هەیڤەکا ئاڤـ و کـەهرەباو ئـەرزاق ل مە هاتە قەدەغەکرن، نە رێکا (۳) کیلومـەترا دبـری هـەتا مەهنـدەك ئاڤ بخوپەیدا دکر. هەر رۆژ حکومەتا بەعس داهێنە پـێش دەرکێـت مـە دەسـت نەخوشـی بومـە پەیـدا کـرن د گوتـە مـە مروڤێـت هنگـو پێشمەرگەنەێل سەری.. و ئەز دبێژم برایت منیش دەست لە قوتابخانێ بەردان کو بارزانینە دەست نەخوشـی بوچێت کرن وەلـێ داکرن کـو دەست ل خاندنێ بەردەن.

بەلێ ئەز بەردەوام بیم ل قوتابخانێ ئەویش دایکـامن نـەدهێلا دەسـت ل خاندنێ بەردەم بۆمن شول دکر هەتا ئـەز بخـوینم وژیانـا خـو هـەمی من ل بەشێت نافخو بەرێفەبری هەتا ئـەز گەهـشیتە ڤـی قۆنـاغی کـو پەیمانگەها ماموستایانە ل بلێ.

# يوم القيامەی بارزانييەكان

كەباس لەبارزانيـەكان دەكرێت، ئەوهـەزاران خەڵكـەمان دێتـە يـاد، كەلەگوندو ناوچەكانی زێدی باوپيرانيان گەمارۆدران، بەشـێوەيەكی زۆر دڕاندانەونامرۆڤانـە دوور لەهــەمووعورف و عـادەتێكی دەوڵـەتی دژ بەهەمو ياساكانی كۆمەڵگا رەفتارەيان لەگـەڵ كـردن، بەمنـداڵو پيرو پەككەوتەوە بۆ بيبانە لماوييەكانی خواروی عێراق راپيچـيان كــردن بــێ ئــەوەی كەســێ داكــۆكی لــەماڵو ژيانيــان بكــاتو لەمانشێتی رۆژنامە يەكداهەندێ فرمێسێكيان بۆ هەڵرێژن.

گونـدی شـيفكێ كەسـەر بەناحيـەی شـێروانی قـەزای مێرگەسـوڕە ، كەوتوّتە پشت چيای شيرين لە دوّڵی ولاتی ژيـرە، كـە نـۆ گونـد لـەو دوّڵە دايە گونـدی ( هيـزان / تيلـیَ/ ئاڤـەدور / بانـسيڤە / شـيفكیَ / داويدكە / بێكوّڵ / شنكیَ / ئەردێل ).

**عەلی سام ئەيوب** لەدايكبوی (١٩٣٨) خەڵكی گوندی شيفكیَ بـەم جـۆرە بۆمـان دئاڤيـت: پـاش رێكەوتننامـە شـومەكەی جـەزائير ، لــەمانگی هەشــتی ١٩٧٥ دا، حكومــەتی ئێـراق بەپاڵپـشتی لێـوای مدەرەعی (١) و ليوای دەباباتی (٢) و بەهێزێكی سـەربازی زەبـەلاح و دەيـان هەليكوپتــەر، ناوچـەی بارزانيــان گـەمارۆدا هەمووچـياو رێگاوبانەكانيانی دەڤەرەكەيان ئابلۆقە دا ، كە بەرپرسی هێزەكـەش نـاوی (مقـەدەم سـامی) بـوو خـەڵكی سـامەرايە. لـە گونـدی بـازێ ، فەرمانگــەی كــشتوكاڵی لێبــوو ، لــەرۆژی ١٩٧٥/٩/١٦ هــەموو موختـاری گونـدەكان ئاگـادار كرانـەوە كـە لـەبازێ ئامـادەبن گوايـە سـەرژمێری زەوی و زار و مـەر و مـالآت و بـاغ و رەزەكـان دەكـەن ، بەرێوە بەری كشتوكاڵی شاری( ديوانيە) ش كە ناوی (بەزونـە) بـوو

ئەویش بۆ جەردکردن هاتبوو ، ئێمەش هەستمانکردبوو شتێك هەیە زۆر دەترساین بەلاَم چارمان نەبوو هەموو ناوچکە بە هێزی حوکمەت گیرابوو وەك مێروستان سەرباز رژابوونە دەڤەرەکە کەس نەیدەتوانی هەلبێت وەزعەکەش لەوکاتەدا لەبار نەبوو خەلکەکە دلتەنگ بوو شۆرش نەمابوو چ دەکرا بیکەین. پێنج شەش رۆژ دوای ئەو ناونوسینە جەیشەکە چیای شیرینی گرت و ناوچەکەی بەجاریَ گەمارۆدا ، شەش کۆپتەر دەنیشتەوە شەشی دی هەلدەستا. لە ۲۳و۹/۲٤ دا هێزەکە خەلکەکەی ئاگادار کردەوە کە دەگوازرێنەوە بۆ ناو شارەکان بەبیانوی ئەوەی گوایە ئاوو کارەبامانیە و لەشارەکانەوە دورین. پاشان ژن و مندالەکانی گوندەکانی (هیزان و تێل و ئاڤەدوور و بانیڤە ) لە تێل بەکۆپتەر گوازرانەوە بۆ بازیَ ، پاشان ژن و مندالی گوندەکانی شیفکیَ و داودکا و تەریل و ستگیَ بەهەمانشێوە گوازرانەوە بۆ بازیَ ، بەس پیاوەکان لە گوندەکان مانەوە رۆژی دواتر هەر (۱۰) کەس لەگەلَ (۱۵) سەرباز بەپیَ رەوانەی بازیَ کران پاش ئەوەی شەش کاتژمێر بەرێگاوە بوین گەیشتینە گوندی بازیَ ، لە هەر گوندێك یەك شوان و یەك گاوانیان بەجیَ هێشت لەناوگوندی بۆ ئەوەی مەرو مالاَتی گوندی بەرەو گوندی بلیَ بێنن ، شوان و گاوانەکان وەرەقەیان بۆ کرابوو کە کەس دەست نەخاتەرێیان تادەگەنە بلیَ چونکە دەڤەرەکە بەتانك و زرێپۆش گەمارۆدرابوو. ئێمە گەیشتینە بازیَ نیوەرۆ بوو ، گوندی بازیَ خەلکەکەی راگوازرابوو خانوەکانیش بەسەر یەکدا روخێنرابوو تەنها ژن و مندالی گوندەکانی دی لەویَ کۆ کرابونەوە ، ئێمە لەو پەری وەزع خراپیدا بوین بەتایبەتی کەبینیمان خەلکی گوندی بازیَ لەویَ نەمابون و گوندەکەش خاپورکرابوو ، هەرگوێت لەزاق و زیقی

ژن و منـدالّ دەبـوو ، كـەس پـاروە نـانێكی بەگـەرودا نەچـوبوو لەبرسـاندا گریـانی منـدالّ دەگەیـشتە ئاسمـانێ ، كـەس بـەزەیی پێمانـدا نەدەهاتـەوە بـەدوژمنی بـاوە كوشـتەی خۆیـان دەزانـین. دووای ئـەوەی هـەموو زەلامـەكان گەیـشتن ، خێـزان خێـزان فرێمانیاندایە نـاو زیلـە سـەربازیەكان ، كەبەسـەدان زیلـی سـەربازی وەسـتابون ، كۆپتـەریش بـەردەوام بەئاسمانـدا دەسـورانەوە وەك دالّێ بەدوای كەلاكدا بگەرێت ، بۆنویژی مـەغریبان گەیشتینە (بلـیّ) ، لەوێ قافلّكە زۆر گەورە بـوو ، نێـوان هـەردوو زیلـی پـر لـە خـەلّك زیلێك هـەبوو پـر لـە سـەرباز ، جگـە لـە تانـك و زرێپـۆش ، كاتـژمێر (٩)ی شەو گەیشتینە گونـدی ترێشمە كـە لـەوێ بـەولاوە جادەكـە قیربوو ئـیتر بـەرەو شـاری هـەولێر رۆیـشتین ، (كاتـژمێر١/٣٠) شـەو گیـشتینە سـەربازگەی( رەشـكێن ) لـە زیلـەكان دایـان بەزانـدین ، لەسـەربازگەی رەشـكێن چـادرێكی زۆر هەلّـدرابوو چـواردەوریان بەسەرباز گیرابوو ، ژن و مندالّەكان زەنـدەقیان چـوو ، هـەرگریان و باوكەرۆ بوو ، كەس خۆی لێبەساحێب نـەدەكرد ، تـرس و برسـێتی لەپەلوپۆێ خست بووین ، بەهـەر شـێوەیەك بـوو ئێمـەیان پەسـتایە نـاو چـادرەكانەوە ، لـەو شـەوەدا ئەسـتێرەكان كزكـز دەسـوتان ، سـەربازە رەش و بێبەزەییـەكان ددانیـان لێبەچـیرەوە دەبـردین بـەیانی دونیـا تـاریكو رونبـوو ، بەشـەق و تێهەلّدان لەخێمـەكانیان وەدەرنایین ، هەرمنالّ بوو لەئامیزی دایكی دەترازا ، هـەر زەلام بـوو بەشـەق نـەرم دەكـرا، لەوبەیانیـە تالّـەدا تۆزقالێـك بـەزەیی لەسـەر زەوی خـودا نـەمابوو ، زیلـە سـەربازییەكان لـەوێ نـەمابوون، لۆریەكی زۆریان راگرتبوو،هەر (٦) خێزان لەلۆریەكدا باریـان كـردین، زەلامو ئافرەتەكان بەشـەقو تێهەلّدان بـار دەكران،مندالّـەكان وەك

گلۆڵـه بـۆ ناولۆریـەکان فرێـدەدران،گرنگ نـەبوو کـێ دەژێ،کـێ دەمرێ، گرنگ بارکردنمان بوو.
لەسـەربازگەی (رەشـکێن) گوێزراینـەوە بـۆ قـەڵا سـەربازییەکەی پـردێ، پاشـان لـەوێوە لەگـەڵ قافلەیـەکی سـەربازی جـارێکی دی گوێزراینـەوە بـۆ کـەرکوك، نەباداکەسـەرنجی خـەڵك رابکێـشێ وتووشـی سەرئێـشە بـبن لـەناو شـاری کـەرکوکێ ، هـەر جـارەی(٢) لۆریـان بەشـاردا بەرێـدەکردو پاشـان لۆریـەکان لـەدەرەوەی شـار کۆکرانەوەو بۆ عەلی بەگ بەرێخراین، کەنزیك شارۆچکەی خالیسه.
ئێمـه نزیکـەی (٦) لـۆری دەبـووین، پـاش ئـەوەی گەیـشتینه ئەوێندەر،ئەمجا بەرێخراین بۆ پرسگەی بەغدا، ماوەیـەکی زۆریـش لەوێنـدەر راگیرایـن، پـەکمان کـەوتبوو هێزمـان لەبـەر براِبـوو چ لـەتێنوان، چ لەبرسـیەتی، چ لەترسـان، یەکـدوو زەلامـی ریـش سـپیمان چـوونه لای مەسـئولەکە،ووتیان :خـودا هـەڵناگرێ بـەم دەردەمان دەبەن، پیاوی چاین، یان بمانکوژنو هەموو قەتلوو عـام بکەن، یان بەزەییـەکتان بـەم ژەنو منداڵانـه بێتـەوە مەسئوولەکە، کـه ئەفـسەرێکی دەرەجـەداربوو، وتـی: پەلەمەکـەن،دان بـەخۆتان بگـرن، تـاریکرو روون بـەناو بەغـدا دەکەوینـه رێ، لـەوە دەترسـین خەڵکی بەغدا بزانن ئێوه بارزانینو پەلامارتان بدەن، بـەو بیـانووەی گوایه بارزانی لەو خەڵکەی کووشتووه بەهرەحاڵ، دانمـان بـەخۆمان گـرت، لەبەغـداوه بـۆ حلـەیان بـردین، دووایـی بـۆ دیوانیـه نوێـژی بەیانی گەیشتینه ئۆردوگای (عەفەك).
حیمایەکانیش هەر لەگەڵمانبوون بەڵام کاتێ گەیشتینه ئۆردوگاکـە، هەموو حمایەکان پایدۆستیان لێکرد ئێمەیان لەلۆریەکان داگرت.
ئێمه قافڵەی (٢)ەمین بووین کەگەیشتبووینه ئەوێندەر بـەر لەئێمـه

قافڵەی بارزانیەکان گەیشتبوون قافڵەی سێهەمیش (نزارە) بوون.
کاتێ لەلۆریەکان دابەزین، ئەوخەڵکە بەستەزمانەی بەر لەئێمە لەوێندەر بوون، زۆر دڵیان پێمان کرایەوە،نانو ئاویان بۆ هێناوینو تۆزەك حەساینەوە.
خانووەکان لەبیابانێکی چۆلۆهۆڵدا بوون لەئێمە زێتر کەسی دی لەوێندەر نەبوون، ئێمەش هەر ماڵەو بەتانیەکو دوانمان پێبوو نەقاپوقاچاغمان پێبوو،نەکەرەستەی خواردن.
ئۆردوگاکە گەورەبوون، لەبەر دەمی ئۆردوگاکە بەگەورەیی نووسرابوو ( يوم القيامه ).
ئێمە لەئۆردوگای ژمارە(٣) بووین، کەنزیکەی (١٧٠٠-١٨٠٠)ماڵدەبووین، ئۆردوگاکە لە٣٣ ریز ماڵ بەدووورودرێژی بونیاد نرابوو قەلایەکی لێ دروستکرابوو لەبەردەم ئۆردوگاکە کە(١٥) پۆلیسی تێدا بوو، یەکەم ئەفسەری دەرەجیەك کەناوی (رشيد) بوو سەرپەرشتی دەکرد، لەپشتەوەی ئۆردوگاکە نوقتەیەکی سەربازی لێ بوو چەند ئەفسەر سەرپەشتیان دەکرد. هەر ئیشو کارێ ببوایە، یان کێشەیەك روویدا با، بەرێگای ئەوچەند موختارەی بۆ ئوردوگای کەلەلایەن خۆمانەوە دانرابوون، کارەکان رووبەرووی پۆلیسەکان دەبوونەوە،پاشان بەرز دەکرانەوە بۆنوقتە سەربازییەکە.
ئۆدوگاکان لە(٣) ئۆردوگای زۆرەملێ پێکهاتبوون،کەهەر ئۆردوگایەك بەچوار تەنیشتیدا گەندالێکی قوولی (٤) مەتری کرابوو کەپانتاییەکەی (٣) مەتر دەبوو،بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ لەئۆردوگاکان هەلێتو بەلایەکدا بڕوات.
جارێکیان (٣) زەلامی ئۆردوگاکانمان چوونە دەرەوەی

ئۆردوگا،تائێستاکەش نازانین چیان بەسەرهاتووەو چۆن وونبوون.
ئۆردوگاکـان لەجـەزیرەی عەفـەك بـوون سـەربەپارێزگای دیوانیـە، رۆژانــە کەگــەردەلولی بیابــانی هەڵــدەکرد، چاوچــاوی نــەدەدی، گەرمای هـاونییش لەوێنـدەر بووەستێ. مـاوەی نێـوان ئۆردوگاکـان بەپیادە (٤) دەمژمێر دەبوون بەئۆتۆمبیلیش پـتر لەسـەعاتە رێیـەك دەبوون. ئێمە لەسەرەتاوە، ئاومان نەبوو، پاشی هەنـدێ شـۆفەڵیان هێنــاو زەویەکــەیان هەڵکەنــدو ئــەو ئــاوەی لەکەنداڵەکــە پــەنگی دەخــوارد، کــەزۆر شــوێرەکات بــوو، بــۆ خواردنــەوە بــەکارمان دەهێنان. نزیکەی(٣) رۆژ دەبوو لەوێندەر بووین،تووشی نەخۆشـی سك چوونو سورێژە بووین،کەرۆژانـە بەنەخۆشـی ڕشـانەوە (٨–٩) کـەسمان لێـدەمردن. پـاش ئـەو سـێ مانگـە بەتانکـەر ئاویـان بـۆ هێناین، ئاوەکە دەرمـانی تێکرابـوو، لەیەکـەم رۆژی ئـاو هێنانەکـەدا (١٤) کەسمان لێ مردن.

لـەرێگای موختارەکانەوە،هەنـدێ داواکاریمـان پێـشکەش کـردن، رۆژێـك بــەئۆتۆمبێلی فریاکــەوتن دووپەرسـتار سـەردایانان کـردینو هەندێ داوو دەرمایانان بەسـەردا دابەشـکردین پایدۆستیان لێکرد، بـــێ ئـــەوەی لەنەۆخـــشیەکانمان بکۆڵنـــەوە یـــان هـــەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن.
سەبارەت بەبژێوی ژیانیان مام عەلی دەڵێ :
ئەو سەرژمێریەی بۆ مەڕو ماڵاتەکان کرابوو ،هـەر ماڵـە بـەگوێرەی ماڵاتەکـەی هەنـدێ پـارەو پولیـان دایـێ، خـەڵکی وامـان لەگـەڵ دابوو(٥) فلسی لەبەرکیدا نـەبوو، بۆکـارو کاسـبیش ئـەوە قەدەغـە بوولەئۆردوگاکان بچینە دەرێ،

بەڵام پاش ئەوەی ساڵو نیوێك لەو ئۆردوگا زۆرە ملێیانەدا دەیان جار مەرگمان بەچاوی خۆمان بینی، ڕێگایان بەخەڵکەکەدا لەفەرمانگەی کشتوکاڵی و شارەوانی دەست بەکاربکەین، سەبارەت بەپیرەمێردەکانیش مانگانە بڕی(٣٠) دینار یان بۆ بڕینەوە وەك موچەی خانەنشینی.

هەر کاتێکیش بمانویستایە دابەزین بۆ عەفەكو دیوانیە، ئیجازەیان بۆ دەکرین، دەبوایە لەئیجازەکە ئەو کارەی هەمانە روونی بکەینەوە، وەدەبوایە لە هەمان ڕۆژدا بگەڕێینەوە بەم پێیە ڕۆژانە(٤-٥) کەس بۆی هەبوو ئیجازە بکات.

بۆ دابینکردنی خۆراکیش مانگانە ئەرزاقیان بۆ بڕیبووینەوە بەگوێرەی نەفەرەکان بوو، بۆ هەر نەفەرێك(٢) کیلۆ برنجو (٢) کیلۆ ئاردو یەك کیلۆو نیو ڕۆنو (١) کیلۆ شەکرو هەرماڵێك (١) کیلۆ چای، بەدوو نەفەر(١) صابون، بەهیچ شێوەیەك نەدەبووتایت بەکاربەرێنین.

سەبارەت بە دابەشکردنی گوندەکان مام عەلی دەڵێ :

لەئۆردوگای ژمارە(٣) خەڵکی ئەم گوندانەی لێبوو(سافتە، سەرکەڤرێ،شەرە، ئیروان، زۆرەگڤان،زێوە، دەربوتك، ساکار،بێکریس، شیفکێ،زرارا). لەئۆردوگای ژمارە(٢)ش، خەڵکی ئەم گوندانەی لێبوو(ڕێزان- شانەدەر،کانیان، فەقێانێ، سورانێ، دیریشکێ، سەکۆیێ، بێدارون، کانیە دێرێ، لیرەبیرێ، دوورێ،پیرساڵ).

لەئوردوگای ژمارە(١) ش خەڵکی ئەم گوندانەی لێبوو(باڵندە، سەڤرە، باز، ئالیان، رازیان، هەمدلە،هەڤنکە ،هەسنێ، ببانە،هسنەکا، بارزان، هەڕەێشە، هوستان، ئاستە، بلێ، بلاژێرە).

سەبارەت بە گەرانەوەیان بۆ قوشتەپە دەڵێ :

پـاش ئـەوەی داواکارییـەکی زۆرمـان بـۆ کاربەدەسـتانی حکومـەت بـەرزکرکردەوە حکومـەت ١٩٧٨/١١/٢٤ رەمەزامەنـدی نیـشاندا گەبگەڕێنـەوە ناوچـەکانی کوردسـتان فـەرمانی سـەرۆك کۆماربوو،بـەڵام نەدەبوایـە بگەڕێنـەوە ناوچـەی بـەرزان، هـەر ماڵـە(٥٠) دیناریـان داینـێ ئۆتۆمبێلیـان بـۆ گـرتین بـۆ گواسـتنەوە. لـەمانگی ١٩٧٨/١٢ دەمـژمێر(١٢) ی شـەو گەیـشتینە ئۆردوگـای قوشـتەپە لەپاشـەخۆمان لەعەفـەك(٣) گۆڕسـتانمان لەرۆڵـەو کـەس کارەکانی خۆمان بەجێهێشت.

پاش ئەو هەموو دەردی سەرو مالوێرانیـە جـارێکی دی، نامەردانـەتر، رژێمی داخ لەدڵێ بەغدا لـە ١٩٨٣/٧/٣١ دیسان پـەلاماری داینـەوە و (٨٠٠٠) نێرینەی بارزانی بێسەروشوینکرد.

# لەیادەوەری سالْرۆژی بێسەرو شوێنکردنی بارزانیەکان
# فریشتەکان، خەونتان خۆش

ئەمرۆکە من، پەیامی سەرفرازیم بۆ سەرجەم گەلی کورد پێیە، ئەورۆکە ئەمەریکا بەبێبەشبوونی مافی رۆشنبیریو زمانەوانیو سیاسی کورد، لەهەر بستکەیەکی کوردستان، بەهەرەشەیەك دەزانی بۆ سەقامگیری دەڤەرەکەو ئاشتی لەجیهاندا، زۆر نیگەرانم بەو ئازارانەی پێمانگەیاندوون

پاش رێکەوتننامە شوومەکەی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ کەلە نێوان سەددام حوسێنو شایئێراندا واژۆکرا، بەچەند مانگێ پاش ئەو رێککەوتنامەیە،رژێمی ناوەندی بەغدا، بەپالْپشتی دەیان کۆپتەرو دەیان تانكو زرێپۆشو بەهەزاران سەربازی راهێنەر دەڤەری بارزانی گەمارۆداو پاش گرتنو رەشبگیری سەرجەم خەلْکی دەڤەرەکە کەلەژنو منالْو پیرو پەککەوتەو راگواستنیان بۆ پارێزگای دیوانیە، لەبیابانە لماویەکانی ( عەفەك) گوندەکانی بەسەریەکدا خاپوورو وێرانکردنو پرۆسەی سرینەوەی مۆرکی کوردانەی ناوچەکەی پیادە کردو سەرچاوەی ئاووکانیاوەکان تەقێندرانەوەو دەڤەرەکەکرا بەناوچەیەکی قەدەغەکراو بە تۆرێکی سەربازی بالاْ دەست خۆی لەناوچەکەدا راگەیاند. پاش تێپەربوونی زێتر لەسێ سالاْنو ژیانێکی کۆلەمەرگیو گیرۆدەبوون لەمیانەی ژیانو مردنو دوور لەهەموو پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیان، لەمانگی کانوونی یەکەمی سالْێ ١٩٧٨ بەبڕیارێکی کتوپڕ خەلْکە لێقەوماوەکەی بارزان گەڕانەوەبۆ سنووری پارێزگای هەولێرو

لەکۆمەڵ"ای قوشتەپە نیشتەنیانکردن. لەگەرمەی جەنگی عێراق- ئێراندا پاش ئەوەی زێتر لەسێ ساڵان رژێمی بەغدا لەشەرێکی خوێناوی دەستەئێخەدا بوودەگەڵ ئێرانی هاوسێدا، بەبیانووی هەماهەنگی و پێشەنگی بزاڤی رزگاریخوازی کورد لەگەڵ هێرشبەرە ئێرانیەکان لەناوچە رزگارکراوەکانەوە بۆ سەرپێگەو شوێنە ئیداریو سەربازییەکانی رژێم. رژێمی بەغدا هەرچی کەفو کوڵی درندانەو شوفێنیانەی خۆی هەبوو بەسەر بارزانییەکانی هەڵرشت.

بەماوەیەکی کەم پاش رەشبگیری بارزانییەکان سەددام حوسێن لەووتارێکی مانگی ئەیوولی ساڵێ ١٩٨٣دا، هیچ گومانێکی ئەوتۆی نەهێشتەوە لەوەی کەبەسەر بارزانیەکان هاتووە: (ئەوانەخیانەتیان لەوڵاتو خیانەتیشیان لەپەیمانکرد. بۆیە ئێمەش بەسزای توندو سەختمان گەیاندن و بۆ دۆزەخمان ناردن).

لەدەمژمێر(٣) بەرەبەیانی ١٩٨٣/٧/٣١ کەخەڵکی لەگەرمەی نووستندابوونو دونیا گشومات بوو هێمنیەکی قووڵ باڵی بەسەر کۆمەڵگای قوشتەپەدا کێشابوو ئالەو ئانوو ساتەدا سەربازە بێبەزەییەکانی دیکتاتۆریەت ،کەلەگاردی کۆماریو هێزەکانی کۆماندۆ پێکهاتبوون. کەمارۆی کۆمەڵگەی قوشتەپەیانداو وەك شارە زەردەواڵە ورووژانەناو قوشتەپەوەو زارۆڵە خنجیلانەنەکانیان لەخەونی بەرئەتکردو پیرەمێردو جحێڵەکانیان نایەژێر پۆستاڵی رەشەوەو گۆنای ئاڵی کیژۆڵە نازدارەکانیان بە رندۆکی حەسرەتان تەرکردو ئێخەی خوشكو دایکانیان تابەرۆکان دادری.

ئالەوئانو ساتە دڵرەقانەیەدا، بەزەیی خودا لەسەر ئەرز هەستا، کەفوکوڵی بێبەزەییانەی دیکتاتۆرییەت، چەمۆڵەیەکی پر شەرمەزاری بوو بۆ مرۆڤایەتی.

لەیادەوەری رەشبگیرییەکەی کۆمەڵگەی قوشتەپەدا، کەلەئاکامدا (٨) هەزار مێر منداڵو لاوو بەساڵا چووی نێرینەی بارزانیان بێسەرو شوێنکران مافی مرۆڤی لێوە دەنگ نەهاتووە تا ئەورۆکەش چارەنووسیان نادیارە.

چەندین چاوپێکەوتنمان لەکۆمەڵگای بەحرکەو شاخۆلان لەگەڵ خێزانو کەسو کاری بارزانیەکان سازداو بەم جۆرە هاتنە ئاخاوتن:—

(مەنیجە جادر یەحیا) کەدانیشتووی بەحرکەیە(١٨) کەسی ئەنفالە ووتی:

(سەعات چواری سپێدە بوو، ئێمە هەستاین بۆ نوێژی کاتێکمان زانی چواردەورەمان گیراوە زیلی عەسکەری هاتنو پیاوو منالی ئێمەیان دایە پێشەخۆو بردنیان، بوو بەگریانو هاوار ،ژن دەگریا، منالدەگریا، تەنانەت مندالۆچکەی ناوبێشکەش دەگریا، لەقوشتەپە تەنها گوێت لەگریان و هاواری عەسکەرەکان دەبوو، بەگریانو یەخە دادرینو قژڕنینەوە چووینە پێش سەبارەکان وتمان: پیاوەکانمان بۆ کوێ دەبەن؟ ئەومنالانە چ گوناهێکیان کردووە عەسکەرەکان لێمان تووڕەبوونو ووتیان یەلا.. یەلا. بەشەق لەئێمەیاندەدا.

تائێستا کەهەواڵێکیان نازانین من(١٨) کەسم بێسەرو شوێنە. مندالەکانم بەعەمەلەیی بەخێو کردن رۆژتائێوارە کاردەکەین کەس ئاوڕی لێنەداوینەتەوە.

(عێراق حاجی عبداللە محمد) خەڵکی گوندی بێرمەیەو لەکۆمەڵگای بەحرکە گیرساوەتەوەدەڵێ: هەمووومان نوستبووین دەرگاکانیان شکاندین ناو ماڵەکەیان هەمووکشکنی. ناو نوێنەکان

کۆلیتی مریشکەکان، بەردەرگاو ناوحەشوە پڕبوون لەعەسکەر هەرسێ منالّی من نەخۆش بوون، سووریکەیان بوون، ووتم: منالّەکانم نەخۆشن، خودا قەبوولّ نەکات باوکیان مەبەن، من کەسم نییە چەندێ گریامو هاوارم کرد. قژم رنینەوە هیچ سوودی نەبوو، ووتیان شتی واقەت نابێ سەریان سوورە ، واتەجامانەکانیان سورەبارزانین.

ئێمە مردووین هێندە ئیش بکەین، بەدەستەخۆ شوولّ دەکەین کەفتینە هێندە ئێش بکەین، من سێ منالّی خۆمو (٤) منالّێ برامو (٢) منالّێ خەزوورم بەسەروەن، دەبێ نانیان بۆ پەیدا بکەم. رۆژ تا ئێواری ئیش دەکیەن لۆیان بە خواردن دەدەم ، لۆری باردەکەم تەماتە دەرنم، مەفقەس بەتال دەکەم. کەس بەراستی ئاوڕی لێنەداینەتەوە هیچ حسابێان بۆ نەکردووین ئێمە نەشەهیدین نەئەنفالین. خوشکە(مریم یوسف سەلیم)

دانیشتووی کۆمەلّگای بەحرکە، (١٠) کەسی خێزانەکەی بێسەرو شوێنە.هاتە ئاخاوتنو گووتی: (ئێمە لەمالّی خۆمانبووین نوێژی سبەینێ بوو عەسکەر رۆخی مجەمەعی گرت کەس نەی دەتوانی بڕوات ئەو مالّەی حەشارگەی هەبوو خۆی لێدەشاردەوەکە عەسکەرەکان هاتنە نێو موجەمەع بوبە هەلا هەلاو لەدەرگا دانو دەرگا شکاندن لەگوێسەبانەکانەوە خۆیان فرێدەدایە حەوشەوە، هەرکێ لەمالّەوەبوایە پەلیان دەگتو فرێیان دەدانە دەرەوە پیاوو منالّەکانمان بەجلی نووستنەوە دانە پێشخۆ تەنانەت شێتیشیان دەگرت. مەلای مزگەوتەکەشیان گرت. لەکاتێکدا دەچوو بۆ مزگەوت بانگی نوێژی بەیانی بدات. بەقۆنداغە تفەنگ لە ئافرەتەکاینان دەدا. هەرەشەی کوشتنیان لێدەکرین بەبەر چاوی

خۆمانـەوە جگـەر گۆشـەکانیان بـردین، منالـێ دوانـز سـالانەمان بێسەرو شـوێنکرا کـەس رەحمـی بـەکورد نـەکردووە ئـەکوردە زۆر غـەدر لێکـراوە پێویـستە سـەرکردەکانمان خـەممان لێبخـۆن ئـاور لەمیللەتەکـەی خۆیـان بدەنـەوە. بـەدوای چارەنووسـی رۆلـەکانمان بگەڕێن ئەوانەی بێسەرو شوێنکران ئێمـە پێویـستیمان بەخـەمخۆری ئەم میللەتـە هەیـە. مـاڵ هەیـە (٦) کـوری گـیراوە مـاڵ هەیـە تاکـە زەلامێکی نـەماوە، ئێمـە ژنو بێدەسـەلاتینو بەعەمەلـەیی‌و غـەریبی رۆژگار بەرێدەکەین. بەو قرچەی گەرمایـە ژیـان بەسـە ردەبـەین داوا دەکەین ئاورێکی دڵسۆزانەمان لێبدەنەوە .

( بەرێز عەلی سام ئەیوب) دانیشتووی کۆمەڵگای شاخۆلان بـەم شـێوەیە کارەسـاتەکەی بۆگێراینـەوە: (ئـەو دەمـەی رەشبگیرییەکەی قوشتەپە بـوو مـن لەهـەولێر بـووم لـەماڵێ شـێخ عوسمان بووم کەچومە وێنـەدەرێ ووتیـان حکومـەت داوای ئێمـەی کـردووە ئێمەلەهەولێرماینـەوە. شـێخ بـەخۆی‌و چـواردە کەسـەوە بـەترومبێلی خۆیـان چـوونە کـەرکووك لەکـەرکوك موخابـەراتی تایبەت هاتن‌و رایانماڵێن بۆ بەغدا ،سـەعات دوانـزەی شـەو، شـێخ عوسمان تەلەفۆنی بۆ کردین‌و وتی :ئێمە خـەلاس ئـەنگۆ چـارەی خۆتان بکەن، گیراین. لەگەڵ شـێخ سـەباح کـوڕێ شـێخ سـولەیمان بووم، تەلەفۆنمان بۆ قوشتەپە کـرد، ووتیـان موجەمەعـەکان تـەوق کراون،هەرسـێ مـەتر ، سـێ جونـدی وەسـتاوە، بـەینی مـەتری جوندییـەك وەسـتاوە. وتیـشیان قـوەتی وەزارەتـی دیفـاع هـاتووە، بەرزان تکریتیان لەگەڵە.

وتم: شتی وا چۆن دەبێ؟

بـەکاك فرسـەتم وت ( مـدیر ئاسـایش)ی ئێـستا بابـچین بـەڵکو

عیلاجێك بكەین،بەڵكو چارەیەكی زەلامەكان بكەین بەحیساب ئێمە پیاوی حوكمەتبوین وچەكداربوین.

چوینە ئەویێ، لەوێندەر گەڕاینەوە، ( بۆئەوی كەس نەزانیێ، بارزانین جەمەدانیمان لەسەرەخۆكردەوە) وەزعەكە زۆر ئالۆز بوو، زۆر شدەت بوو، شەش هەلیكوپتەر دەسوڕأنەوە (٣) لەسەر قودس بوو(٣) لەسەر قادسیەبوو (دوو مجمع بوون لە قوشتەپە) لەوەزارەتی دیفاعەوە هاتبوون.

خوشكە(مریم عومەر رەسول) كەلە شاخۆڵان گیراساتەوە وتی: ( كوڕەكەم نە خۆخش بوو بابو مامی ووی بردبوویانیان بۆ هەولێر، بۆ چارەسەركردنی نەۆخشیەكەی شەوی رووداوەكە لەقوشتەپە مابوونەوەو بێسەرو شوێنكران من كەسم نەماوە نەماڵ ماوە نەعەیال ماوە، هیچمان نەماوە برام بەخێومان دەكات موسڵمانان خێرم پێدەكەن دەمانەویێ چارەنووسی منداڵەكانمان پیاوەكانمان دیاری بكەن.

(ئاسیا محەمەد ئەمین لەشكری) كەئەویش دانیشتووی بەحركەیە دەڵێت: تفەنگیان بەئێمەوەنا، كوڕی من لەبن قەسەلی هێنانە دەرەوە منداڵ بوو عومری چواردەساڵ بوو تاهەنوكەش چ بۆ ئێمە نەكریاوە ساڵێك پاش ئەو رەشبگیرییەی قوشتەپە كارەبایان لەسەر خەڵكەكە بڕی. نەیانهێشت ئافرەتەكان لەئۆردوگا بچنە دەرەوە تەنانەت رێگای چوونە بازاڕیشیان لیێ قەدەغەكرا. خەڵكی موسڵمان لەهەولێرو دەوروبەری شەوانە بەدزییەوە خواردنیان بۆ دەهێناین هاوكاریان دەكردین.

یەكێك لەفایلەكانی موخابەراتی سیو نۆ مەرسوومی كۆماری یەك لەدوای یەكی تێدا یە، كەلەساڵی ١٩٨٣ بەژمارە (٩٨٨تا

١٠٣٦) دەرچووەو لیستی ناوی ئەوکەسانەی تێدایە کەحوکمی مردن دراون بەهۆی کێشە تایبەتەکانەوە، ئیجا بەهۆی کێشە تایبەتەکانەوە گەلێ نووسینیان کراوەتە پاشکۆو یەك لەونووسینە دەسخەتەکان لەوە دەدوێت کە:( هیچ کام لەو کەسانەی لەسەرەوە نابراوانو حوکمی مردن دراون لای ئێمە بەندن؟ ) وەلامەکەش دیسان بەدەسخەتێك بوو کەوا لەرێکەوتی ٩ی نیسانی ١٩٨٥دا نووسراوە: (هیچ کام لەو کەسانەی لەسەرەوە ناویان هاتووە وحوکمی مردن دراون بەندی لای ئێمە نین بێجگە لەبارزانیەکان، کەلەناوچەی ئێمەدا دەژیان لەپێش گرتنیاندا.

# بەشی حەوتەم

# لە گوندو ناوچە ئەنفالکراوەکانی باشووری کوردستان

# گوندی بارزان

گوندی بـارزان سـەربەناحیەی شـێروان مەزنـە، قـەزای مێرگەسـوور، دەکەوێتە بن چیای شیرین، دەم زێـی گـەورە کەناوچـەیەکی شـاخاوی سـەختو دژوارە، پـڕە لـەدارو دارسـتان (٣) سەرچـاوەی ئـاوی کـانی تێدایە... خـەڵکی ئـەم گونـدە لەعەشـیرەتی (بـارزانین)، بەرلەنـسکۆی شۆڕشی ئەیلولی (١٩٧٥) ئەم گونـدە نزیکـەی (٢٠٠) ماڵدەبوو، کـەپتر لە(١٥٠٠) سەرخێزانی لەخۆ گرتبوو، سەرچاوەی دەرامەتی خەڵکی ئەم گوندە کشتوکاڵو ئاودێریو مەڕو ماڵات بـەخێو کردنبـوو، گونـدەکانی دەوروبەری (هوستان- رێشە- هەسنەکا- ببانە- هەسنێ- هەڤنکە- هەمدلە- ئالیان- بلێ)... مێژووی دامەزراندنی ئەم گونـدە بـۆ سـەدان سـاڵ دەگەڕێتـەوە کـە بـەدەیان پیـاوی مـەزنو شۆڕەسـواری تێـدا هەڵکەوتوون (شێخ عبدالسلام بـارزانی- شـێخ محمـد بـارزانی- شـێخ احمد بارزانی- مەلا مستەفا بارزانی.... هتد).

لەسـەرەتای سـەدەی بیـستەمەوە، چـەندین جـار ئـەم گونـدە بـەر هێـرشو پـەلاماری دوژمنـانی میللـەتی کـورد کـەوتووەو سـووتێنراوەو خـەڵکێکی زۆری لـێ شـەهیدو بێـسەروشوێنکراوە، پـاش نـسکۆی شۆڕشـیئەیلول، بەیـەکجاری ئـەم گونـدە تـەختو خـابوور کـراوەو خەڵکەکەی گواستراوەتەوە بۆ خوارووی عێراقو پاش گەڕانـەوەیان بـۆ قوشتەپە، لە٣١/٧/١٩٨٣ ئەنفالکراون.

ئەمەی خوارەوە ریزبەندی قوربانیەکانی رەشبگیریەکەی ١٩٨٣یە:

١- یاسین ابراهیم عبدالله ١٩٥٠

٢- خلیل حسن ابراهیم ١٩٢٠

٣- ملا فقی سعید ١٩٥١

٤- عارف عبدالله حکیم ١٩٦١

٥- میرخان محمد ابا بکر ١٩٢٥

٦- سەرباز سەلیم زوبیر١٩٦١

٧- سلێمان احمد عوسمان ١٩٣٥

٨- کریم ملکو احمد ١٩٢٠

٩- ابراهیم کریم ملکو ١٩٧٠

١٠- سعادکریم ملکو ١٩٧١

١١- حسین کریم ملکو ١٩٧٢

١٢-عادل حسن محمد ١٩٤٧

١٣-ولی خلیل حسن ١٩٦٧

١٤-علی خلیل حسن ١٩٦٥

١٥-نزیر احمد محمد ١٩٢٥

١٦-نیداد نزیر احمد ١٩٦٣

١٧-ایاد نزیز احمد ١٩٦٢

١٨-مصباح سلیمان عبدالسلام ١٩٦٥

١٩- صالح تاهیر عبدالله ١٩٣٨

٢٠-حسین صالح تاهیر ١٩٦٨

٢١-رهم کریم ملکو ١٩٤٢

٢٢-عبدالله رهم کریم ١٩٦٦

٢٣-خلیل تاهیر عولا ١٩١٢

٢٤-عیسی مستەفا سعید١٩١٧

٢٥-محمد عیسی مستەفا ١٩٦٥

٢٦-تەلعەت قرتاس ابابکر ١٩٣٧

٢٧–عبدالله تەلعەت قرتاس١٩٦٨

٢٨–محمد ملا درویش ١٩٥٥

٢٩–عیسى حسن شریف١٩٥٠

٣٠–عزت عیسى حسن ١٩٦٨

٣١–ابراهیم محمد تاج الدین ١٩٣٨

٣٢–على ابراهیم محمد ١٩٦٣

٣٣–صمد ابراهیم محمد١٩٥٨

٣٤–فاخر باقر عبدالله ١٩٥٢

٣٥–على اسماعیل میر خان ١٩٥٠

٣٦–حکیم ملا حسن ١٩٤٢

٣٧–احمد حکیم ملا ١٩٦٤

٣٨–کریم شریف حسن ١٩٢٠

٣٩–سلیم بهرام کریم ١٩٦٤

٤٠–وسمان داود حسین ١٩٣٩

٤١–عزیز وسمان داود ١٩٦٦

٤٢–کودرس احمد ئالى ١٩٢٨

٤٣–محمد کودرس احمد ١٩٦٧

٤٤–میرخان کودرس احمد ١٩٦٢

٤٥–احمد مام رەش شمدین ١٩٤١

٤٦–شوان احمد مام رەش ١٩٦٨

٤٧–سعید عبدالله قاسم ١٩٢٠

٤٨–عبدالله سعید عبدالله١٩٧٢

٤٩–احمد حسن محمد ١٩٣٧

٥٠–یاسین شریف حسن ١٩٧١

٥١–محمد عيسى محمد ١٩٧٠

٥٢–رەشيد بشير محمد ١٩٦٦

٥٣–احمد على ابراهيم ١٩٤٣

٥٤–تەها احمد احمد ١٩٤٨

٥٥–اسعد شريف حسن ١٩٠٢

٥٦–ياسين شهاب ملا محمود ١٩٣٧

٥٧–فهد ياسين شهاب ١٩٦٧

٥٨–تاهير صالح مستەفا ١٩٦٣

٥٩–محمد ابابكر محمد ١٩٣٣

٦٠–ابابكر فتح الله چيچو ١٩٤٠

٦١–عبدالله ابابكر فتح الله ١٩٦٩

٦٢–تەيب فتح الله چيچو ١٩٣٦

٦٣–حوسێن زياب در ١٩٢٧

٦٤– مستەفا حسين زياب ١٩٤٠

٦٥–عزيز زبير خالد ١٩٦٧

٦٦–زبير خالد زبير ١٩٤٠

٦٧–شرۆدين زبير خالد ١٩٦٦

٦٨–سەركەوت زبير خالد ١٩٧٠

٦٩–مستەفا كەريم شەريف ١٩٥٤

٧٠–محمود كريم شريف ١٩٥٦

٧١–ياسين حسين حسن ١٩٥١

٧٢–محمد نبى تحسين ١٩٥٤

٧٣–جادر على محمد ١٩٤٣

٧٤–تاهير احمد شريف ١٩٥٣

٧٥–اسعد شريف حسن ١٩٠٢

٧٦–خۆشەوی ياسين شريف ١٩٥٥

٧٧–بايزدين محمد شريف ١٩٥٢

٧٨–فرهاد حسن عبدالله ١٩٥٦

٧٩–محمد شريف حسن ١٩١٨

٨٠–حسين حسن شريف ١٩٥٥

٨١–حمد فقێ سعيد ١٩٥٣

٨٢–حسين حسن احمد ١٩٥٩

٨٣–عبدالباقی محمد حسێن ١٩٥٠

٨٤–فقێ سعيد فقێ ١٩١٩

٨٥–سعيد فقێ سعيد ١٩٤٠

٨٦–مستەفا زبێر موسی ١٩٣٩

٨٧–حسێن محمد حسن ١٩٢٩

٨٨–حجی حسين محمد ١٩٦٦

٨٩–محمدامين خان عوسمان ١٩٢٦

٩٠–علی احمد ميکائيل ١٩٤٨

٩١–ميکائيل احمد ميکائيل ١٩٥١

٩٢–خالد صالح حسێن ١٩٢٦

٩٣–شاکر خالد صالح ١٩٦٧

٩٤–شکری خالد صالح ١٩٧٠

٩٥–حسکۆ عزيز عبدالله ١٩٥٦

٩٦–زکری محمد ياسين ١٩٦٥

٩٧–حاجی سعيد مستەفا ١٩٤٧

٩٨–خالد سليمان شريف ١٩٤٩

٩٩-رسول حسن شريف ١٩٥٠

١٠٠-رشيد سعيد مستەفا ١٩٤٣

١٠١-حسن سعيد مستەفا ١٩٤٠

١٠٢-جادر حسيت سعيد ١٩٦٣

١٠٣-عزت خان محمد جم ١٩٣٥

١٠٤-عوزير احمد شريف ١٩٤٦

١٠٥-عوسمان شيخ احمد محمد ١٩٣٠

١٠٦-رەزوان عوسمان احمد ١٩٦٥

١٠٧-حسن عمر حسن ١٩٦٧

١٠٨-زێندين عبدالله عبدالرحمن ١٩٤٦

١٠٩-فرسەت محمد چيچۆ ١٩٥٩

١١٠-جلال محمد چيچۆ ١٩٤٩

١١١-بابكر عزيز على ١٩٥١

١١٢-حسين عمر احمد ١٩٤٢

١١٣-حسن عمر احمد ١٩٤٠

١١٤-درويش شريف حسن ١٩٢٥

١١٥-عبدالله محمد حسن ١٩٥٣

١١٦-حسين رشيد چيچۆ ١٩٥٥

١١٧-سعيد محمد محمدامين ١٩٥٥

١١٨-على رشيد چيچۆ ١٩٥٣

١١٩-عبدالله رشيد چيچۆ ١٩٧٠

١٢٠-عوسمان فقیٚ سعيد ١٩٥٥

١٢١-عزيز فقیٚ سعيد ١٩٤٠

١٢٢-عوسمان صالح عوسمان ١٩٦٢

١٢٣–محمود عبدالله محمود ١٩٤٢

١٢٤–اسماعيل بشير شنێ ١٩٦٣

١٢٥–محمد مستەفا زبێر ١٩٦٤

١٢٦–بشير شنێ حسن ١٩٤٦

١٢٧–عارس ابراهيم عمر

١٢٨–صادق يونس عبدالله ١٩٦٧

١٢٩–عبدالخالق زبێر موسى ١٩٤٥

١٣٠–احمد عزيز ميرخان ١٩٥١

١٣١–احمد عبدالله عبدالرحيمن ١٩٣٦

١٣٢–رەمەزان اسماعيل جمعه ١٩٦٥

١٣٣–شكرى محمد ابراهيم ١٩٦٦

١٣٤–على يونس عبدالرحمن ١٩٤٥

١٣٥–شاسوار على يونس ١٩٧٠

١٣٦–عبدالرحمن على يونس ١٩٥٣

١٣٧–محمد ابراهيم عمر ١٩٥٦

١٣٨–مهدى صديق مستەفا ١٩٦٧

١٣٩–حكيم عبدالله احمد ١٩٣٦

١٤٠–عمر تاهير عمر ١٩٦١

١٤١–صبرى مستەفا احمد ١٩٤٩

١٤٢–عوسمان مستەفا احمد ١٩٤٥

١٤٣–خۆشەوى عزيز عبدالله ١٩٦٨

١٤٤–شريف اسعد شريف ١٩٥٥

١٤٥–سليمان محمد بابكر ١٩٤٩

١٤٦–حسين صالح حسين ١٩٤٩

١٤٧–مستەفا صالح حسين ١٩٦٦

١٤٨–شێخ عمر شێخ عمر باپیر ١٩٤٥

١٤٩–رەمەزان شێخ عمر شێخ عمر ١٩٦٥

١٥٠–رشيد امين بهاوالدين ١٩٢١

١٥١–على حسن على ١٩٢٧

١٥٢–حمد عبدالله پیر ١٩٦٩

١٥٣–حسن عبدالله مل ١٩٨٧

١٥٤–عبدالوهاب حسن عبدالله ١٩٧٠

١٥٥–كمال حسن عبدالله ١٩٧٢

١٥٦–زاهير قادر زاهير ١٩٦٥

١٥٧–ملا درويش ملا ١٩٢٣

١٥٨–عبدالرحمن ملا درويش ١٩٦٠

١٥٩–سليمان ملا درويش ١٩٦٥

١٦٠–عادل ملا درويش ١٩٦٦

١٦١–محمد حسن عوسمان ١٩٣٢

١٦٢–عمر عزيز خالد ١٩٥٥

١٦٣–نعمت غزالى حسين ١٩١٨

١٦٤–عوسمان حسين عوسمان ١٩٤٠

١٦٥–على عارب على ١٩٥٧

١٦٦–حيرالله سليم سعيد ١٩٦٧

١٦٧–عارب على محمد ١٩٣٠

١٦٨–مستەفا حارس مستەفا ١٩٣٢

١٦٩–محمد حارس مستەفا ١٩٢٢

١٧٠–سعيد محمد حارس ١٩٦٤

١٧١–عمر حسن محمد ١٩٤٣

١٧٢–احمد عمر حسن ١٩٦٩

١٧٣–احمد محمد حارس ١٩٦٠

١٧٤–اسماعيل احمد شريف ١٩٤١

١٧٥–انور اسماعيل احمد ١٩٦٨

١٧٦–مل حسن عبدالله ١٩٥٧

١٧٧–صالح ملا عوسمان ١٩٢٢

١٧٨–جميل صالح ملا ١٩٦٤

١٧٩–شیرۆ رشيد عزيز ١٩٦٥

١٨٠–سعيد سليمان هادى ١٩٣٧

١٨١–محمود سعيد سليمان ١٩٦٦

١٨٢–عزيز عزيز فقىَ على ١٩٤٣

١٨٣–محمد على يونس ١٩٥٥

١٨٤–شعبان محمد حسن ابراهيم

١٨٥–رجب اسماعيل حسن ١٩٣٢

١٨٦–كريم رشيد محمد ١٩٤٧

١٨٧–يونس رشيد محمد ١٩٥٣

١٨٨–رشيد سعيد اسماعيل ١٩٥٧

١٨٩–انور مستەفا سعيد ١٩٦٤

١٩٠–بهرام كريم ملكۆ ١٩٣٨

١٩١–عزيز شكر عوسمان ١٩٤٢

١٩٢–مل چيچۆ محمد ١٩٤٧

١٩٣–موئەيد اسعد شريف ١٩٦٦

١٩٤–سليمان میرخان شيخۆ ١٩٥٤

١٩٥–خليل احمد مستەفا ١٩٥٠

١٩٦–سليمان شاكر عوسمان ١٩١٢

١٩٧–شاكر سليمان شاكر ١٩٦٤

١٩٨–رشيد كريم شريف ١٩٥٥

١٩٩–على شهاب محمود ١٩٣٠

٢٠٠–احسان على شهاب ١٩٦٦

٢٠١–نهجوان على شهاب ١٩٦٦

٢٠٢–میرخان اسماعيل میرخان ١٩٥٥

٢٠٣–شهاب على شهاب ١٩٥٥

٢٠٤–ازوەر بشیر ممد ١٩٦٥

٢٠٥–شريف شرۆ شريف ١٩٥٧

٢٠٦–عبدالستار وحيد رحو ١٩٧٠

٢٠٧–شريف اسماعيل احمد ١٩٦٥

٢٠٨–حاجى عبدالله على ١٩٣١

٢٠٩–على محمد على ١٩٣٠

٢١٠–مەلا محمود اسماعيل ١٩٤٩

٢١١–تاهیر مامەرەش شمدين ١٩٣٧

٢١٢–رعد ياسين شهاب ١٩٥٦

٢١٣–عزيز تاهیر مامەرەش ١٩٥٢

٢١٤–عزيز على سعيد ١٩٥٤

٢١٥–سليم سعيد فقێ عبدالرحمن ١٩٠٦

٢١٦–صالح على ابراهيم ١٩٢٧

٢١٧–احسان صالح على ١٩٦٤

٢١٨–ابابكر محمد ابابكر ١٩٢٦

٢١٩–محمد حمدامين عبدالله ١٩٣٩

٢٢٠–عباس عبدالله مل ١٩٤٨

٢٢١–نبی محمد شاكر ١٩٥٤

٢٢٢–يونس عبدالله عبدالرحيمن ١٩٤٥

٢٢٣–تەها عمر محمد ١٩٦٩

٢٢٤–عزيز عمر محمد ١٩٦٦

٢٢٥–بابكر كريم شريف ١٩٥٧

٢٢٦–ابابكر عمر محمد ١٩١٧

٢٢٧–محمد عبدالله ملا ١٩٣٨

٢٢٨–مرخان شيخۆ مل ١٩٢٧

# گوندی شیفکێ

گوندی شیفکێ کەوتۆتە پشت چیای شیرین لەناوچـەی بـارزان، کـە ناوچـەیەکی شـاخاوییە، کەوتۆتـە نێـوان هەردووچـیای شـیرین وچـیای موسەکان ئـەم گونـدە پـتر لـە (٣٠٠) سـاڵە لەسەردەسـتی (شـێخ داود بارزانی) بناغەی لێدراوە، بەدارو دارستانی چڕو پـڕ داپۆشـراوە، (داری بەروو–گوێز–سپێندار)، لەناو گوندتـەنها یـەك سەرچـاوەی ئـاو هەیـە، دەوروبەری گوند پڕە لەکانیاو.

لـەدۆڵی وولاتـی ژێـرە، هەشـت گونـدی لێیـە ئەمانـەن (بـاب سـیف–شـینگل – داوودکـە– ئاڤـەدوور–تـێڵ– هێـزان– بێکـول– ئـەردیل) سەرچـاوەی دەرامـەتی ئـەم گوندانـە، بەرهـەمی ئـاوی بـوون (بـرنج–گونجی –ماش ومەڕو ماڵات بەخێوکردن).

گوندی شـیفکێ سـەر بەناحیـەی شـێروانە قـەزای مێرگەسـوورە، هـیچ جادەیەکی قیر ناڕواتە ناو ئەم دۆڵە کـە (١٨ گونـدی لـەخۆ گرتـووە،

جاری یەکەم لە حەرەکەی بەعسیەکان بۆمبا بارانکراوەو سووتاوەو چەندین شەهیدو بریندای داوە.
جارێکتر سووتاوەو لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول تەختو خاپوور کراوەو خەڵکەکەی رەوانەی دیوانیە کراونو (٤) ساڵان لەخێوەتگا ژیاون.
پاشان لە ١٩٨٣/٧/٣١ هەر خەڵکی ئەوگوندە جارێکیتر ئەنفالکراونو ئەمەی لای خوارەوە ناوەکانیانە :

١-ابراهیم محمدایوب
٢- ایوب تەها ایوب
٣- قاسم تەها ایوب
٤- جادر احمد صالح
٥- صالح جادر احمد
٦- یاسین اسماعیل
٧- علی یاسین اسماعیل
٨- احمد بریندار چیچۆ
٩- حسین شێخو محمد.

## گوندی ( کەرپتی )

گوندی کەرپتی دەکەوێتە دەڤەری لای بادینان کە لەرووی ئیداریەوە سەر بە قەزای زاخۆیە لە پارێزگای دهۆك ، لەدەڤەرا سندی ئەم گوندە گوندێکی خنجیلە وجوانە وەکی هەمی گوندێت کوردستانێ بەتایبەتی کەدەکەوێتە سەر روباری قەشەنگی خاپور ، بەلاّم هەروەك ئاشکرایە لەکلتوری (حزبی بەعس) دا شتی جوان نابێ وجودی هەبێ ، بۆیە لە ئەنفالی هەشت کە هەموو دەڤەری بادینانی گرتەوە ، ئەم گوندەش

وەکی هەمی گوندەکانی تری کوردستان ، بێبەش نەبوو لەوتاوانەی سەدام و هاوکارەکانی لە چوار چێوەی تاوانی ئەنفالداکە ئەنجامیاندا لە کاتێکا دانیشتوانی گوندەکە خەڵکی مەدەنی و بێ چەك بوون و خەرێکی پەرەپێدانی ژیانی ئاسایی خۆیان بوون ، ئەمەی خوارەوەش ریزبەندی ئەو خەڵکانەن کە لەم گوندە لەتاوانی ئەنفال بێسەروشوێنکراون :

١– مشیر یوسف عوبدولرەحمان

٢ـ محەمەد یوسف سالح

٣ـ سالح یوسف سالح

٤ ـ دەروێش حاجی مراد

٥ ـ حاجی مراد فەنودۆ

٦ ـ فەخری عومەر ئبراهیم

٧ ـ محەمەد عەبدولرەحمان دەروێش

٨ ـ شەعبان عەبدولرەحمان دەرویش

٩ ـ سەعدی عەبدولرحمان دەروێش

١٠ ـ فەریق عەبدولرەحمان دەروێش

١١ ـ ئەحمەد شاکرسلێمان

١٢ ـ بەشیر ئەحمەد شاکر

١٣ـ سلێمان ئەحمەد شاکر

١٤ـ خەلیل یوسف عەبدولرەحمان

١٥ ـ نەجم ئەلدین عەبدولرەحمان یەعقوب

١٦ ـ حەسەن سالح ناسر

١٧ ـ سەعید عەبوش مستەفا

١٨ ـ حەمید عەبوش مستەفا

١٩ ـ رەشید عەبش مستەفا

٢٠ ـ تەیار عەبوش مستەفا

٢١ ـ سەلیم عەبوش مستەفا

٢٢ ـ یونس عەبوش مستەفا

٢٣ـ تەحسین عەبوش مستەفا

٢٤ ـ جانگیر عەبوش مستەفا

٢٥ـ موسلح عەبوش مستەفا

٢٦ ـ ریاح سەعید عەبوش مستەفا.

## گوندی فەقێ مستەفا

ئەم گوندە سەر بەناحیەی قادر کەرەمە، لەباکورەوە گوندی (تەپە عارەب) لەباشوورەوە گوندی (خان رۆستم ئاغا) لەخۆرهەڵاتەوە گوندی (کۆییو مەسۆیی) لەرۆژئاواوە گوندی (قولیجان ئەمین قارەمانە). ئەم گوندە (٤٥) کم لەقادر کەرەمەوە دوورە، دەکەوێتە سەر چەقی مامدانو ئاوەچی. خەڵکی ئەم گوندە سەرچاوەی دەرامەتیان کشتوکاڵو فەلاحەتیو ئاژەڵداری بووە، چوار ئاشی ئاوی تێدا هەبووە. وگوندەکانی دەوروبەری بۆ باراش سوودیان لێوەگرتووە. گوندی فەقێ مستەفا بەر لەشاڵاوی ئەنفالەکاندا (٩٠) ماڵ دەبوو، کە(٦٠٠) کەسی تێدا حەوابۆوە. لەساڵی (١٩٦١)وە بەبەردەوامی ئەم گوندە بەرشاڵاوی تۆپبارانو سووتانو کاولکاری کەوتووە، تالەمانگی چواری ١٩٨٨ بۆیەکجاری تەختو خاپوور کراو پتر لە (١٠٠) کەسی ئەنفاکراوە.لەپاش راپەڕین ئەم گوندە جارێکیتر ئاوەدان کراوەتەوەو پتر لە (٨٠) ماڵێ تێدا نیشتەجێ بووەو قوتابخانەیەکی بۆ دروست کراوەو (٤) بیری ئاو خواردنەوەش بۆ لێدراوە، لەسنوری ناحیەی قادر کەرەم لەکۆی(٨٧) گوند(١٤٨٦٣)

کەس ئەنفاکراون، گوندی فەقی مستەفا، بەر شالاوی ئەنفالی سێ کەوتووە، کەلەماوەی (٧-٢٠)ی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ خاپاندووە.
ئەمەش ریزبەندی ئەنفالەکانی گوندی فەقێ مستەفایە:-
١- ئەحمەد محەمەد باباحەسەن- لەنوگرە سەلمان رزگار بووەو پاشان مردووە.
٢- نائیلە ئیسماعیل جان بەخش.
٣- بەهجەت محەمەد باباحەسەن
٤-دلبەر ئەحمەد مەحەمەد بابا حسن ١٩٦٥
٥- دلێر کەمال ئەحمەد محەمەد ١٩٧٨
٦- هیوا کەمال ئەحمەد محەمەد ١٩٧٩
٧- ئاوات کەمال ئەحمەد محەمەد ١٩٧٥
٨- سۆران کەمال ئەحمەد محەمەد ١٩٨١
٩- خەیاڵ کەمال ئەحمەد محەمەد ١٩٨٦
١٠- بێخاڵ کەمال ئەحمەد محەمەد ١٩٨٥
١١-عزیمە عەزیز ئیسماعیل ١٩٥٥
١٢- سەدریە عەزیز حسین ١٩٥٤.
١٣- ئیلهام جمال ئەحمەد محەمەد١٩٧٥
١٤- سوهام جمال ئەحمەد محەمەد ١٩٧٧
١٥-کافیە جمال ئەحمەد محەمەد ١٩٧٨
١٦- رۆژگار جمال ئەحمەد محەمەد ١٩٨٠
١٧- هیرۆ جمال ئەحمەد محەمەد١٩٨٢
١٨- ئەیلول بەهجەت محەمەد ١٩٧٩
١٩- چالاك بەهجەت محەمەد ١٩٨٠
٢٠- گورچیە محەمەد بابا حەسەن ١٩٥٦
٢١- زیرەك بەهجەت محەمەد ١٩٨٣
٢٢- عەزیز حوسێن بابا حەسەن ١٩٢٥ لەنوگەرە سەلمان زگاربووە.

٢٣- حەسەن عەزیز حوسێن بابا حەسەن١٩٦٠

٢٤- کاروان حەسەن عەزیز حسین ١٩٨٠.

٢٥- سیروان حەسەن عەزیز حسین ١٩٨٢

٢٦- ئینجیه محەمەد باسا حەسەن ١٩٧٠.

٢٧- رەجمە عەبدولرەحمان عەزیز ١٩٢٥ لەنوگرە سەلمان رزگابوە

٢٨- زانا جەلال ئیبراهیم ١٩٨٨

٢٩- زانیار جەلال ئیبراهیم ١٩٨٩.

٣٠- جەلال ئیبراهیم ١٩٦٥

٣١- چیا بەهجەت محەمەد بابا حەسەن ١٩٨٤

٣٢- بونس حەسەن عەزیز ١٩٤٥

٣٣- جەمال عەلی سەعید ١٩٤٦

٣٤- رەحمان عەلی سەعید ١٩٤٠

٣٥- عەلی ئەحمەد حەمە شەل ١٩٣٩

٣٦- جعفر جەمال عەلی ١٩٧٥

٣٧- فەرهاد جەمال عەلی ١٩٧٩

٣٨- محەمەد جەمال عەلی ١٩٨١

٣٩- سەبریە عەزی ئیسماعیل ١٩٥٥

٤٠- قەدریە عەزیز ئیسماعیل ١٩٥١

٤١- ئالا جەمال عەلی ١٩٨٤

٤٢- فازل جمال عەلی ١٩٨٥

٤٣- پشتیوان رەحمان عەلی ١٩٧٣

٤٤- محەمەد ئەحمەد شەل ١٩٥٠

٤٥- ئەحمەد شەریف حەمە خان ١٩٧٠

٤٦- حوسێن عەبدولکەریم ١٩٤٥

٤٧- ئەحمەد عەبدولرەحمان ئەحمەد ١٩١٨

٤٨- حەسەن ئەحمەد عەبدولرەحمان ١٩٤٠

٤٩- حوسێن احمد عەبدولرەحمان ١٩٣٥

٥٠- سەلام حوسێن ئەحمەد ١٩٧٥

٥١- رەشید محەمەد ئەحمەد ١٩٧٤

٥٢- مەجید محەمەد ئەحمەد ١٩٧٦

٥٣- فەخریە فەرەج ١٩٣٥

٥٤- جەبار تاهیر عەبدولرەحمان ١٩٤٠

٥٥- جەلیل تاهیر عەبدولرەحمان ١٩٥٠

٥٦- وەردە حەسەن عەلی ١٩٥١

٥٧- عەلی مەحمود قادر ١٩٦٥

٥٨- نجمەدین مەحمود قادر ١٩٣٧

٥٩- سلێمان ئەسود کەریم ١٩٧٧

٦٠- هاوەر قادر جوهر ١٩٤٠ لەنوگرە سەلمان بەربووە

٦١- محەمەد ئیبراهیم جان بەخش ١٩٦٠

٦٢- عائیشە حوسێن بابا حەسەن ١٩٢٥

٦٣- نجمەدین کەریم جەبار ١٩٣٧

٦٤- شەفیق کەریم جەبار ١٩٥١

٦٥- بەدریە قادر ساڵح ١٩٣٠

٦٦- سەلام مەجید محەمەد ١٩٥٩

٦٧- جیران مستەفا بابا حەسەن ١٩٢٧

٦٨- حمە جان محیەدین ١٩٤٩

٦٩- مەجید شەریف حمە خان ١٩٣٥

٧٠- سەرتیپ مەجید شەریف ١٩٧٧

٧١- مەریم مەلا عەبدولکەریم ١٩٦٠

٧٢- سەروەر جەبار تاهیر ١٩٧٧

٧٣- مەریم ئەحمەد حمە خان ١٩٦٥ لەنوگرە سەلمان بەربووە.

٧٤-ئەحمەد حمەخان ١٩١٢ لەنوگرە سەلمان بەربووە.

